ڕۆمان



# حەج و عومرە

کەمال سەعدی

# حەج و عومرە

کەمال سەعدی

هەولێر - ٢٠١٩

● **حەج و عومرە**

● بابەت: رۆمان

● نووسینی: کەمال سەعدی

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: رێمان عەبدولجەبار

● نرخ: (٤٠٠٠) دینار

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە:

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٣٢٨) لەساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ

**سوورەتی (البقرة) ئایەتی(١٥٨)**

# ناوەڕۆك


بوومە بەڕێوەبەری ئۆفیس.......................................... ٥

لە فرۆکەخانەی هەولێرەوە بۆ فڕۆکەخانەی جـدە ....................... ٢٨

بەرەو شاری مەدینە بەڕێکەوتین................................... ٣١

بەرەو شاری مەککە بەڕێکەوتین................................... ٦٠

(چووینە شوێنی سەفاو مەروا)..................................... ٦٩

چوونمان بۆ کێوی عەرەفە........................................ ٩١

کێوی عەرەفە.................................................. ٩٧

گەڕانەوە بۆ شاری هەولێر........................................ ١١١

چوومە تورکیا بۆ شاری گەشتیاری ئالانیا و ئەنتالْیا................... ١١٥

چوونمان بۆ شاری ئەنتالْیای گەشتیاری............................. ١٢٨

خۆشەویستە نوێیەکەم لە دەست دا................................ ١٣١

ئەو کتێبانەی کە چاپیکردوون لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا............. ١٤٤

# (بوومە بەڕێوەبەری ئۆفیس)

دوای چەندان ساڵ خزمەتکردن، بوومە بەڕێوەبەری ئۆفیس لە شاری هەولێر. ئەو ڕۆژەی دەستبەکار بووم، سکرتێرەکە زۆر بە ساردی پێشوازی لێکردم، دواتریش کە بەریدی ڕۆژانەی بۆ هێنامە ژوورەوە، بە ڕکوکینەوە لەسەر مێزەکەی دانا، دەتووت بە خوورتی کاری پێ دەکەم.

منیش لەو دەزگایە نوێ بووم، لە کارمەندان کەسم نەدەناسی، تاکو ئەو لاببەم و کەسێکی دیکە لە شوێنی دابنێم، بۆیە ناچار بووم بەرگەی بگرم. لە دڵی خۆمدا دەموت (ڕەنگە بۆچوونێکی خراپی لەبارەی منەوە هەبێت، بۆیە کە دەمبینێت، دەموچاوی تێك دەنێت، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك خۆی بۆ نەگیرا، وتی: دەزانم خراپ لە من گەیشتووی، تۆ وا دەزانیت ڕقم لێت دەبێتەوە، وا نییە؟

وتم: ئەوە ڕاستە، چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە کە هاتوومەتە ئێرە، تۆ کە من دەبینیت، بە ساردی سڵاوم لێ وەردەگریتەوە، تەنانەت کە بەریدیشم بۆ دەهێنیتە ژوورەوە، ڕووی خۆتم لێ وەردەگێڕی. هیچی خراپم بە خۆم شك نایەت، ناشزانم بۆچی لێم بێزاری؟

وتی: من لە تۆ بێزار نیم، بەڵکو لەو کارە بێزارم، پێش ئەوەی تۆش بێیتە ئێرە، لەگەڵ بەڕێوەبەری پێشوو هەوڵمدا شوێنەکەم بگۆڕم، بەڵام بۆی نەگۆڕیم وتی (با ئەو بەڕێوەبەرەی دێتە شوێنی من بۆت بگۆڕێت).

منیش وتم: تۆ دڵنیایت لەوەی کە ئەم بێزارییەت پێوەندیی بە منەوە نییە؟

وتی: بەڵێ، تەنانەت زۆریش پێم خۆشە کە تۆ بوویتە بەڕێوەبەرمان، چونکە مامم بە باشی باسی تۆی بۆ کردووم.

وتم: مامت کێیە، من ئەو دەناسم؟

وتی: ئەندازیاری تەلارسازییە، پێشتر کاری ئازادی دەکرد، ئۆفیسەکەی لە تەنیشت ئۆفیسەکەی تۆ بوو، لە باڵاخانەی ئەسعدی لە تەنیشت مزگەوتی قیبلە خوار.

منیش وتم: ڕاست دەکەی ئەو کات منیش پارێزەر بووم، نووسینگەکەمان لە تەنیشت یەکدیی بوو. ئێستە هەردووکمان دامەزراوین، من لێرە کار دەکەم و ئەویش بەرپرسی دەزگەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە.

ئەویش وتی: شەرمم دەکرد زووتر پێت بڵێم ئەویش هەر جارێك کە دەمبینێت، دەڵێ (سڵاوم بگەیەنە بەڕێوەبەرەکەتان و لە ئەحواڵی بپرسە).

کە ئەمەی وت دڵم ئاسوودە بوو، کە ئەو کارمەندە هیچ گلەیی و گازاندەیەکی لە من نییە، بۆیە بەڵێنم پێی دا ئەگەر کەسێکی شیاوم دەستکەوت، لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕی پێ دەکەم.

ئیدیی ئەوە بوو، دوای ماوەیەك کە شارەزای کاروبارەکانی دەزگەیەکە بووم و کارمەندەکانیشم ناسین، بە جدی بیرم لە گۆڕینی سکرتێرەکەم کردەوە.

بەڕێوەبەری بەر لە من، دوو یاریدەدەری هەبوون، یەکێك لە یاریدەدەرەکانی بە هەمان فەرمانی دامەزراندنی من لەو شوێنە، ئەویش لە دەزگەیەکی دیکە وەکو بەڕێوەبەری دەزگەکە دامەزرابوو. بۆیە شوینی ئەو ڤاڵا بوو، جا کە چوومە ژوورەکەی، تەنها کارمەندێکم لە ژوورەکەی بینی، لێم پرسی: تۆ کێی و چ کارێك دەکەیت؟

وتی: دەرچووی کۆلێژم، سکرتێری یاریدەدەری بەڕێوەبەرم، بەڵام لەوەتەی ئەو گوازراوەتەوە، بێ ئیش و کار ماومەتەوە.

هەر لەو کاتەدا بیرۆکەیەك بە خەیاڵمدا هات، لە بیری خۆم وتم (من وەزیر یان سەرۆکی حکومەت نیم، تاکو دوو یاریدەدەرم هەبێت، بۆیە پێم باش بوو، ئەو پۆستە لا ببەم و بیگۆڕم بە یەکەی تۆژینەوە، هەروەسا ئاڵوگۆڕیش بەو کارمەندە بکەم لەگەڵ سکرتێرەکەم، بە مەش بە بەردێك دوو ئامانجان دەپێکم. لە لایەك بازنەیەکی زیادە لە دەزگەکە لادەبەم، لە لایەکی دیکەیشەوە یەکەیەکی پێویست لە شوێنەکەی دادەنیم، بەمەش شوین پەنجەم دیار دەبێت، وەکو بەڕێوەبەرە باوەکان نابم، کە دەچنە شوێنێك، هیچ گۆڕانکاری و داهێنانێکیان نابێت).

ڕووم تێی کرد و پێم وت: سکرتێرەکەم زۆر بێزارە لە شوێنی کارکردنی، لە یەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونم لەم دەزگەیەیە، داوای گواستنەوەی لێ کردووم بۆ بەشێکی دیکە، منیش بەڵێنم پێی داوە ئەگەر کەسێکی شیاو دەستەبەر ببێت شوێنەکانیان دەگۆڕمەوە. تۆ ڕازیت لەگەڵ من ئیش بکەیت و ببیتە سکرتێر؟

وتی: شەرەفێکی گەورەیە بۆ من، ئەگەر تۆ بە من ڕازی بیت، منیش ئامادەم کارت لەگەڵ بکەم.

کە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم، بە سکرتێرەکەم وت: جێگرەوەی تۆم دۆزییەوە، پاش کەمێکی دیکە فەرمانی ئاڵوگۆڕکردنی هەردووکتان واژۆ دەکەم.

وتی: ئەو کەسە کێیە کە ئاڵوگۆڕیم لەگەڵ پێ دەکەیت؟

وتم: سکرتێری یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشووە.

وتی: لەوەتەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشوو گواستراوەتەوە، کەس لە شوێنەکەی دەوام ناکات.

وتم: ڕاستە، نیازیشم نییە هیچ کەسێك لە شوێنی ئەو دابنێم.

وتی: کەواتە ئیشوکاری من لەوێ چی دەبێت؟

وتم: دەمەوێت ئەو ژوورە بکەمە یەکەی تۆژینەوە. تۆش لە بەرئەوەی دەرچووی بەشی کۆمەڵناسیت، بە کەسێکی شایستەی ئەو شوێنەت دەزانم، دەتکەمە بەرپرسی ئەو یەکە کارگێڕییە نوێیە.

وتی: زۆرم پێ خۆشە، بە مەرجێك لە هەمان ژوور دەوام نەکەم.

منیش وتم: بۆچی ئەو ژوورە چییەتی؟

وتی: حەز لەو ژوورە سوورە ناکەم.

کە ئەمەی وت، سەرم سوڕما، لە بەر خۆمدا وتم (زاراوەی ژووری سوور بۆ شتی ڕۆمانسی بە کار دێت، خۆ ئێرە یانەی شەوان یان شوێنی لەشفرۆشی نییە، تا مەبەستی ئەوە بێت)، بۆیە پێم وت: مەبەستت چییە لە ژوورە سوورەکە؟

وتی: ئاخر ئەو ژوورە دیوارەکانی.. تەنانەت کاشییەکان، پەردەی پەنجەرەکان، مێزەکە و قەنەفەکانیشی هەر هەمووی ڕەنگیان سوورن.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەمڕۆ منیش کاتێك سەرم بەو ئەو ژوورەدا کرد، ڕەنگی ژوورەکە و کەلوپەلەکانی ناوی زۆر سەرنجییان ڕاکێشام، بەڵام زۆر بە ئاسایی وەرم گرت، وەکو تۆ بەرانبەری هەستیار نەبووم.

وتی: سوپاسگوزارت دەبم ئەگەر ژوورەکەم بۆ بگۆڕیت.

وتم: ئەمە نابێت، تەواوی کارمەندان لە شوێنی خۆیان ئاسوودەن، نامەوێت شوێنیان لەق بکەم.

زۆر هەوڵم لەگەڵ دا بەو ژوورە ڕازی بێت، بەڵام بێ سوود بوو، پێم وت: وا پێ دەچێت تۆ شتێکی تایبەتی لەبارەی ئەو ژوورە بزانیت، بۆیە ناتەوێ لەوێندەر دابنیشیت؟

وتی: بەڵێ ئەمە وایە.

وتم: کەواتە پێم بڵێ ئەو شتە چییە، با منیش بیزانم.

وتی: دەتوانی تەلەفۆن بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشوو بکەیت و ئەو پرسیارەی لێ بکەیت، با ئەو پێت بڵێت.

که وای وت، قسەکانی زیاتر سەرنجیان ڕاکێشام، له دڵی خۆمدا وتم (تۆ بڵێی لەو ژووره دەستدرێژی نەکردبێته سەر ئەو، بۆیه نایەوێت بچێته ئەوێ، له شەرمانیش ناکارێت پێم بڵێت).

پتر پێداگیریم لێی نەکرد، چیدیی داوام لێی نەکرد نهێنی ئەو ژووره سوورەم پێ بڵێ.

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت.. پێوەندیم به یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشووەوە کرد، دوای سڵاوکردن پێم وت: سکرتێرەکەم شتێکی وا دەڵێ، بەڵام ئامادە نییه نهێنی ئەو ژووره سوورەم پێ بڵێ. دەتوانی تۆ به کورتی پێم بڵێیت ئەو شته چییه که هەردوکتان دەیزانن؟

له قاقای پێکەنینی دا، وتی: چیرۆکی ئەو ژووره سووره درێژه، با ئەو بۆت باس بکات.

منیش وتم: لێم بووەته مەراق، زۆر هەوڵم لەگەڵی داوه، پێم ناڵێت، تکایه تۆ پێم بڵێ با لەمه پتر پێوەی سەرقاڵ نەبم.

وتی: خۆت ماندوو مەکه، چۆن سەرنجی بۆ ئەو ژووره ڕاکێشاوی، با هەر خۆشی بۆت باس بکات.

که ئەمەی وت، زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، له دڵی خۆمدا وتم (دیاره هەردووکیان کارێکی ناشیاویان لەو ژووره ئەنجام داوه، بۆیه نایانەوێت بۆ منی باس بکەن) بۆیه بڕیارمدا ئەم بابەته دابخەم و جارێکی دیکه لەگەڵ کەسیان نەیکەمەوە.

سکرتێرەکەم ئافرەتێکی ڕێکوپێك و سەلار بوو، دوور بوو لەو کارە کرێتانەی بە خەیاڵمدا دەهات، بەڵام شەیتانیش لێم نەدەگەڕا، لە ناخمدا سەرنجی بۆ لای شتی خراپ ڕادەکێشام.

دەتوت سکرتێرەکەم لە ناخمدا دەژیت، ڕۆژێك پێی وتم: دەزانم ئێستە تۆ سەبارەت بە من بیرت بۆ زۆر شتانی خراپ دەچێت، با وابێت، هەر پێت ناڵێم بۆچی بەرانبەر ئەو ژوورە سوورە هەستیارم.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، لەوەتەی تۆ و یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشوو، ئەم نهێنییەم لێ دەشارنەوە، بیرم بۆ زۆر شتی خراپ دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، کە تەماشای تۆ دەکەم و بیر دەکەمەوە، تۆ لەو کەسانە نیت، لەوە ناوەشێیتەوە لەگەڵ ئەو لەو ژوورە کارێکی ناشیاوتان کردبێت.

کە وام وت، بە پێکەنینەوە وتی: دەمزانی بیرت بۆ شتی خراپ دەچێت، ئێوەی پیاوان هەر وان، هەردەم بیرتان بۆ شتی خراپ دەچێت.

منیش وتم: کە ئەوە دەزانیت، بۆچی نهێنی ئەو ژوورە سوورەم بۆ نادرکێنی، تاکو منیش بیری شتانی خراپ نەکەم.

وتی: ئەی پێم نەوتی دەتوانی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێشوو بپرسیت، ئەو ژوورەکەی سوور کردووە و مێز و قەنەفە و پەردەکانیش هەر لەسەر داوای ئەو کراون، نهێنییەکەش هەر پێوەندی بەوەوە هەیە، لێی بپرسە، با خۆی پێت بڵێت.

هەردووکیان منیان بە مەراق هێشتەوە و نهێنی ژوورە سوورەکەیان پێ نەوتم. سکرتێرەکەشم هەر سور بوو لەسەر گواستنەوەی بۆ هۆبەیەکی دیکە. جا ئەوەبوو، ئەوم گواستەوە بۆ یەکەی تۆمار و سکرتێری پێشووی یاریدەدەری بەڕێوەبەریشم هێنایە لای خۆم. هەر لەو ماوەیەشدا، حکومەت دەرگەی

دامەزراندنی کردەوە، فەرمانبەرێکی ئافرەت لای ئێمە دامەزرا و لە یەکەی تۆژینەوە دامنا.

ماوەی چەند ساڵێك بوو هاوسەرەکەم تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بوو بوو، هەر بەو هۆیەوە گرێیەکی گەورە لە قاچی هاتبوو. چەند جارێك لە شاری هەولێر و موسڵ نەشتەرگەریمان بۆی کردبوو، بەڵام تا دەهات گرێیەکەی گەورەتر دەبوو، تا وای لێهات دواجار لە شاری موسڵ نەشتەرگەریمان بۆی کرد. دکتۆر زەکەریا حەبال کە لە ژووری نەشتەرگەری هاتە دەرەوە پێی وتم (تۆزێکی دیکە نەخۆشەکەتان بەنج بەری دەدات و دێتە دەرەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو وەئاگا بێت، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، هاوسەرەکەت لە ئاکامی ئەو هەموو نەشتەرگەرییانەی کە بۆی کراوە، سروشتی گرێیەکەی، لە گرێیەکی خاوێن، گۆڕاوە بۆ گرێیەکی خراپ.

بۆیە ئێمە ناکارین هیچ چارەسەری بۆ دابنێین تاکو ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی بۆ دەرنەچێت. هەر کاتێك ئەنجامی شیکاریی گرێیەکەی لە تاقیگە گەڕایەوە ئەو کات قسەیەکمان دەبێت.

ئیدیی ئەوەبوو، دوای سێ ڕۆژ گەڕامەوە شاری موسڵ و چوومە تاقیگەی نەینەوا، بۆ لای دکتۆر بەدوور، بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینی هاوسەرەکەم.

دکتۆر بەدوور ئەنجامەکەی دامەوە و پێی وتم: ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامی پشکنینی نەخۆشەکەتانی تیایە، بیبە بۆ دکتۆری خۆتان، ئەو ئەنجامەکەتان پێ دەڵێ.

منیش وتم: دکتۆر زەکەریا کە لە ژووری نەشتەرگەری هاتە دەرەوە، پێی وتم گومانێکی زۆرم هەیە هاوسەرەکەت تووشی نەخۆشی شێرپەنجا بووبێت. دەتوانم

له زمانی خۆتەوە بزانم دوای پشکنینی پارچەیەك لە گرێی قاچی، چیتان بۆ دەرکەوتووە؟

که واموت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: خوا تەمەنی درێژبکات، بە داخەوە گرێیەکەی خراپە، هاوسەرەکەت تووشی شێرپەنجە بووە، بەڵام وێڕای ئەمەش بێ ئومێد مەبە، تەمەن بە دەستی خوایە، کەس نازانێت کەی و چۆن دەمرێت.

ئیدیی بەم شێوەیە، کاتێك گەڕاینەوە لای دکتۆر زەکەریا حەبال، ڕەنگی دەموچاوی تێك چوو، ڕووی لە من کرد، پێی وتم: بە داخەوە ئەنجامی پشکنینەکە گومانەکەی منی لە نەخۆشیەکەی هاوسەرەکەت پشتڕاست کردووەتەوە. نامەیەکتان بۆ دەنووسم، هەر ئێستە بە پەلە و بێ دواکەوتن، نەخۆشەکەتان ببە بۆ لای دکتۆر قەحتان، بۆ چارەسەری کیمیایی و تیشك.

لە خەفەتی هاوسەرەکەم، لە ناخەوە وەکو گڕکان دەسووتام، بەڵام بەسەر خۆمم نەدەهێنا. تا ئەو کاتەش هاوسەرەکەم هیچی لەبارەی نەخۆشییەکەی نەدەزانی. هەر وای دەزانی گرێیەکەی خاوێنە وەکو جارانی پێشوو، ئیدیی تا ماوەیەکی دیکە پێویستی بە نەشتەرگەری نابێتەوە.

کە چووینە لای دکتۆر قەحتان، بە ڕاشکاوی وتی: نامەیەکت دەدەمێ، بچۆ بۆ نەخۆشخانەی چارەسەری نەخۆشییەکانی **شێرپەنجە** و لەوێ چارەسەری کیمیایی و تیشك وەربگرە.

کە هاوسەرەکەم ئەمەی گوێ لێ بوو، فرمێسك تژی چاوەکانی بوون، لە ترسان، قاچەکانی زەویان نەدەگرت، وەکو دار بی بەر ڕەشەبا دەلەرزی.

بە چاوی پڕ لە ڕۆندکان ڕووی لە دکتۆر قەحتان کرد و پێی وت: دکتۆر تۆ دڵنیایت کە نەخۆشییەکەی من شێرپەنجەیە و کیمیا و تیشکم پێویستە؟

ئەویش بە سەر لەقاندنەوە وتی: کچی خۆم من وات پێ ناڵێم، ئەنجامی شیکاری نەخۆشییەکەت وامان پێ دەڵێ.

پێش ئەوەی نۆڕینگەی دکتۆر قەحتان بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە هۆتێل، هاوسەرەکەم لەگەڵ هەندێك لەو نەخۆشانە کەوتە گفتوگۆ لەبارەی نەخۆشییەکەیان.

یەکێك لە نەخۆشەکان، کچێکی گەنج و جوان بوو، لەگەڵ باوکی هاتبووە لای دکتۆر، هاوسەرەکەم پێی وت: کچەکەی تۆ چییەتی؟

باوکی کچەکە وتی: کچەکەم ماوەی چوار ساڵە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە. بۆ چارەسەر بردمانە وڵاتی هۆڵەندە، لەوێ نەشتەرگەرییان بۆی کرد، گرێی مەمکییان دەرهێنا، ماوەی شەش مانگیش لە نەخۆشخانە لەگەڵی مامەوە، چارەسەری کیمیا و تیشکیان بۆی ئەنجامدا. دوایی دکتۆرەکەی ئێمەی ڕەوانەی وڵات کردەوە وتی: نەخۆشەکەتان چاك بووەتەوە.

بەڵام ساڵێك بەسەریدا تێنەپەڕی، جارێکی دی نەخۆشییەکەی گەڕایەوە و ئێستەش هێناومە بۆ لای ئەم دکتۆرە و لە لای ئەو چارەسەری دەکەم.

کە ئەمەی وت، هاوسەرەکەم هێندەی دیکە بێ ئومێد بوو، ڕووی لە کچەکە کرد و پێی وت: کچی جوان، بۆچی پرچت ڕووتاوەتەوە؟

وتی: ئەوە دووەمین جارە پرچم دەڕووتێتەوە. جاری یەکەم کە لە هۆڵەندە چارەسەری کیمیاییان بۆ دانام، پرچم وەکو ئێستە ڕووتایەوە، بەڵام دوای تەواوبوونی چارەسەرییەکەم لە جاران جوانتر گەڕایەوە. ئێستەش وا بۆ دووەمین جار لە ئاکامی بەکارهێنانی چارەسەری کیمیایی دووبارە پرچم ڕووتایەوە. جاری یەکەم زۆر خەفەتم بۆ پرچم خوارد، وامزانی بە یەکجاری کەچەڵ بوومە، لەو بڕوایەدا نەبووم کە جارێکی دیکە وەکو خۆی لێ بێتەوە، بەڵام ستایش بۆ خوا لە جاران چڕو پڕتر بووەتەوە.

هاوسەرەکەم دەتوت فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، لە ناخەوە دەکولا، بۆیە هەر لەو ماوە کورتەی لە نۆڕینگەی دکتۆر قەحتان بووین، لە کافتریایەکی تەنیشت نۆڕینگەکە، نزیکەی نۆ بۆ دە بوتڵ میرندای ساردی خواردەوە. دوایی پێی وتم: نامەوێ خۆم بخەمە دەست ئەم دکتۆرە، ئەگەر لێم بێزار نەبووی، یەك داواکاریم لێت هەیە.

وتم: هەر داواکارییێکت هەبێت، بۆت جێبەجێ دەکەم.

وتی: با بچین بۆ شاری بەغداد، دەڵێن لەوێ دکتۆری باش‌و نەخۆشخانەی باشی لێیە.

وتم: کێشە نییە، لەجیاتی ئەوەی ئێمە بێینە ئێرە، دەچینە ئەوێ، گرینگ ئەوەیە تۆ چاك بیتەوەو بە تەندروستییێکی باش لەگەڵمان بژیت.

هەر ئەو ڕۆژە، نەگوەڕاینەوە شاری هەولێر، ڕاستەوخۆ چوین بۆ شاری بەغدادو لە هوتێل سەری ڕەش لە بەتاوین دابەزین.

دوای پشوێکی کورت، بە یەکەوە چوینە شەقامی سەعدون، سەیری ئەو شتە جوانانەمان دەکرد کە لەسەر شۆستەی شەقامەکە بۆ فرۆشتن نمایش کرابوون. ئەو شەوەمان بە گێڕانەوەی هەندێك سەربردەی کۆن‌و یادگاری خۆش بەسەر برد. بۆ ڕۆژی دواتر، دوای نانخواردنی نانی بەیانی، چوینە بازاڕی مەنسور، تاکو نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، دواییش هەر لەوێ لە ڕیستورانتێك چێشتی نیوەڕۆمان خواردو بە پاس گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

هاوسەرەکەم لە هۆتێل پشوی دا، منیش چوومە نۆڕینگەی دکتۆر عەبد عەلی بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوسەرەکەم. کە گەڕامەوە هۆتێل‌و چوومەوە ژووری خۆمان، حریتە حریت‌و پێکەنینی هاوسەرەکەم دەگەیشتە دەرەوە. لە دڵی خۆمدا وتم (هاوسەرەکەم دیارە لە خەفەتی نەخۆشییەکەی ئەقڵی لە دەست داوەو شێت بووە).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، هاوسەرەکەم پێی وتم: باش بوو زوو گەڕایتەوە، وەرە سەیری تەلەفزیۆن بکە، بزانە چی ڕوویداوە؟

وتم: چی ڕوویداوە؟

وتی: تۆزێك پێش ئێستە دوو فڕۆکە بە گشت سەرنشینەکانییەوە، لە نیو یۆرك لە ئەمریکا، خۆی بە هەردوو تاوەرەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی کێشا. سەیرکە چۆن تاوەرەکان گڕیان گرتووەو دەنگی گریانو قیژەی ئەو خەڵکەی لەناویدان ناخی مرۆڤ دەهەژێنێ.

کە سەیرم کرد، چین چین نهۆمەکانی ئەو دوو تاوەرە وەکو بەفری شاخەکان دەتوێنەوەو وەکو یاری میکانۆ بە خێرایی دادەڕمێنو دێنە خوارەوە، وتم: دیمەنێکی تراژیدییە، وەکو وتت ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت، بەڵام من تێناگەم لە جیاتی ئەوەی بۆ ئەم خەڵکە داماوە گریانت بێت، بۆچی پێ دەکەنیت؟

وتی: ئەوانە دەوامی ئاسایی خۆیان دەکرد، لە باوەڕی هیچ کەسێك دا نەبوو، کە لەناوجەرگەی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا ڕوو بە ڕووی کارەساتێکی وەها دڵتەزێن بنەوەو گیان لە دەست بدەن.

منیش وتم: مەبەستت چیە؟

وتی: ئێستە ئەگەر بەو نەخۆشیەش بمرم، هیچ خەفەت ناخۆم، چونکە لەگەڵ چارەنووس هیچ ناکرێتن ئەوەی خوا بیەوێ هەر دێتە دی.

بە هەرحاڵ، هەندێك کاتمان بە بینینی ئەو دیمەنانە بەسەر برد، دوایی بەیەکەوە چووینە نۆڕینگەی دکتۆر. کە چووینە ژوورەوە، دەتوت دکتۆر لەناو دڵمانە، بە پێکەنینەوە، ڕووی لە هاوسەرەکەم کردو پێی وت: ئەمڕۆ دیمەنی تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری بازرگانی نێودەوڵەتیت بینی، چۆن هاتنە خوارەوەو بە هەزاران کەس تیایاندا بوونە قوربانی؟

هاوسەرەکەم وەڵامی دایەوە وتی: بەڵێ ئەوکاتە لە ژووری هۆتێلەکە بووم کە تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ دیمەنەکەی بۆ بینەران دەگواستەوە.

وتی: بینیت، ئەو کەسانە بۆ دەوامی فەرمی ڕۆژانەیان لەوێ بوون، بەڵام لە ناکاو دو فڕۆکە خۆی بە تاوەرەکاندا کێشاو بەسەریدا هێنانە خوارەوە؟

هاوسەرەکەم وتی: بەڵێ وابوو.

دکتۆر وتی: کەواتە کچی خۆم تۆش هیچ خەفەت مەخۆ، ئومێدت هەبێ، چونکە کەس لە ئێمە نازانێت چۆن دەمرێت.

***

بەم شێوەیە، تا ئەو ڕۆژەی بوومە بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە، نزیکەی هەشت ساڵ یاوەری هاوسەرەکەم بووم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی. لەو ماوەیەدا چەند جارێك نەشتەرگەری بۆ کرا. دواجار لە ئێران نەشتەرگەریم بۆی کرد، نزیکەی سێ مانگ چارەسەری تیشکیی لە نەخۆشخانەی ئومێد لە شاری ورمێ بۆ کرا.

بەڵام هێندەی پێنەچوو، نەخۆشیەکەی جارێکی تر گەڕایەوەو هەر لە شاری ورمێ لە لایەن دکتۆر قەندیلی نەشتەرگەری بۆ کرا. بەڵام ئەم جارەیان شوێنی نەشتەرگەرییەکەی ڕەش هەڵگەڕاو گۆشتی قاچی بۆگەنی بوو.

دکتۆ کە ئەمەی بینی وتی: من هیچم بۆتان پێ ناکرێتن دەبێ قاچی ببڕنەوە، چونکە بەرگەی هیچ نەشتەرگەرییەکی دیکە ناگرێت.

هاوسەرەکەشم وتی: بمرم باشترە، نەوەك قاچم ببڕێتەوەو زەلیل بم.

ئێمە لەو دۆخە خراپە دا بووین، کە فەرمانی دەسبەکاربوونم بۆ دەرچوو بوو بۆ ئەم فەرمانگە نوێیە. جا کە ئەو کچە فەرمانبەرەم هێنایە لای خۆمو لە شوێنی سکرتێرەکەی پێشووم دانا، چاوم خستە سەریو لە دڵەوە خۆشم دەویست.

کچێکی جوان‌و ڕێك و پێك بوون زۆر ڕاستگۆو دەستپاك‌و بە ئابڕوو بوو، فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگەیە، لەبەر ئەو سیفەتە باشانەی سوێندیان بە سەری دەخوارد. لیچیان نە شاردمەوە کە کارێکی زۆر باشم کردووە، ئەم کچە فەرمانبەرەم هێناوەتە لای خۆم.

هەر لەو ڕۆژەی ئەوم هێنایە لای خۆم، چاوم خستە سەری‌و لە بیری خۆمدا دەموت (هاوسەرەکەم چەند مانگێکە لەسەر جێگا کەوتووەو مەحاڵە جارێکی تر بتوانێت بە تەواوەتی لەسەر قاچەکانی بووەستێ، عەیبی تیا نییە، منیش بیرێك لە حاڵی خۆم بکەمەو، لەو کچەش باشترم بە دەست ناکەوێ، ئەو بۆ من زۆر باشە، لە خانەوادەیەکی ئایینییەو خۆشی هەر چەندە بە تەمەن زۆر گەورە نییەن بەڵام کچێکی بە ویقارەو کەسایەتییێکی لێهاتووی هەیە).

ڕۆژانە کە یەکمان دەبینی، پارچە شیعرێکی لەو شیعرانەی کە داینابوون، بۆی دەخوێندمەوە. منیش گوێم لێی دەگرت و ڕۆحم تێکەڵی دێڕی شیعرەکانی دەبوون و لەگەڵیان دەتوامەوە.

ئەو دەرچووی بەشی عەرەبی بوو، بۆیە شیعرەکانیشی هەر بە زمانی عەرەبی دادەنان هەندێك جار بۆ من ئاسان نەبوو تێی بگەم. بۆیە داوام لێی دەکرد لە لام دابنیشێت و بۆم لێك بداتەوە.

ئەویش لە بەرامبەرم دادەنیشت‌و بە دەنگێکی نەرم، بۆی دەخوێندمەوەو دێڕ دێڕیش ماناکەی بۆ لێك دەدامەوەو زۆر بە جوانی بۆی شرۆڤە دەکردم.

هەموو ڕۆژێك لەگەڵ دەسپێکی دەوامدا، بەر لەوەی ئیش‌و کارم لەسەر کەڵەکە بێت، بانگم دەکردە ژوورەوەو پێم دەوت: ئەمڕۆ چ شیعرێکی نوێت داناوە؟

ئەویش لە گیرفانی چاکەتەکەی پارچە شیعرێکی نوێی دەردەهێناو وەکو ڕۆژانی پێشوو، بۆی دەخوێنمەوەو دواتریش بۆی شرۆڤە دەکردم.

ڕۆژێك لە دڵی خۆم بڕیارمدا کە ڕوو بە بەڕوو پێی بڵێم خۆشم دەوێی‌و داوای هاوسەرگیری لێ بکەم.

ئیتر ئەوە بوو، ڕۆژێك هاتە ژوورەوە، شیعرێکی نوێی بە ناوی (**دقّاتُ قَلْب**) لەناو گیرفانی دەرهێناو بۆی خوێندمەوە وتی:

**(لَو كانَ البَحْرُ يَنْطِقُ لَاسْمَعْتُكَ كَلماتُ قَلْبي**
**لَو كانَت الفَراشَةُ تَجْرَحُ لَاتْبَعْتُكَ نَظَراتي**
**لَو عَلِمْتُ بِالعُيونِ تَخْرِقُ لاخْتَرَقْتُ عالَمَك**
**هَبْ لي بِساطَ وِدِّكَ الزاجِل**
**كُنْ لي رَبيعَ عُمْري الرَّاحِل**
**بِرْ لي كما يَبرّ العاهِل**
**تَنَحَّ لي عَنْ كُلِّ ما كانَ باطِل**
**سَتَشْهَدُ اسْتِشْهادي لِحُبِّك**
**وَسَتَسْتَشْعِرُ انْعِطافي إِلَيْك**
**فَادْنُ مِنّي كَما يَدْنو الحَطَبُ مِنَ النّار**
**ادْنُ مِنّي كَما يَذوبُ الثَّلْجُ في الماء**
**وَادْنُ مِنّي كَما يَشْتاقُ الأرْضُ للأَجْسادِ وَالأرْواحُ لِلسَّماء**
**يا مَنِ اعْتَلى عَرْشَ قَلْبي وَالرُّوحُ فِداء**
**يا فارِساً لَيْسَ لِغَيْرِه شَرَفُ البَقاء**
**يا واهِبا لِنَفْسي مُنْتَهى الرَّخاء)**.

کە لە خوێندنەوەی شیعرەکەی بووەوە پێم وت: دەڵێی تۆ لەناو دڵی مندا دەژیت و ئەم پارچە شیعرەت بۆ من داناوە، من عاشقی تۆم، شەوو ڕۆژ تۆم لە خەیاڵە‌و دڵم لای تۆیە. خۆشەویستی تۆش گڕی تێبەرداوم و لە ناخەوە دەمسووتێنێ.

وتی: باشترە لە بیرم بکەیت، بێ سوودە، من و تۆ بۆ یەکتری دەست نادەین، جیاوازییێکی زۆر لە نێوان تەمەنی من و تۆ دا هەیە.

منیش وتم: بۆ دوو عاشق کەی تەمەن کێشەیە. ئەوە نییە پێغەمبەری خوا لە تەمەنی پەنجا و چوار ساڵی عائیشەی کچی ئەبوبەکری هێنا، کە تەمەنی هەشت ساڵان بوو.

وتی: ئاخر ئەو پێغەمبەری خوا بوو، خوا ویستی لەسەر بوو، کە عائیشە بهێنێ، بۆیە هاوسەرگیری لەگەڵ کرد. هەرچەندە ئەو کاتە عائیشە کچێکی زۆر منداڵ بوو، لەگەڵ منداڵانی هاو تەمەنی خۆی لە بەر دەرگە یاری دەکرد.

منیش وتم: ئەی چی بە ئیشقی یوسف و زولێخا دەڵێی؟

وتی: مەبەستت چییە؟

وتم: ڕاعێل کچی ڕماییل کە ناسراوە بە زولێخا، ژنی عەزیزی میسر، وێڕای ئەوەی زۆر لە یوسف بە تەمەنتر بوو، کەچی شێت و شەیدای دەبێت. بۆ ئەوەی پێی بگات، هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر، تەنانەت بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی بە بۆتیفاری هاوسەری بە گرتنی دەدات. دوای ئەوەی عەزیزی میسر دەمرێت، یوسفیش لە زیندان دێتە دەرەوە، شوێنی ئەو دەگرێتەوە، هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات.

کە ئەم چیرۆکەم بۆی گێڕایەوە، وتی: ئاخر ئەوەشت لەبیر نەچێت، خودا ویستی لەسەر بوو، کە ئەوان بە یەك بگەن، بۆیە کاتێك حەزرەتی یوسف بە عەبایەکەی خۆی لەشی زولێخا دادەپۆشێت، دەگەڕێتەوە هەڕەتی گەنجێتی و وەکو فریشتە بە دیار دەکەوێت.

منیش وتم: ئەوە ڕاستە، بەڵام دڵی ئاشق هەردەم گەنجە و هەرگیز پیر نابێت. بایەخ بە جەستە مەدە، کە لە بەر چاوانە، تەماشای دڵی ئاشق بکە، کە بە قەد هەموو دونیا سۆز و خۆشەویستی تیایە.

وتی: گریمان ئەوە وایە، ئەی تۆ چی بە هاوسەرەکەت دەڵێی؟

وتم: خۆشەویستی من و تۆ هیچ لە خۆشەویستی من و ئەو کەم ناکاتەوە. دڵی من وەکو کیشوەر وایە و شوێنی هەموو خۆشەویستێکی تێدا دەبێتەوە. ئەمڕۆ ئەو بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە، لە بارودۆخێکدایە ناتوانێت هەموو پێداویستییەکانم دابین بکات، بەڵام تۆ دەتوانی هاوکار بیت و بە جوانی و شۆخ و شەنگی و دڵە پڕ لە سۆزەکەت، دڵم ئاسوودە بکەیت.

وتی: با بزانم، بیری لێ دەکەمەوە، دواتر بەرسڤت دەدەمەوە.

منیش وتم: لەو ڕۆژانە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم بۆ گەشتوگوزار دەچینە سوریا، هەفتەیەکم پێ دەچێت، تا دەگەڕێمەوە تۆش خۆت یەکلایی بکەوە و وەڵامێکم بە ئا یاخۆ نا بدەوە.

وتی: سەفەرەکەت، سەفەری خێران دەبێت.

من و چەند هاوڕێیەك چەند شارێکی ئەو وڵاتە گەڕاین، چووینە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، لە لازقیە، لە شاری تەڕتووسیشدا بۆ چەند ڕۆژێك خانووێکمان بە کرێ گرت.

یەکێك لە هاوڕێکان داوای پارە کۆکردنەوەی لێکردین، بۆ کڕینی هەندێك مەشروبی وەك بیرە، شەراب و وێسکی. هاوڕێکەی دیکە بیرۆکەکەی پێ باش بوو، تەنیا من نەبێت، هەرچەندە پێشتر بیرەم دەخواردەوە، بەڵام لەو ڕۆژەی کە دڵم کەوتبووە سەر سکرتێرەکەم و بە نیازی هێنانی بووم، لە بەر خاتری ئەو، لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو، کە هیچی تر مەشروب نەخۆمەوە و دەستیش بە نوێژکردن بکەم.

ئیتر ئەوە بوو، زۆر هەوڵیان لەگەڵدام، کە بەشدارییان لەگەڵ بکەم، بەڵام بێ سوود بوو. ئەوان بەفرگرەکەیان پڕی مەشروب کرد و ڕۆژانە لەناو باخچەی

ڤێلاكە دادەنیشتن‌و بە یەكەوە مەشروبیان دەخواردەوە. منیش لەگەڵیان دادەنیشتم، تەنها زەلاتەكەم لەگەڵیان دەخوارد.

یەكێك لەو هاوڕێیانە، لەوانی دیكە زیاتر لێم نزیك بوو، هەستی بە خۆشەویستی من و سكرتێرەكەم كردبوو، ئەو دەیزانی سالآنێكی زۆرە من وازم لە نوێژكردن هێناوە و بیرەش دەخۆمەوە، بۆیە كە بەرماڵی نوێژكردنی لە ژورەكەم بینی، هەروەها كە لە فەرمانبەرانی تر زیاتر بایەخم بە سكرتێرەكەم دەدا، هەستی كردبوو كە شتێك لە نێوان هەردووكماندا هەیە. بۆیە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بكەم، تەڵەی بۆ دانامەوە و بتڵی شەرابەكەی لە بەردەمی من دانا و لە ناكاو وێنەیەكی گرتم.

هەرچەند پێم وت: ئەو وێنەیەی گرتت ڕەشی بكەوە، بەڵام ئەو ڕەشی نە كردەوە و لە دوای گەڕانەوەمان لەو گەشتە، سیدییەكی وێنەكانی لە لای سكرتێرەكەم بۆ دانابووم. هەر بە وەندە نەوەستابوو، بۆ سەرنجڕاكێشانی ئەو بۆ بوتڵە شەرابەكەی بەر دەمم، وێنەیەكی پیشان دابوو، وەك ئاماژەیەك، كە منیش مەشروب خۆرم. مەبەستی لەم كارە ئەوەبوو، كە سكرتێرەكەم لێم دوور بكەوێتەوە و هاوسەرگیریم لەگەڵدا نەكات.

ئیتر ئەوە بوو، كاتێك دەستبەكار بوومەوە، هاتە لام و لەگەڵ بەریدی ڕۆژانە، سیدییەكەی لە بەر دەمم داناو بە بێ دەنگی چووە دەرەوە.

جیاواز لە ڕۆژانی پێشوو، ئەو جارە، هیچ پارچە شیعرێكی خۆی بۆ نەخوێندمەوە، تەنانەت ڕەنگی دەموچاویشی ئاسایی نەبوو. بۆیە زانیم شتێك بووە.

بانگم كردە ژوورەوە و پێم وت: بێ تۆ ناخۆش لە سوریا لە كەنار دەریای سپی ناوەڕاستدا، كاتێكی زۆر خۆشمان بردەسەر.

وتی: دەزانم، لە دانیشتنەكەتان دیار بوو.

منیش وتم: وا پێدەچێت تەماشای ئەو وێنانەی ناو سیدییەکەت کردبێت؟

وتی: سەیرم نەدەکرد، بەڵام هاوڕێیەکەت بە مەبەست پیشانی دام.

کە ئەمەی وت، تێگەیشتم، مەبەستی وێنەی من و بوتڵە شەرابەکەیە. بۆیە وتم: لێت ناشارمەوە، پێشتر من مەشروب خۆر بوومەو لە بۆنەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانم بیرەم خواردووەتەوە، بەڵام لەوەتی تۆم خۆش دەوێت، بڕیارم داوە هیچی تر نەخۆمەوە و دەست بە نوێژیش بکەم. هاوڕێکانم زۆر هەوڵیان لەگەڵدام، کە مەشروبیان لەگەڵ بخۆمەوە، بەڵام من بەڵێنم بە خۆم دابوو، کە خیانەتت لێ نەکەم، بۆیە تەنها زەڵاتەکەم لەگەڵ خواردن. ئەو برادەرەش، کە وێنەکەی گرتووە، دیارە هەستی بە خۆشەویستی من و تۆ کردووە، بۆیە بتڵی شەرابەکەی هێنا، بەر دەمی من و بە خێرایی وێنەیەکی منی لەگەڵ بتڵەکە گرت.

کە ئەمەم وت، پێی وتم: گوێی پێ مەدە، باوەڕت پێ دەکەم.

منیش وتم: لێت ناشارمەوە، پێشتر لە هەندێك بۆنە و دانیشتنی تایبەتیدا، بیرەم دەخواردەوە، بەڵام لەوەتی تۆم خۆشویستووە، وازم هێناوە و نیازیشم نییە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەری.

ئەویش وتی: بڕیارێکی ڕاستت داوە، چونکە خواردنەوەی مەشروب لە زیان بەو لاوە هیچ سوودێکی نییە.

منیش وتم: گرینگ ئەوەیە تۆ متمانەم پێ بکەیت و هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت.

وتی: بە مەرجێك هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکەم، کە هاوسەرەکەت ڕازی بێت.

منیش وتم: بێ گومان من و ئەو بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان کردووە، بۆیە شتێکی وا ناکەم زیانی پێ بگات و دڵی بشکێت.

ئیتر بەم شێوەیە، هەر کاتێك شیعرێکی نوێی دانابایە، پیشانی منی دەدا، منیش ئەوم لە بەرامبەر خۆم دادەناو داوام لێی دەکرد بە دەنگە ناسکەکەی خۆی بۆم بخوێنێتەوە و دێڕ بە دێڕیش واتاکەم بۆ لێك بداتەوە.

هەر لەو ماوەیەشدا، بیرم لە زیارەتی مەککە و مەدینە کردەوە بۆ هێنانەوەی عومرە. لە هێنانەوەی ئەو عومرەیە، مەبەستم ڕاکێشانی سۆزی ئەو بوو بۆ لای خۆم، چونکە دەمزانی کە ئەو لە خانەوادەیەکی ئایینییە و حەز لەمە دەکات. هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیاش بێت، کە وازم لە خواردنەوەی مەشروب هێناوە و ڕووم کردووەتە خوا.

جا کە پێم وت (دەچمە مەککە و مەدینە، عومرە دێنمەوە)، زۆر دڵی خۆش بوو، پێی وتم: خۆزگە خوای گەورە وەکو تۆ، عومرەی بە نسیبی منیش کردبا.

منیش وتم: ئەگەر خانەوادەکەت ڕازی بێت هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت، بۆ مانگی هەنگوینی دەچینە ئەویٚ و بەیەکەوەش عومرە دێنینەوە.

کە ئەمەم وت، لە خۆشیان مووچڕك بە لەشیدا دەهاتن وتی: ئەگەر لەگەڵ خۆت بم بەیت بۆ ماڵی خوا، هیچم لە تۆ ناوێت، لە جیاتی خشڵ و پارە، لەسەر قورئانێك و زیارەتی ماڵی خوا، خۆم لە تۆ مارە دەکەم.

هەرچەند ساڵانێکی زۆر بوو من وازم لە نوێژ و ڕۆژی هێنابوو، ناوە ناوەش بیرەشم دەخواردەوە، بەڵام کە کەوتمە داوی خۆشەویستی ئەم کچە، دەستم بە نوێژ و ڕۆژی گرتن کردەوە و لە دڵی خۆشمدا دەموت (پێشینان بەلاش نەیانوتووە لەبەر خاتری خاتران دەچمە سەر دینی کافران)، منیش هەرچەند لەگەڵ ئایین زۆر دۆست نەبووم، بەڵام لە پێناوی خۆشەویستی و گەیشتن بەو ئافرەتە وەکو دێوانەم لیٚ هات و جارێکی دیکە نغرۆی ئایین بوومەوە.

کاتی خۆی، کە گەنج بووم، بەر لەوەی هاوسەرگیری بکەم، ئاشقی کچێکی گەڕەکەکەمان بووم، هەر بۆ ئەوەی ڕۆژی جارێك لە نزیکەوە بیبینم یان گوێم لە

دەنگی بێت، بوومە دەروێشی خەلیفە سەید مەحموود، کە تەکییەکەی لە تەنیشت ماڵی ئەوان بوو.

کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، دوای نانخواردن، بە خێرایی چاوێکم بە کتێبەکانم دەخشاندەوە و ئەرکی ڕۆژی دواترم ئامادە دەکرد و دەچوومە تەکییەکە.

خاوەنی تەکییەکەش مامۆستایەکی ئیماندار بوو، ئەویش وەکو ئێمە بە ڕۆژ دەچووە قوتابخانە و دوای نیوەڕۆش دەهاتە تەکییەکەی و لەگەڵ ئێمە دەستی بە دەفە لێدان و زیکر کردن دەکرد. دەروێشەکانی ئەو تەکییەیە، زۆرینەیان کوڕە گەنجەکانی گەڕەك بوون، هەر یەکێك لەوان بۆ مەرامی خۆی پێوەندیی بە تەکییەکەوە کردبوو.

وەکو وتم ماڵی ئەو کچەی کە خۆشم دەویست لە تەنیشت تەکییەکە بوو، ئێواران لەناو باخچەکە دادەنیشتن، سەماوەریان دادەگیرساند و چایە و چەرەزاتیان دەخوارد. منیش لە دیواری حەوشەکەیان نزیك دەکەوتمەوە و تەماشایەکی قەد و باڵاییم دەکرد. تەنانەت کە دەچوومە ژووری دەفەلێدان و زیکر کردنیش، دڵم هەر لای ئەو بوو.

گەنجێکی تریش، ماڵیان لە گەڕەکی ئیسکان بوو، دەهاتە تەکییەکە و شیعری دڵداری بۆ دەخوێندینەوە. ڕۆژێك پێموت: ئەم شیعرانەت خەیاڵین، یان بۆ خۆشەویستەکەت داتناوە؟

وتی: سەرچاوەی ئیلهامی گشت شیعرەکانم، کچێکی جوان و شۆخ و شەنگە، ماڵیان لە تەنیشت ئەم تەکییەیە.هەر بۆ ئەوەی بۆنی ئەوم بۆ بێت و گوێم لە دەنگی بێت، بوومەتە دەروێش.

ئەو دەروێشە گەنجە، نەیزانی منیش لە پێناوی خۆشەویستی هەمان کچ بوومەتە دەروێش، منیش وەکو ئەو چەندین شیعرم لەسەر قەد و باڵای هۆنیوەتەوە.

لەو چرکەیەی کە زانیم ئەویش هەمان ئەو کچەی خۆش دەوێت، کە من پێی سەرسامم، زۆر ڕقم لێی بۆوە و وام دەزانی بە ناهەق خۆشەویستەکەم لێ دەستێنێ. خۆشەویستی من بۆ ئەو کچە تاك لایەن بوو، نەم دەزانی ئایا ئەویش لە دڵەوە منی خۆش دەوێت یان نا.جا هەر کاتێك ئەو دەروێشە شیعرێکی نوێی دڵداری بۆ بخوێندبامایەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی پێی نەوتبێت و خۆشەویستییەکەیان دوو لاین نەبێت؟).

هیچی تر بەرگەی ئەو خەفەتەم نەگرت، ڕۆژێك کچەکە لە بەر دەرگەی ماڵەوەیان وەستابوو، سۆندەی ئاوی بە دەستەوە بوو، پێش دەرگەی ماڵی خۆیانی ئاوڕشێن دەکرد.

لێی نزیك کەوتمەوە و پێم وت: گەنجێك ماڵیان لە گەڕەکی ئیسکانە، هەموو ڕۆژێك دێتە ئەم تەکییەیە، کچێکی لەم گەڕەکە خۆشدەوێت و چەندین شیعری بۆ داناوە، تۆ دەیناسیت؟

وتی: من هیچ کەسێك لە گەڕەکی ئیسکان ناناسم، ئەو کەسەی من خۆشم دەوێت زۆر لێم نزیکە، بەڵام هەستم پێ ناکات.

کە ئەمەی وت، لە خۆشیان موچڕك بە لەشم دادەهاتن بە وتەکانی ئەو دڵم ئاسوودە بوو، بەڵام لە شەرمان ئارەقەم کردەوە و هیچ قسەیەکم بۆ نەهات.

بەم شێوەیە، ئەم خۆشەویستییە وەکو منداڵێکی ساوا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو دڵم گەورەتر دەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەم گەورە بوونەش، هێندەی تر شەرم دایدەگرتم و زمانم لە بەرامبەری لاڵ دەبوو.

دڵنیابووم که ئەویش منی خۆش دەوێت، بەڵام خانەوادەی هەردووکمان هێندە تێکەڵ بوون، بە ڕادەیەك وەکو خوشك و برامان لێ هاتبوو. که سەیری چاوەکانی ئەوم دەکرد، وام دەزانی ئابڕووم دەچێت ئەگەر پێی بڵێم خۆشم دەوێی.

جارێکی تر مێژوو دووبارە دەبێتەوە، خۆشەویستی وای لێکردم، دوای دابڕانێکی زۆر لە مزگەوت و تەکییە و خانەقا، لە پێناوی خۆشەویستی، جارێکی تر ڕووم تێی کردەوە.

بەڵام ئەم جارە لە جاری پێشوو جیاوازتر بوو، لە جیاتی ئەوەی ببمە دەروێش و ڕوو لە تەکییە بکەم، چوومە مەککە و مەدینە بۆ زیارەتی ماڵی خوا و هێنانەوەی عومرە.

هاوسەرەکەم کەسێکی نوێژکەر و لە خودا ترس بوو، کە بیرۆکەی چوونە عومرەم لە لای باس کرد، بڕوای نەکرد. وایزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکەم، ئەو دەیزانی من لەگەڵ حەج و عومرە دۆست نیمە، تەنانەت ڕقیشم لەو کەسانە دەبێتەوە کە لە جیاتی دروستکردنی قوتابخانە و هەتیوخانە، بە دروستکردنی مزگەوت و تەکییە و خانەقا گرتوویانە و لە جیاتی ئەوەی ئەو پارەیەی کە لە ڕێگەی حەج و عومرە خەرجی دەکەن، پێم باشترە بیدەنە هەژار و نەدار و لێقەوماوەکانی وڵاتی خۆمان.

وتی: ئەم بیرۆکەیەت لە کوێ هێنا، کەی تۆ باوەڕت بە حەج و عومرە هێنانەوە بووە؟

منیش وتم: دەزانم تۆ زۆر حەز دەکەیت بچیتە ماڵی خوا، لە بەر بەر واسیدە حەج بە بەر کەسانی وەکو تۆ ناکەوێ، بۆیە بڕیارم دا، لەگەڵ خۆم بتبەمە مەککە و مەدینە و بەیەکەوە عومرە بێنینەوە.

که وام وت، زۆر دڵی خۆش بوو، دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و وتی: خوای گەورە.. ستایشت دەکەم، کە هیدایەتی هاوسەرەکەت داوم و هێناوتە سەر ڕێگەی هەق.

ئەمەی وت و ڕووی تێکردم و وتی: ئەگەر دەزانیت تۆبەت پێ ڕاناگیرێت، پێویست ناکات تۆ خۆت ماندوو بکەیت و لە بەر خاتری من ئەو ڕێگە دوورە بگریتە بەر. من کە تەندروستیم باشتر بوو، لەگەڵ خزم و کەسوکاری خۆم دەچم.

منیش وتم: چۆن دڵم دێت لەگەڵ خەڵکی تر بتنێرم، خۆم لەگەڵت دێم و ئاگام لێت دەبێ.

بەم شێوەیە، ناوی خۆم لە کۆمپانیایەکی حەج و عومرە تۆمارکرد. دوای چەند ڕۆژێك کارمەندی کۆمپانیایەکە تەلەفۆنی بۆ کردم، پێی وتم: بەیانی دوای کاتژمێر دووی نیوەڕۆ، لە بەردەم فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ئامادەبن، کاتی ڕۆیشتنی ئێوەیە بۆ ماڵی خوا.

***

## (له فڕۆكەخانەی هەولێرەوە بۆ فڕۆكەخانەی جدە)

ئیتر ئەوە بوو، كەلوپەلەكانمان خستە ناو جانتایەكەوە و خۆمان ئامادە كرد. بەیانی ماڵئاواییمان لە منداڵەكانمان كرد و بە سواری تاكسییەك چووینە فڕۆكەخانە.

خەڵكێكی زۆر لە بەر دەرگەی فڕۆكەخانە ڕاوەستا بوون، وەكو ئێمە بە نیازی گەشتكردن بوون.

كە لێیان نزیك بوومەوە، بە زمانی توركی لە نێوان خۆیان قسەیان دەكرد. كەسێكی تیا نەبوو بە كوردی قسە بكات. زۆرم بە لاوە سەیر بوو، لە بیری خۆمدا وتم (ڕێكەوتێكی سەیرە، ئەم هەموو توركمانە لە قافڵەكەی ئێمە كۆبوونەتەوە).

بە یەكێكم وت: كێ سەرۆكی قافڵەكەمانە، تا منیش باجی خۆم و هاوسەرەكەمی لێ وەربگرم؟

بە دەست ئیشارەتی بۆ كەسێكی قەڵە و كرد، وتی: ئەم پیاوە سەرۆكی قافڵەكەمانە.

لێی نزیك بوومەوە و پێم وت: من و هاوسەرەكەم ناومان لای ئێوە تۆمار كردووە بۆ هێنانەوەی عومرە.

دوای ئەوەی سەیری لیستی ناوەكانی كرد، تكیتی فڕۆكە و باجی دایە هەردووكمان و وتی: ئێمە هەموومان بە فڕۆكەیەكی مەملەكەتی عەرەبی سعودی

دەچینە شاری جددە، لەوێشەوە بە پاس دەچینە شاری مەدینەو چەند ڕۆژێك لەوێ دەمێنینەوە بۆ زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر و گۆڕستانی بەقیع و شوێنە پیرۆزەکانی ئەوێ، لەوێشەوە هەر بە سواری پاس دەچینە شاری مەککە، بۆ زیارەتی مزگەوتی حەرام و کەعبەی پیرۆز.

منیش وتم: ئێستە ئێمە چی بکەین؟

وتی: بڕۆنە ناو فڕۆکەخانەکە، بۆ شوێنی پشکنینی جانتا و سەیرکردنی ناوەکانتانن تاکو ئێوە کارەکانتان تەواو دەکەن، ئێمەش دێینە لاتان و لە هۆڵی پێشوازیکردن، لەگەڵ ئێوە چاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەکە دەکەین.

منیش وتم: بۆچی فڕۆکەکە ئامادە نییە؟

وتی: ئەو فڕۆکەیەی کە ئێمە گەشتی پێ دەکەین، هەمان ئەو فڕۆکەیەیە کە لە سعودیە عومرەکاران دەهێنێتەوە. پاش گەیشتن و وچانێکی کورتن ئینجا دەگەڕێتەوە.

دوای کەمێك چاوەڕوانی، فڕۆکەیەکی گەورەی سعودی لە فڕۆکەخانە نیشتەوە، وەجبەی پێشتری عومرەکارانی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە. دوای وچانێکی کورت، لە بڵندگۆیەکە داوایان لە ئێمە کرد، بچینە ناو فڕۆکەکە.

نزیکەی پێنج سەد کەس دەبووین، پلیتەکانمان ژمارەی کورسی لەسەر نەبوون بۆیە هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی لەسەر کورسییەکانی فڕۆکەکە دادەنیشت. لەسەر گرتنی شوێنی باش، عومرەکاران بووە دەمەقاڵێیان، تاقمی فڕۆکەوانەکە بۆ ناوبژیکردن هاتنە نێوانیان و بارودۆخەکەیان ئاسایی کردەوە.

بەشێکی زۆری ئەو نەفەرانە، یەکەم جاریان بوو، کە بە فڕۆکە گەشت بکەن، بۆیە بە لایانەوە زۆر سەیر بوو، کاتێك فڕۆکەکە بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە. دەفەکانیان دەرهێنا و دەستیان کرد بە دەفە لێدان و نزاکردن، کە بە سەلامەتی

بگەینە جێ. هەندێکیش لە عومرەکارەکان، دەروێشی تەکییە و خانەقا بوون، دەستیان کرد بە زیکر کردن و زەرگ لەخۆدان.

دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، هەستم نەدەکرد، کە لەناو فڕۆکەدام، وام دەزانی لەناو تەکییە و خانەقادام.

هەندێکی تریش مۆبایلەکانیان دەرهێنابوو، یارییان پێی دەکرد. ناوە ناوەش کاپتنی فڕۆکەکە لە بڵند گۆیەکە پێی دەوتن کە مۆبایلەکانیان دابخەن، چونکە کار لە تۆڕی ئەلیکترۆنی ناو فڕۆکەکە دەکات و مەترسی بۆ سەر سەلامەتی هەمووان هەیە.

هەندێك لەو عومرەکارانەش هەستابوونە سەر پێ و لە نێوانی کورسییەکاندا شاییان دابەستبوو، بە دەنگی بەرز گۆرانییان دەوت.

ڕێگەی نێوان فڕۆکەخانەی هەولێر و جددە نزیکەی دوو کاتژمێر دەبوو، خۆشم نەمزانی چۆن گەیشتینە جێ. شاری جددە دووەم گەورەترین شاری مەملەکەتی عەرەبی سعودیە و دەکەوێتە سەر دەریای سوور، زۆری لێ نەماینەوە، دوای پشوویێکی کورت، بە چەند پاسێك بەرەو شاری مەدینە بەڕێ کەوتین.

## (بەرەو شاری مەدینە بەڕێکەوتین)

حاجی تەڵعەتی سەر قافلە، ئێمەی بە سەر پاسەکان دابەشکرد و بەرەو شاری مەدینە بەڕێ کەوتین. لەناو پاسەکە، حاجی تەڵعەت ڕووی تێکردین و پێی وتین: عومرەکارانی بەڕێز، ئێستە ئێمە شاری جددە بەجێ دەهێڵین و بەرەو شاری شاری مەدینەی پیرۆز بەڕێ دەکەوین. شاری مەدینە ئەو شارە پیرۆزەیە، کە مزگەوت و مەزاری پێغەمبەری خوا، محەمەد درودی خوای لێ بێت لەوێیە. هەرچەند ماڵی خوا لە شاری مەککەیە، بەڵام خەڵکی شاری مەدینە لە خەڵکی مەککە باشتر و خاوێنترن. دوای پێنج کاتژمێری تر دەگەینە ئەوێ. کە لە پاسەکە دێنە خوارەوە، بە قودرەتی خوا دڵتان خۆش دەبێت و هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەن.

حاجی تەڵعەت لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی ئەم گەشتەوە وتی: کاتێك دەگەینە شاری مەدینە، هێشتان ڕۆژ هەڵنەهاتووە، ئێمە هەموو شتێکمان بۆ ئێوە ئامادە کردووە. ئەو هوتێلەی کە بۆ ئێوەمان گرتووە، نزیکە لە مزگەوتی پێغەمبەر و چوار شەو لێی دەمێنینەوە. بۆیە لەو شوێنە هوتێلمان بۆتان گرتووە، تاکو بتوانن بە ئاسانی بچنە مزگەوت و زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا بکەن.

یەکێك لە عومرەکاران پێی وت: حاجی تەڵعەت لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژە کە لە مەدینە دەمێنینەوە، بەرنامەتان چییە بۆ ئێمە؟

حاجی تەڵعەت وتی: لەو ماوەیەدا، ئێوە ئازادن، دەتوانن زۆرینەی کاتتان لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا بە نوێژکردن بە سەر ببەن، چونکە هەر نوێژێك لە مزگەوتی پێغەمبەر خێری زیاترە لە هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر، هەروەکو پێغەمبەر فەرموویەتی: (**صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ**).

کە ئەمەی وت، سەیفەدین ناوێکمان لەگەڵ دابوو، بە پێکەنینەوە وتی: وەڵڵا شتێکی چاکە، من زۆر نوێژم ڕۆیشتوون، ئەوە بۆ من باشە، هەموو قەرزەکانم دەدەمەوە.

حاجی تەڵعەت ڕووی لە سەیفەدین کردو پێی وت، ئاخر هەر لەبەر ئەوەیە چوار ڕۆژ لە شاری مەدینە دەمێنینەوە، ئەوە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لە ماوەیەکی باش لە خزەتی مەزاری پێغەمبەر بمێنێتەوە، یانیش سوود لەو کاتانە وەربگرێت بۆ نوێژکردن‌و نزا کردن.

ئەمەی وت‌و ڕووی لە ئێمە کردەوەو وتی: داواتان لێ دەکەم ئەم هەڵە زێڕینە لە دەستی خۆتان مەدەن، تا پێتان دەکرێ، لەوێ هەر نوێژ بکەن. بەڵکو خوای گەورە بەزەیی پێتان بێتەوەو لە گوناهەکانتان خۆش بێت‌و بە بەهەشتی پان‌و بەرینی خۆی شادتان بکات.

ئەمەی وت‌و کەوتە وەسفی بەهەشت و وتی: ئەو بەهەشتە خۆشە، ئەوەی بە نسیبی بێت، لە نزیکەوە پێغەمبەری خوا دەبینێت‌و هەرچی خواردن‌و خواردنەوەی خۆش‌و بە تام هەیە تیایەتی و هەرچی ئارەزوو بکەن بە چاو تروکانێك لە بەر دەمتان ئامادە دەبێت.

سەیفەدین قسەکانی بە حاجی تەڵعەت بڕی‌و پێی وت: ڕاستە دەڵێن لە بەهەشت خواردنەوەی شەراب حەرام نییەو بە ڕووبار بە بەر دەمماندا دەڕوات؟

حاجی تەڵعەت وتی: بەڵێ ئەوە ڕاستە، ئەوانەی کە لە دونیا، لە ترسی خوا شەرابیان نەخواردۆتەوە یان وازیان لێ هێناوە، لەوێ دەتوانن بیخۆنەوە. لەوێ شەرابێکی پاکو بێگەرد وەکو ڕووبار بە بەردەمیان ڕەت دەبێت، دەتوانن بیخۆنەوەو مەلەشی تیا بکەن.

سەیفەدین ڕووی لە حاجی تەڵعەت کردو پێی وت، خۆزگە منیش وەکو ئەو خەڵکە ژنێکم بۆ خۆم بێنابوایە، تاکو لەو کەش‌و هەوا خۆشەی بەهەشت بەیەکەوە لەسەر ئەو ڕووباری شەرابە بە یەکەوە شەرابمان نۆشیبا.

حاجی تەڵعەت بە پێکەنینەوە وتی: خەفەت مەخۆ، لە بەهەشت حیساب بۆ هەموو شتێك کراوە، ئەوەی ببچێتە بەهەشت، خوای گەورە حەفتا حۆری پێ دەبەخشێت. ئەو حۆرییانە هێندە جوانن، مێشکی ناو ئێسقانەکانیان دیارە، ئەو دنکە ترێیەی کە دەیخۆن لەناو گەردەنیان دیارە. هەرجارێکیش لەگەڵیان بخەون، بە فەرمانی خوا وەکو جاران نوێ دەبنەوەو پەردەی کچێنییان بۆ دروست دەبێتەوە.

یەکێك لە عومرەکاران ڕووی لە حاجی تەڵعەت کردو پێیی وت: ئەدی ژنەکانمان چییان بەسەر دێت؟

حاجی تەڵعەت وتی: ژنەکانیشتان لەگەڵ ئەو حەفتا حۆرییە پێ دەدرێتەوە.

کە ئەمەی وت، حاجی حوسێن کەسێکی بە تەمەن بوو، لەبەر نەگونجانان، بە بێ ئەوەی تەلاقی بدات، ماوەی چەند ساڵێك بوو لە ژنەکەی جیا بووبۆوەو بە تەنیا دەژیا. بە سەرسامیەوە وتی: ئەی ئەو کەسەی لە ژیانی دونیا لە ژنی خۆی بێزار بووبێت، دەتوانێ وەری نەگرێتەوە؟

حاجی تەڵعەتی حەملەدار وتی: بە فەرمانی خوا، ژنەکانیشتان نوێ دەبنەوەو وەکو حۆریەکانی بەهەشتییان لێ دێت، بۆیە کەس دەسبەرداری ژنی خۆی نابێت لە بەهەشت.

عومرەکارێکی تر وتی: ژنەکەی من زۆر بە زەوقەن ئەو لەسەر دونیا ئاوی چۆکەکانمی وشك کردووە، جا لەو دونیا لەبەر ئەو چۆن بەرتەقای حەفتا حۆریەکەی بەهەشت دێم.

حەملەدار وتی: لەوێ هەر پیاوێك هێزی سەد ئەسپی پێ دەدرێت، نازانێ ماندووبوون چییە، وەکو وتم ئەو حۆریانەش هێندە جوانن قەت لێیان تێر نابن.

کە ئەمەی وت، درێژەی بە قسەکانی پێشووی دا وتی: کە گەیشتینە شاری مەدینە، ڕۆژی یەکەم هیچ بەرنامەیەکمان نییە، ئێوە ئازادن، چی دەکەن و بۆ کوێ دەچن. لە شاری مەدینە کەلوپەل لە هەموو شوێنێك هەرزانترە، ئەوەی دەیەوێ دیاری بۆ خزم و دۆستەکانی ببات، باشترە لەو بازاڕی ئەوێ دیارییەکان بکڕێت. ئەوانی تریش دەتوانن بۆ خۆیان بچنە مزگەوتی پێغەمبەر و لەوێ هەر نوێژ بکەن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: جا کە چوونە مزگەوتی پێغەمبەر، گۆڕی خەلیفە ئەبوبەکر و عومەری کوڕی خەتابیش لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەرە، دەتوانن سڵاویان لێ بکەن و سوورەتی فاتیحەیان لەسەر بخوێنن.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کرد و پێی وت: حاجی تەڵعەت ئەوە ڕاستە دەڵێن لەناو مزگەوتی پێغەمبەر شوێنێکی لێیە، دەڵێن ئەو شوێنە باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت؟

حاجی تەڵعەت وتی: ئەوە ڕاستە، ئەو شوێنە کەوتۆتە نێوان مینبەری مزگەوتەکە و گۆڕی پێغەمبەر. ئەو شوێنە زۆر پیرۆزە هەروەکو پێغەمبەر فەرموویەتی: (**ما بين بيتي ومنبري روضة من رياض الجنة**) واتە نێوان ماڵەکەی من و مینبەری مزگەوتەکەم، باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت. بۆیە ئەوەی نوێژ بکات، وەك ئەوە وایە کە لە باخچەکانی بەهەشت نوێژ بکات.

سەیفەدین وتی: بۆچی ماڵی پێغەمبەر لەوێ بووە؟

حاجی تەڵعەت وتی: ئەو شوێنەی کە گۆڕی پێغەمبەری لێیە، ماڵی عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر بوو، بۆیە ئەو شوێنە نێوان گۆڕی پێغەمبەرو مینبەری مزگەوتەکە زۆر پیرۆزەو ئەگەر بەیانی زوو بۆی نەچن، زەحمەتە شوێنتان لەوێ دەست کەوێت.

قسەکانی حاجی تەڵعەت زۆر خۆش بوون، بۆیە بەخۆشمان نەمانزانی ئەو ڕێگە دوورە چۆن تەواو بوو. پێش دوانزەی شەو گەیشتینە جێ، پاسەکان لە بەردەم هۆتێلێکی حەوت نهۆمی ڕایگرت، کەوتبووە بەرامبەر دەرگەی مزگەوتی پێغەمبەر.

جانتاکانمان لە پاسەکە هێنا خوارەوە، چوینە هۆڵی هۆتێلەکە، سەر قافڵەکەمان پاسپۆرتەکانی لێ وەرگرتین‌و بە سەر ژوورەکان دابەشی کردین.

من‌و هاوسەرەکەم لە یەکتری جیا کراینەوە، منیان لەگەڵ دوو پیاو لە ژوورێك داناو هاوسەرەکەشم لەگەڵ سێ ژنی تر لە ژوورێك داندران.

من هەر لە شاری هەولێرەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە ڕێککەوتبووم کە گەشتەکەمان لەگەڵ کرد، کە خۆم‌و هاوسەرەکەم لە ژوورێکی دوو نەفەری دابنێت، بۆیە چوومە لای سەرقافڵەکەو پێم وت: من لەگەڵ کۆمپانیا ڕێککەوتوومە کە خۆم‌و هاوسەرەکەم بە یەکەوە لە ژوورێکی دوو تەختە دابنێت.

کە وام پێی وت، داوای لێبوردنی لێکردم‌و وتی: ڕاست دەکەی، لە بەر ماندوبوون‌و سەر قاڵیم خۆم لە بیر کرد.

ئیتر ئەوە بوو ژوورێکی دوو قەرەوێڵەی بۆ وەرگرتین. ژوورەکەمان لە نهۆمی سێیەم بوون جانتاکانمان هەڵگرت‌و بە مەسعەد بە سەر کەوتین‌و چووینە ژوورەکەمان.

هاوسەرەکەم ئەو گەشتەی زۆر پێ خۆش بوون دەمێك بوو لە خوا دەپاڕایەوە کە گەشتێکی ماڵی خوای بە نسیب بکات، دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو

ستایشی خوای کرد که خەونەکەی بۆ هێنایە دی. هەروەها ستایشی منیشی کرد کە لەو گەشتە یاوەری بووم.

منیش لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەگەر ئەو دەزانیٚ لەبەر خاتری کێ ئەو ڕێگە دوورەم گرتۆتە بەر، ئێستە ستایشی نەدەکردمو یەك هەنگاویش لەگەڵم نەدەڕۆیشت).

بەیانی زوو، لە خەو هەستاین، دەستنوێژمان هەڵگرتو لەگەڵ عومرەکاران چووینە مزگەوتی پێغەمبەر.

مزگەوت پێغەمبەر، سەرەتا مزگەوتێکی بچووك بووە، پێغەمبەر لە تەنیشت خانووەکەی خۆی لە ساڵی یەکەمی هیجری دروستی کردووە، دواتر چەند جارێك دەسکاری کراوەو نۆژەن کراوەتەوە. لەسەردەمی پێغەمبەر تەنها سێ دەرگەی هەبووە، بەڵام دوای کۆچی دوایی ئەو چەند دەرگەیەکی تری بۆ زیاد کراوە، تا بۆتە سەد دەرگە. لە نیوانیان چەند دەرگەیەکی کۆن ماوەتەوەن لەوانە دەرگەی (**جبریل**) و دەرگەی (**الرحمة**) و (دەرگەی (**السلام**) و دەرگەی (**النساء**) و دەرگەی (**عبد المجيد**).

مزگەوتەکە بۆ یەکەمجار لەسەر ڕووبەری هەزار مەتردوو جا دروستکرابوو، دوایی چەند جارێك فراوان کراو ئێستە ڕووبەرەکەی زۆر زیاترە لەوە. دەیان گومبەتو منارەی تیایە، کە سەرەکی ترینیان ئەو گومبەتەیە کە بە ڕەنگی سەوز بۆیاخ کراوەو منبەری سەرەکیو گۆڕی پێغەمبەری لە ژێرە.

کە چوینە ناو گۆڕەپانی مزگەوتەکە، کۆمەڵێك چەتری گەورە لەسەر دینگەکان هەڵکرابوون، لە بەیانییەوە تا خۆر ئاوابوون، بە هەڵکراوی دەمانەوەو شەوانیش لە شوێنی خۆیان

دەپێچرانەوە.

یەکەم جارم بوو چەتری وا گەورە ببینم، هەر وامزانی بنمیچی مزگەوتەکەیە، بەڵام کە ڕۆژ ئاوابوو، ئەوجا زانیم کە بۆ ڕێگریکردن لە تیشکی خۆر ئەو چەترانەیان بەو شێوەیە دروستکردووە.

شوێنی نوێژکردنی ژنان لەگەڵ شوێنی پیاوان جیاواز بوو، بۆیە هاوسەرەکەم لەگەڵ ژنەکان بەرەو شوێنی نوێژکردنی ژنان ڕۆیشتو منیش چوومە شوێنی نوێژکردنی پیاوان.

بە پیاوێکم وت: دەمەوێ بچمە سەر گۆڕی پێغەمبەر، گۆڕەکەی لە کام دەرگە نزیکە؟

وتی: لە دەرگەی (**السلام**) برۆ ژوورەوەو ڕامەوەستە، ڕاست برۆ هەتا دەیگەیتێ.

ئیتر ئەوە بوو، لەو دەرگەیە چوومە ژوورەوە، خەڵکێکی زۆرم بینی، وەکو من بە دوای یەکتری ڕیز ببوون و بە ئاڕاستەی گۆڕی پێغەمبەر دەڕۆیشتن. دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، دەتوت لە ئۆرزدیباك بۆ کڕینی کەلوپەل سەرەیان گرتووە، پاڵ پاڵێنو پاڵەپەستۆیان خستبووە سەر یەکتری.

بە هەر جۆرێك بێت، لە گۆڕی پێغەمبەر نزیك بوومەوەو لە تەنیشت گۆڕەکە شوێنێك هەبوو، ئەو مافوورەی لێی ڕاخرابوو، ڕەنگەکەی جیاواز بوو لە ڕەنگی مافوورەکانی تر، دەکەوتە نێوان مینبەری مزگەوتەکەو گۆڕی پێغەمبەر، شوورەکیان بە ماددەی برۆنزو ئەلەمنیۆمی زەرد بە دەورەیدا کردبوو تاکو لە شوێنەکانی تر جیا بێتەوە.

کە تەماشایەکی مینبەرەکەم کرد، بە خەتێکی گەورەو بە ڕەنگی زەرد، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری لەسەر نووسرابوو (**مَا بَيْنَ بَيْتِي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ**).

که نووسینەکەم بینی، قسەی حاجی تەڵعەت حەملەدارم بیر کەوتەوە، که دەیوت ( ئەو کەسەی لەو شوێنە دوو ڕکات نوێژ بکات، خێرێکی گەورەی بۆ دەنووسرێتو هەر وەکو ئەوە وایە که لە بەهەشت بێت، چونکه ئەو شوێنە زۆر پیرۆزەو بە پێی فەرموودەی پێغەمبەریش باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت.

لەو شوێنە نزین کەوتمەوە، زۆر هەوڵمدا بچمە ناو شوورەکەوە، بەڵام لەبەر پاڵەپەستۆی خەڵك نەمتوانی، هەندێك چاوەڕێم کرد، کەسێك بێتە دەرەوەو بچمە شوێنەکەی، بەڵام دەتوت ئەو خەڵکە بە ڕاستی لە بەهەشتن، هێندە لێیان خۆش هاتبوو، هەندێکیان لێیان پاڵ دابۆوەو نزایان دەکرد، ئەوانی تریش نوێژ لە دوای نوێژیان دادەبەستو نەیان دەزانی بێزار بون چیە. زۆر ڕاوەستام، لە ماندوو بوونان، هەردوو قاچم دەیەشان. بۆیە داوام لەو پۆلیسە کرد کە پاسەوانی بەر دەرگەی ئەو شوێنە بوو، که شوێنێکم بۆ بکاتەوە تاکو منیش دوو ڕکات نوێژی لێ بکەم.

پۆلیسەکە وتی: ئێرە بۆ هەموو کەسێك وەکو یەك وایە، ناتوانم کەس بە زۆری لە شوێنی خۆی هەستێنم، دەبێ ئەو کەسانە خۆیان ڕەچاوی ئێوە بکەن، دوو ڕکات نوێژ بکەنو بێنە دەرەوە.

که وای وت، لە کەسێکی نزیك دەرگەکە نزیك کەوتمەوە، لە دیوی ژوورەوە لەناو باخچەکە لە نوێژکردن ببۆوەو نزای دەکرد که خوا لە گوناهەکانی خۆش بێتو بە بەهەشتی شاد بکات. پێم وت: براگیان تۆ نوێژی خۆت کردووەو لە نزاکردنیش بوویتەوە، بۆچی ڕێگەی منیش نادەیت بێمە شوێنەکەت، با منیش وەکو تۆ هەر هیچ نەبێ دوو ڕکات نوێژی لێ بکەمو نزایەکیش بکەم بەڵکو خوا لە گوناهەکانی منیش خۆش بێت.

که وام وت، بە سەرسوڕمانەوە پێی وتم: کەست بینیوە لە بەهەشت شوێنی خۆی بداتە کەسێکی تر، تا من شوینی خۆم بدەمە تۆ؟!

منیش وتم: خۆ ئێره بەهەشتی ڕاستەقینە نییە، تا وا بڵێی؟

وتی: جیاوازییان چییە، ئەی ئەوە نییەپێغەمبەر فەرموویەتی نێوان منو مینبەری مزگەوتەکەم، باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت؟

کە وای وت، هیچی تر لەگەڵی پیا نەچووم، داوام لە کەسێکی تریش نەکرد، شوێنی خۆیم بداتێ. ویستم بچمە سەر گۆڕی پێغەمبەر، پیاوێکی پیر لەناو ئاپۆڕەی ئەو خەڵکەدا، لەناو باخچەکە، ڕووی تێکردم، وتی: لە شوێنی خۆت ڕاوەستە، بۆ هیچ شوێنێك مەچوو، ئێستە من دێمە دەرەوە، تۆ وەرە شوێنی من.

کە ئەمەی وت، زۆر دڵم خۆش بوو، لە دڵی خۆم وتم (نە مردم، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، هەر باشە بچمە ناو باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت، بەڵکو نزا بکەم خوا مرازم بێنێتە دیو ئەو کچەم بە نسیب بکات کە خۆشم دەوێ).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، پیاوەکە هاتە دەرەوەو پێی وتم: زووکە خۆت بگەیەنە شوێنەکەی من تاکو نەگیراوە. هێشتان قاچەکانم لە دەرگەکە ئاودیو نەکردبوو، دوو کەس بە جارێك خۆیان تێی پەستاو بە پاڵە پەستۆ چوونە ژوورەوە. منیش ناچاربووم بگەڕێمە دواوەو بەرەو سەر گۆڕی پێغەمبەر ڕۆیشتم.

دەتوت ئەو خەڵکە دونیایان نەبینیوە، دەستیان بە محەجەری ئەو ژوورەوە گرتبوو کە گۆڕی پێغەمبەری لێ بوو، بەریان نە دەدا، پۆلیسە پاسەوانەکە بە زۆری دووری خستنەوەو داوای لێ کردن کە ڕێگەی ئەو خەڵکە بدەن سەیری گۆڕەکە بکەنو فاتیحە بخوێنن.

منیش مۆبایلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، ویستم لە دوورەوە وێنەیەکی سێڵفی لەگەڵ بگرم، پۆلیسەکە بە دەنگی بەرز وتی: وێنە گرتن قەدەغەیە، تەنها بۆتان هەیە تەماشای بکەن. هەروەها ڕووی لەو کەسانە کرد کە محەجەرەکەیان ماچ دەکرد، پێی وتن: ئەو ئاسنە پیرۆز نییە، ماچی مەکەن، پێویست ناکات داوای

شەفاعەتیش لە پێغەمبەر بکەن، ئەو مردووە، هیچی بۆ ئێوە پێ ناکرێت. ڕوو لە خوا بکەن‌و لەو بپاڕێنەوە باشترە، تەنها سڵاوی لێ بکەن‌و فاتیحەی بۆ بخوێنن.

ئیتر ئەوە بوو، بە قسەی ئەو پۆلیسەم کرد، لە محەجەرە ئاسنەکە نزیک نەکەوتمەوە. هەر لە دوورەوە تەماشای گۆڕی پێغەمبەرو هەردوو خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب و ئەبو بەکر کرد کە لە تەنیشت ئەو نێژرابوون، فاتیحەم بۆ خوێندن‌و چوومە دەرەو.

لە بەر دەرگە تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەم کردو پێم وت: لە کوێی؟

وتی: لە نزیك گومبەتە سەوزەکەی سەر گۆڕی پێغەمبەر وەستاوم.

وتم: لە شوێنی خۆت مەجووڵێ، ئێستە دێمە لاتو دەگەڕێینەو هۆتێل.

کە چوومە لای، بینیم چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون هەندەی بگرییێت.

منیش وتم: بۆچی گریاوی، شتێکی خراپ ڕووی نەداوە؟

بە چاوی فرمێسکەوە وتی: ویستم بچمە سەر گۆڕی پێغەمبەر، لە بەر پاڵە پەستۆی ژنەکان کەوتمە سەر زەوی‌و کەوتمە ژێر قاچی ژنێکی قولە ڕەش، دەتوت ئاژەڵە هیچ سەیری بەر دەمی خۆی نەدەکرد.

منیش وتم: ئەی چۆن ڕزگارت بوو؟

وتی: خوا خێری ژنەکانی تر بنووسێ کە لە تەنیشتم بوون، بە سێ ژنان پاڵیان پێوە نا، ئەوجا توانیان لەسەر منی لاببەن‌و لە ژێر قاچەکانی دەرم بێنن.

منیش وتم: ئەی بۆچی لێرە ڕاوەستاویت‌و بە تەمای چی؟

وتی: دەڵێن گۆڕی پێغەمبەر لە ژێر ئەم گومبەتە سەوزە دایە، هاتوومە هانام بۆی هێناوەو لێی دەپاڕێمەوە، تا گوێم لێ بگرێت‌و داوای شەفاعەتی لێ دەکەم.

منیش وتم: ڕاستە ئەو گۆڕەکەی لە ژێر ئەم گومبەتەوەیە، بەڵام دوعاکردن و پاڕانەوە لێی بێ سوودە، پاسەوانی سەر گۆڕەکە پێی وتین (پێغەمبەر مردووەو

ناتوانێ هیچتان بۆ بکات، داوای شەفاعەت لە خوا بکەن نەك ئەو، چونکە ئەویش وەکو ئێوە چاوی لە شەفاعەتی خودایە).

کە ئەمەم پێی وت، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:تۆ چوویتە سەر گۆڕەکەی بۆیە وام پێ دەڵێی، بەڵام من ئەم ڕێگە دوورەم بڕیوەو هاتوومەتە ئێرە، کەچی نەمتوانی لە دوورەوەش چاوم بە گۆڕەکەی بکەوێت.

هاوسەرەکەم لە خەفەتان زۆر دڵی پەست بوو، وتی: ئەگەر دەمزانی لێرەش هەموو شتێك هەر بۆ پیاوە، قەت لەگەڵت نەدەهاتم، ئێوەی پیاوان هەرچی بتانەوێ بۆتان دەبێ، تەنیا ئێمەی ژن نەبێت، لەم شوێنە پیرۆزەش لە هەموو شتێك بێبەشین.

منیش دڵم دایەوەو پێم وت: خەفەت مەخۆن ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە هاتوینەتە شاری مەدینە، جارێ سێ ڕۆژی ترمان لە پێش ماوە، ئەگەر خوا بە نسیبت بکات، تۆش چاوت پێی دەکەوێت. ئەگەر هەر نەشت بینی، زۆر گرینگ نییە، کە چووینە ماڵی خوا لە مەککە، کە چاوت بە کەعبە بکەوێت، هەموو شتێکت لە بیر دەچێتەوە.

ئیتر بەم شێوەیە گەڕاینەوە هۆتێلو تا نزیکی نیوەڕۆ پشوومان دا، دواییش جارێکی تر گەڕاینەوە مزگەوتەکەو نوێژی نیوەڕۆمان لێی کرد.

ئەوەندە ڕۆژەی لە مەدینە بووین، من تەنها کاتی نوێژکردن دەچوومە مزگەوتن بەڵام هاوسەرەکەم تەنها بۆ خەوتن دەگەڕایەوە هۆتێلو زۆرینەی کاتەکان لەوێ دەمایەوە دەیوت ٠ هەر نوێژێکی ئێرە بە هەزار نوێژ هەژمار دەکرێت، بۆیە بۆخۆم ئەم دەرفەتە لە دەستی خۆم نادەم و هەر نوێژ دەکەم).

ڕۆژی دواتر، خۆمو هاوسەرەکەم چووینە گۆڕستانی بەقیع. ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە تەنیشت مزگەوتی پێغەمبەر، ڕووبەرەکەی نزیکەی سەدو هەشتا هەزار مەتری دوو جا دەبێت، هەزاران گۆڕی تیایە، تەرمی دانیشتوانی شاری مەدینەو

سەحابەکانی پێغەمبەرو هاوسەرەکانی پێغەمبەر جگە لە خەدیجەو مەیموونە، هەروەها گۆڕی فاتیمەی کچی‌و ئیبراهیمی کوڕی تیتیە. جگە لە مانەش گۆڕی سێیەمین خەلیفەی موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەفانی تیتیە.

لە ڕاستیدا خەلیفە عوسمان پێش مردنی پارچە زەوییێکی لە نزیك بەقیع بۆ خۆی کڕی‌و دوای مردنی تیایدا نێژرا. بەڵام دوای فراوانکردنی گۆڕستانەکە، لە لایەن مەعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان، کە یەکەمین خەلیفەی ئەمەویەکان بوون بە مەبەستی ڕێزلێنان لە خەلیفە عوسمان، گۆڕەکەی خستە سەر گۆڕستانی بەقیع.

جا ئەوەبوو، کە چووینە بەردەم گۆڕستانەکە، هێشتان دەرگەکەی نەکرابۆوە، هاوسەرەکەم ڕۆیشتە ناو ئاپۆڕەی ژنە ئێرانییەکان، کە بۆ زیارەتی بەقیع هاتبوون. منیش خۆم خزاندە نێو پیاوەکان‌و چاوەڕێی کردنەوەی دەرگەکەم دەکرد.

کە دەرگەکەیان کردەوە، وەکو ڕۆژی حەشری لێهات، کەس بە کەس نەبوو، یەك یەکی پاڵ دەدا، ئەگەر زۆر وریا نەبوومایە، دەکەوتمە ژێر قاچی عومرەکارانەوە.

بە هەر حاڵ، چوومە ژوورەوە، دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، بە هەزاران کۆتری جوان‌و قەشەنگ لەسەر گۆڕەکان بوون، کە لێیان نزیك دەبووینەوە، لە شەقەی باڵیان دەداو دەفڕین. منیش ڕووم لە یەکێك لە عومرەکاران کردو پێم وت: ئەم کۆترانە چین، چی دەکەن لێرە؟

وتی: منیش یەکەم جارە شتی وا ببینم، بەڵام وا پێدەچێت ئەوانە ڕۆحی ئەو مردووانە بن کە لەم گۆڕستانە نێژراون، بۆ پێشوازیکردن لە ئێمە لە شێوەی کۆتر خۆیان بە دەر دەخەن. هەرچەندە ئەم قسەیەم نەچووە ئەقڵەوە، بەڵام نەشم

دەزانی ئەم هەزاران کۆترە لە کوێوە هاتوون و چی دەکەن لەوێ، بۆیە بە چاودێری گۆڕستانەکەم وت: ئەم کۆترانە لە کوێوە هاتوونو لێرە چی دەکەن؟

وتی: ئەو خەڵکەی دێتە زیارەتی ئەم گۆڕستانە، لە بەر دەرگە هەندێك گەنم دەکڕێتو ایرە بۆیان ڕوو دەکات، جا کۆتری زۆرینەی شوێنەکان ڕوو لێرە دەکەن.

عومرەکارە ئێرانییەکان تورەگەیان بە دەستەوە بوو، خۆڵو خاشاکی سەر گۆڕی هاوسەرەکانی پێغەمبەرو ئیبراهیمی کوڕیو گۆڕەکانی تریان دەخستە ناوی.

چاودێری گۆڕستانەکەش دەنگی لەسەر بەرز دەکردنەوەو پێی دەوتن: واز بێنن لە بردنی ئەم خۆڵو خاشاکە، ئێمە هەر پێمان دەکرێ ساڵانە خۆڵی تێ بکەینەوەو ئێوەش دەیبەن. بۆچی وا دەکەن، ئیتر ئەوانە مردوونو ئەم خۆڵەش وەکو هەر خۆڵێکی ترەو پیرۆز نییە.

بەڵام عومرەکارە ئێرانییەکان هیچ گوێیان بە قسەی ئەو چاودێرانە نە دەداو بەردەوام بوون لە بردنی خۆڵی سەر گۆڕەکان.

بە هەر حاڵ، نزیکەی کاتژمێرێك لەسەر گۆڕستانەکە مامەوەو دوایی هاتمە دەرەوەو تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەم کردو یەکتریمان بینییەوە.

هاوسەرەکەم هەر پرتەو بۆڵەی بوو، لەبەر خۆی نەفرەتی لە ژنە عومرەکارە ئێرانییەکان و ژنە ئەفریقییەکان دەکرد. منیش وتم: ئەوە چیتە، ئەمڕۆ بەو ژنە ئێرانیو ئەفریقییانەت گرتووە؟

وتی: ئەوانە مرۆڤ نین، دەڵێی وەحشینو قەت دونیایان نەبینیوە.

منیش وتم: چی بووە، چیان لێ کردوویت وا لێیان تورە بوویت؟

وتی: زۆر حەزم دەکرد، دەستم بگاتە ئاسنی محەجەرەی گۆڕستانەکەو تەماشایەکی گۆڕەکانی بەقیعم بکردبا. بەڵام لە بەر پاڵەپەستۆی عومرەکارە

ئێرانییەکان و ئەفریقییەکان نەمتوانیو کەوتمە ژێر قاچیان. خوا خێری ژنەکانی خۆمان بنووسێت لە ژێر قاچەکانی ئەوان دەریان هێنام، ئەگینا دەیانکوشتم.

منیش دەڵم داوەو پێم وت: هیچ خەفەت مەخۆ، ئەو گۆڕستانە شتێکی وەهای تیا نییە کە جیاوازبێت لە گۆڕستانەکانی لای خۆمان. جگە لە گۆڕی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان، هیچ یەکێك لەو گۆڕانە تەنانەت کێلیشیان نەبوو. هەموویان بێ ناو بوون، گۆڕستانەکە لەناوەوە دەتوت گۆڕەپانی یاری کردنە، لە جیاتی کێل دوو بەردی بچکۆلانە لەسەر هەر گۆڕێك لە گۆڕەکان داندرابوون.

وتی: زۆر حەزم لێ بوو بچمە سەر گۆڕی حەزرەتی عائیشەو هاوسەرەکانی تری پێغەمبەرو نزا بکەم.

منیش وتم: جگە لە گۆڕی عوسمانی کوڕی عەفانو ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر، منیش نەمتوانی گۆڕی هیچ یەکێك لە ئەوانی تر بناسمەوە، چونکە زۆرینەی گۆڕەکانی لەگەڵ ڕووی زەوی ببوون بە یەك. تەنانەت گۆڕی هاوسەرەکانی پێغەمبەر و کوڕەکەشی گومان لە ڕاستیو دروستی شوێنەکەیان هەبوو، شوێنەوارناسەکان گومانییان لە شوێنی ئەو گۆڕانە هەیە.

وتی: ئەی وایە دەڵێن ئەو مردووانە لە شێوەی کۆتر دێنە سەر گۆڕەکانو پێشوازی لە میوانەکان دەکەن؟

منیش وتم: نەخێر وانییە، ئەوانە کۆتری ڕاستەقینەنو هیچ پەیوەندییێکیان بە ڕۆحی مردووەکانی بەقیعەوە نییە، ئەو خەڵکەی دەچێتە سەر ئەو گۆڕانە، دانەوێڵەیان بۆ ڕوو دەکەن، بۆیە کۆترەکانی ئەو دەوروبەرەش ڕوو لەوێ دەکەن بۆ دانەوێڵە خواردن.

کە ئەمەم وت، دڵی ئاسوودە بوو، بە یەکەوە بەرەو هۆتێلەکەمان گەڕاینەوە.

هەندێك پشوومان دا، دوای تۆزێك حەملەدارەكەمان هاتە لامان‌و پێی ڕاگەیاندین كە سەعات نۆ بە پاس دەمانبەن بۆ زیارەتی مزگەوتی (قبلتین) و (قباء) و سەر گۆڕی شەهیدانی شەڕی ئوحدو هەندێك شوێنی تر.

ئیتر ئەوەبوو، خۆمان ئامادە كرد، دوای نانخواردنی بەیانی، لەگەڵ عومرەكارانی تر لە بەر دەرگەی هۆتێلەكە كۆ بووینەوەو چاوەڕێی هاتنی پاسەكانمان دەكرد.

سەعات نۆ، هەندێك پاس لە بەردەم هۆتێلەكەمان ڕاوەستان، حەملەدارەكەمان پێی وتین: بە ئارەزووی خۆتان سواری یەكێك لەو پاسانەبن، بە ڕێ دەكەوین، سەرەتا دەچین بۆ شوێنی شەڕی یەرمووك، دواتی دەچینە لای شاخی ئوحدو سەر گۆڕی شەهیدانی شەڕی ئوحود. لە گەڕانەوەشدا دەچینە هەردوو مزگەوتی (قبلتین) و (قباء).

دوای تۆزێك بەڕێ كەوتین، لە ڕێگە خەملەدارەكەمان پێی وتین: ئێستە ئێمە دەچینە ئەو شوێنەی لە پانزەی شەووالی ساڵی سێیەمی كۆچی‌بەرامبەر ساڵی ٦٢٥ ی زایینی شەڕی ئوحودی لێ ڕوویداوە.

یەكێك لە عومرەكاران وتی: وەكو دەزانین ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەردا كۆمەڵێك شەڕی كردووە، بۆچی زیاتر بایەخ بە شوێنی ئەم شەڕە دراوە؟

وتی: مەسەلە بایەخ دان نییە، بەڵكو لەبەر دوو هۆیە، یەكەمیان، ئەو شوێنە لەسەر ڕێگەی خۆمانەو نزیكە، دووەمیشیان، لەو شەڕەدا موشریكەكانی قورەیش بە سەركردایەتی ئەبوو سوفیان‌و خالیدی كوڕی وەلید فێڵیان لە موسڵمانان كردو زۆریان لێ كوشتن. دوای ئەوەی كە موسڵمانەكان لەو شەڕەدا سەركەوتنیان بە دەست هێنا، لە بەر كۆكردنەوەی دەسكەوتەكانی شەڕ ئاگایان لە دوژمنەكانیان نەماو قسەی پێغەمبەرییان شكاند، لە جیاتی ئەوەی دوژمنەكانیان بڕەتێنن‌و لەو

شوێنە دووریان بخەنەوە، خەریکی کۆکردنەوەو دابەشکردنی دەسکەوتەکان بوون.

ئیتر ئەوە بوو، دوژمنەکانی ئیسلام لێیان سوڕانەوەو جارێکی تر لە پشتەوە پەلاماریان دانەوەو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندنو چەندین کەسیان لە موسڵمانەکان کوشتو هەر لەو شەڕەشدا پێغەمبەری خوا بریندار بوو.

سەیفەدین کوڕێکی گەنج بوو، لە بەر خاتری دایکی هاتبووە عومرە، ڕووی لە حەملەدارەکەمان کردو پێی وت: ئەو خالیدی کوڕی وەلیدە هەمان ئەو کەسەیە کە پێغەمبەر نازناوی (**سيف الله المسلول**) ی پێ بەخشیوە؟

حەملەداریش وتی: بەڵێ تەنها یەك کەس بەم ناوە هەیە، ئەویش خۆیەتی. خالیدی کوڕی وەلید عەرەبێکی قوڕەیشی بوو، یەکێك بووە لە دوژمنە سەرسەختەکانی موسڵمانان، پێش ئەوەی ببێتە موسڵمان. بەڵام کە بۆتە موسڵمان، یەکێك بووە لە جەنگاوەرە ناودارەکانو لە زۆرینەی ئەو شەڕانەی کە ئەو سەرکردایەتی دەکردن، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. دەگێڕنەو دەڵێن لە شەڕی (**مؤتة**) لە دژی ڕۆمەکان، کاتێك لەو جەنگەدا هەر سێ سەرکردەی شەڕکەر (**زيد بن حارثة**) و (**جعفر بن ابي طالب**) و (**عبدالله بن ابي رواحة**) کوژران، پێغەمبەر کاتێك لە ژێر خیوەتەکەیدا ئەم هەواڵەی پێ گەیشت، چاوەکانی پڕی فرمێسك بوون. بەڵام دوایی کە ئاگاکەیان دایە خالیدی کوڕی وەلید، لە شەڕەکە سەرکەوتن. پێغەمبەریش کە ئەم هەواڵەی پێ گەیشت، زۆر دڵی خۆش بوو، ستایشی خالیدی کردو نازناوی (سيف الله المسلول) ی پێ بەخشی.

سەیفەدین بە سەرسوڕمانەوە وتی: کەسێکی وەکو ئەو زاڵم چۆن دەبێ ئەم نازناوە پیرۆزەی پێ ببەخشرێت؟!

حەملەداریش وتی: ئاخر دوایی بڕوای بە ئایینی ئیسلام هێناو بووە شوێن کەوتوی پێغەمبەری خوا.

سەیفەدیـنیش وتی: چۆن شتی وا دەبێ، ئەو تا هێزی هەبوو، دوژمنایەتی ئیسلامی کردو زۆری لێ کوشتن، چۆن دەبێ دواتریش بیبەخشێتو نازناوی شمشێری خوای پێ ببەخشێت؟!

حەملەدار وتی: کوڕی خۆم تۆ بۆچی ئەم پرسیارە لە من دەکەیت، خۆ من ئەم نازناوەم پێی نەبەخشیوە، تاکو بزانم بۆچیو لە بەرچی پێی بەخشراوە. بە خوا بە دەست من بوایە، تۆڵەی هەموو ئەو موسڵمانانەم لێی دەکردەوە کە بە ناهەق کوشتبوونی.

سەیفەدینیش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام من هیچ سەرم لەم کارە دەرناچێت.

مام نادر یەکێك بوو لەو عومرەکارانەی کە پێشتر حەجی کردبوو، کەسێکی بە تەمەنو پڕ ئەزموون بوو، ڕووی لە سەیفەدین کردو پێی وت: کوڕم با من تێت بگەیەنم، ئەو سەرۆك جاشانەی کە بە پێش سوپای عێراق کەوتنو هێرشیان هێنا سەر شارۆچکەو گوندەکانی کوردستانو خەڵکی بێ تاوانیان کوشتو تاوانی کۆمەڵ کوژییان ئەنجامدا ئێستە لە کوێن؟

سەیفەدینیش وتی: ئێستە ئەوان لە کوردستان بە ئازادی دەسوڕێنەوەو زۆربەشیان پلەو پایەی باڵایان لەناو حیزبەکانو حکومەت هەیە.

حاجی نادر وتی: دەزانی بۆ؟

سەیفەدین وتی: بۆچی؟

حاجی نادر وتی: چونکە ئەوان خاوەن هێز بوونو بەرەی کوردستانیش ئیشی پێیان بوو، بۆیە ئەوانی بەخشیو هەر بەوەندەش نەوەستان بەڵکو پلەو پایەشیان پێدانو مووچەی خانە نیشیشیان بە ناوی پێشمەرگەو شەهیدی سەنگەر بۆ هەندێکیان بڕیەوە.

دایکی سەیفەدین ڕووی لە حاجی نادر کردو پێی وت: خۆتان لەگەڵ سەیفەی کوڕم ماندوو مەکەن، ئەو لەماڵەوەش زۆر لەسەر قسان دەڕوات‌و زۆر بە پرسیارە. دەنا چ کارێکی بە خالیدی کوڕی وەلید هەیە، ئەو باش دەزانێت هەموو کاتێك ئەو کەسەی هێزو دەسەڵاتی هەبێت لە پێشەوەی کەسانی ترە، خۆ عومەری کوڕی خەتابیش پێش ئەوەی موسڵمان بێت، لە خالیدی کوڕی وەلیدی کەمتر نەکرد، کەچی هەر کە لە ژیاندابوو، پێغەمبەر مزگێنی چوونە بەهەشتی پێداو دواتریش بووە خەلیفەی موسڵمانان.

دایکی سەیفەدین لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هاوسەرەکەی من بە دەستی جاشان کوژرا، کەچی مووچەی خانەنشینی ئەو گەورە جاشەی کە باوکی کوڕەکەمی کوشتووە دەقاتی مووچەی خانەنشینی هاوسەرەکەمەو هیچ دەسەڵاتێکیشمان نییە. زۆریش گلەییمان کردو ناڕەزاییشمان دەربڕی، بەڵام کەس گوێی پێ نەداین، هەر لە بەر ئەوەی بێ دەسەڵاتین‌و ئەوان دەسەڵاتیان هەیە.

دوای تۆزێك پاسەکان لە شوێنێك ڕایانگرت‌و هاتینە خوارەوە. حەملەدارەکەمان ئێمەی کۆکردەوەو بە پێشە خۆی داین بۆ سەر گردێکی گەورەی بردین وتی: ئەمە ئەو شوێنەیە کە موسڵمانەکان بە سەرکردایەتی پێغەمبەری خوا شەڕی لەگەڵ موشریکەکان کرد بە سەرکردایەتی ئەبو سوفیان و خالیدی کوڕی وەلید. لەو شەڕەدا موسڵمانەکان بەسەر ئەو موشریکانە سەرکەوتن، بەڵام بە قسەی پێغەمبەریان نەکرد، لە جیاتی ڕاونان‌و دوورخستنەوەی دوژمنەکان، خەریکی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان بوون، هەر بۆیە هێزێکی ئەوان بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید لە پشتەوە بۆیان هاتەوەو پەلاماری دانن زیانێکی زۆری گیانی‌و مادییان لێدان، هەر لەو شەڕەدا پێغەمبەریش بریندار بوو.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کردو پێی وت: پەکو لەو فرِو فیلّەن دیارە ئەو خالیدە کەسێکی فیلّبازیش بووە؟

حەملەداریش وتی: ئەوە ڕاستە، ئەو وێڕای ئەوەی شەڕکەرێکی ئازاو بوێر بووە، لە فرِوفیلّی سەربازیش لێزان بووە، هەروەکو پێشتر وتم لە شەڕی (مۆتە) ش لە دژی ڕۆمەکان توانی فێلّ لە هێرش بەرەکان بکاتو هێزەکانی موسلّمانان بە کەمترین زیان بکشێنێتە دواوەو ڕزگاریان بکات.

دوای ئەوی سەیری گردەکەمان کرد، دووبارە سواری پاسەکان بووینەوەو تۆزێکی تر ڕۆیشتین، ئەو جارە لە پاسەکان کە گەیشتنە ژێر چیای ئوحودن ڕایانگرتو هاتینە خوارەوە. لە ژێر شاخەکە، گۆڕستانێکی گەورەی لێ بوو، شوورەی لە دەورەدا کرابوو، پێشەوی شوورەکە، جامخانە بوو. حەملەدار ئێمەی بردە لای جامخانەکەو پێی وتین: ئەو گۆڕانەی کە دەیانبینن، لە کۆنییان تەنانەت شوێنەواری گۆڕەکانیش دیار نەماوە، لەگەلّ ئاوی باران داشۆڕاوەو بۆتە تەختایی. ئەمانە گۆڕی ئەو سەحابانەی پێغەمبەرن کە لە شەڕی ئوحود بە دەستی موشریکە قورەیشەکان شەهید بوون.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کرد وتی: ئەی بۆچی کێلەکانیان دیار نەماونو ناویان لەسەر گۆڕەکانیان نەنووسراوە؟

حەملەداریش وتی: وەکو وتم ئەم گۆڕستانە زۆر کۆنە، تەرمی حەفتا شەهید لە خۆی دەگرێت، لە نێوانیاندا مامی پێغەمبەر کە ناسراوە بە ( شێری خوا). موسلّمانەکان دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، ئەو تەرمانەیان لەو شوێنە ناشتووە. هەر بە هۆی ئەو گۆڕستانەشەوە کە کەوتۆتە بناری چیای ئوحود، ئەو شاخە پیرۆز ڕاگیراوەو پێغەمبەریش فەرموویتی: (ئوحود شاخێکە ئێمەی خۆش دەوێتو ئێمەش ئەومان خۆش دەوێ).

مام نادر ڕووی له حەملەدار کرد وتی: وەڵامی پرسیارەکەی سەیفەدینت نەدایەوە، بۆچی ئەو گۆڕانە لە یەکتری جیا نەکراونەتەوەو ناوەکانیان لەسەر نەنووسراوە؟ ئێمە بەچی بزانین کامیان گۆڕی مامی پێغەمبەرە؟

حەملەدار وتی: مێژوونووس‌و شوێنەوارناسەکان تەنها ئەوەندەیان ساغ کردۆتەوە، کە لەم شوێنەدا ئیمام هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب مامی پێغەمبەرو چەند سەحابەیەکی تر لێرە نێژراون، کە ژمارەیان حەفتا شەهید دەبێت. بەڵام شوێنی هیچ یەکێکیان لەوانە دیار نەکردوەو بڕواش ناکەم ئەوانیش توانیبێتیان ئەمە ساغ بکەنەوە.

دوای ئەوەی نیو کاتژمێر لەو شوێنە ماینەوە، هەندێك وێنەمان لەگەڵ گۆڕستانەکەو شاخی ئوحود گرتن جارێکی تر سواری پاس بووینەوەو بەرەو شوێنی شەڕی خەندەق بەڕێ کەوتین.

پاسەکان گەیشتنە شوێنێکی بەردەڵان، لەوێ ڕایانگرت.

حەملەدار ئیشارەتی بۆ شوێنێکی بەردەڵان کردن وتی: ئێرە شوێنی ئەو خەندەقەیە کە موسوڵمانەکان هەڵیانکەند بۆ ڕێگرییکردن لە هێرشی موشریکەکان.

حاجی نادریش وتی: دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چاویان لە وان کردووە بۆ خەندەق لێدان لە چواردەوری شاری هەولێر بۆ ڕێگریکردن لە پەلاماری تیرۆرستان.

حەملەدار وتی: کاتێك دوژمنەکانی ئیسلام هێرشیان کردە سەر موسڵمانان و ویستیان لەناویان ببەن‌و شاری مەدینەش داگیر بکەنن سەلمان فارسی بیرۆکەی هەڵکەندنی ئەم خەندەقەی بە پێغەمبەر وت‌و ئەویش قەناعەتی بە قسەکانی کردو خەندەقێکی قوڵیان لەم شوێنە لێدا، بە مەش توانیان مەدینە بپارێزن.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کردو پێی وت: ئەو پیاوە فارسە لەو شوێنە لە لای پێغەمبەر چی دەکرد؟

حەملەداریش وتی: سەلمان فارسی کەسێکی زیرەكو لێهاتوو بوو، ئەو لە ئەسڵدا خەڵکی شاری ئەسفەهان بوو لە وڵاتی فارس، لە ساڵی ٥٦٨ ی زایینی لە گوندی (جی) لە دایك بووە. پیاوێکی ئایینی بوو، بەر لەوەی زێدی بابو باپیرانی بەجێ بهێڵێت، ساڵانێکی زۆر خزمەتی پەرستگاکانی ئایینی زەردەشتی کردووە.

حەملەدار لە درێژەی قسەکانیدا وتی: سەلمان فارسی زانیارییێکی زۆری لەسەر ئایینی زەردەشتی هەبوون جا کاتێك وڵاتی خۆی بەجێ دەهێڵێتو ڕوو دەکاتە وڵاتی شامو دواتر دەچێتە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەوێ دەگیرێتو دەکرێتە کۆیلە. کاتێك پێغەمبەر دەچێتە شاری مەدینە، سەلمان خۆی دەگەیەنێتە لای پێغەمبەرو باوەڕی پێ دەهێنێت. ئەم ئایەتش بە هۆی سەلمانی فارسیەوە هاتۆتە خوارەوە: ((**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ**)).

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك لەسەر زاری پێغەمبەر دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر فەرموویەتی:( بەهەشت عەودالّی سێ کەسە، عەلیو عەمارو سەلمان).

کە ئەمەی وت، منیش ڕووم لە حەملەدار کردو پێم وت: دوای مردنی پێغەمبەر سەلمان فارسی چی بە سەرهات؟

وتی: سەلمان فارسی یەکێك بوو لەو کەسانەی کە دژایەتی خەلافەتی ئەبوبەکری کرد، پێی وابوو کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەو لە پێشترە بۆ وەرگرتنی خەلافەت. بۆیە دوای ئەوەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە خەلیفەی موسڵمانان ئەوی ناردە عێراقو کردیە والی شاری مەدائینو لەوێ مایەوە تاکو مرد. هەر لەو شوێنەش بە خاك سپێردرا کە ئێستە پێی د ەڵێن سەلمان پاك.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کردو بە پێکەنینەوە پێی وت: ئەو سەلمان فارسییە کەسێکی زۆر ئاقڵ بووە، چۆن توانیویەتی لەو کۆیلایەتییە خۆی ئازاد بکاتو ببێتە جێگەی متمانەی پێغەمبەرو دواییش بچێتە نێوان ئەبوبوکرو عەلیو ببێتە والی مەدائین؟!

حەملەداریش وتی: کوڕی خۆم واز لە سەلمان فارسی بێنە، پێشتریش پێم وتی ئەو خۆی کەسێکی زانا بوو، چەندین ساڵ خزمەتی پەرستگای ئایینی زەردەشتی کردبوو لە وڵاتی فارسو لە بەر زانایەتی، نازناوی (موخ)ی پێ درابوو.

سەیفەدین وتی: من لە خۆمەوە پرسیار ناکەم، ئەوە تۆی ناوی ئەو پیاوەت هێنا، ئەی نابێت منیش بزانم ئەو کێیە؟

حەملەدار وتی: ئەگەر عومرەکارانی تریش وەکو تۆ ئەوەندە پرسیارم لێ بکەن، تاکو بەیانیش ناتوانین ئەو شوێنانەی کە ماون، بە سەریان بکەینەوە.

حاجی نادر ڕووی لە سەیفەدین کردو پێی وت: کوڕم واز لەو بەستەزمانە بێنە، زیاتر ئیحراجی مەکە، ئەویش وەکو منو تۆیە، بە دوای نانی خۆی کەوتووە، بۆیە ژنو ماڵی خۆی بەجێ هێشتووەو هاتۆتە ئەو چیاو چۆڵو بیابانە.

وەکو وتم لەو شوێنە پاسەکان ڕایان نەگرتو هەر لە پەنجەرەی پاسەکانەوە تەماشای شوێنی ئەو خەندەقەمانکرد کە بۆ پاراستنی مەدینە لێیان دابوو.

هەرچەندە منیش گومانم هەبوو لەوەی کە لەو شوێنە خەندەقیان لێ دابێت، چونکە شوێنێکی شاخاویو بەردەڵان بوو، حەفارەش ناتوانێت لە شوێنی وا چاڵ هەڵکەنێت، مەگەر بە قونبەلە ئەو شاخە بتەقێننەوە یانیش بە ئامێری پێشکەوتوو ئەو بەردە گەورانە بشکێنن. بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ قسەیەکم نە کردو لە دڵی خۆمدا وتم (حەملەدار گوناهی نییە، وایان تێ گەیاندووە، کە ئەو شوێنە، شوێنی شەڕی خەندەقەکەیەو قەناعەتیان بەو خەڵکە هێناوەو سەرقاڵیان

کردوون، ئەگینا دوای زیاتر لە هەزارو چوار سەد ساڵ، کێ دەزانێت شوێنی ئەو خەندەقە لە کوێیە).

بە هەرحاڵ، پاسەکان بەڕێ کەوتن‌و گەیشتینە بەردەم مزگەوتێکی گەورە، دوو منارەی زل‌و دوو گومبەتی گەورەی هەبوو. ئێمەیان لە پاسەکان هێنا خوارەوە، حەملەدار پێی وتین: ئەم مزگەوتەی کە دەی بینن بە مزگەوتی ( دوو قیبلە) ناوی دەرکردووە، چونکە کاتێك پێغەمبەر لەو مزگەوتە نوێژی ئێوارەی کردووە، لە ڕکاتی دووەمیدا لە جیاتی (بیت المقدس) ڕووی خۆی وەرگێڕاوە بۆ لای کەعبە. کە سەحابەکان لێیان پرسیوە (بۆچی واتکرد ئەی پێغەمبەر؟). وەڵامی داونەتەوە، وتوویەتی خوای گەورە فەرمانی پێ کردم کە وا بکەم‌و ئەم ئایەتەی بۆ ناردمە خوارەوە: ((**قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ۗ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ**)).

کە ئەمەی وت، حاجی نادر پێی وت: ئێستە ئەوەمان زانی کە بۆچی بەو مزگەوتە دەڵێن ( مزگەوتی دوو قیبلە) چونکە دوو قیبلەی هەیە، بەڵام ئێستە چی بکەین، کاتی نوێژیش نییە، تاکو نوێژێکی بە جەماعەتی لێ بکەین؟

حەملەدار وتی: نەریتەکە وایە ئەوانەی دێن بۆ بینینی ئەو مزگەوتە، لە بەر پیرۆزیەکەی دوو ڕکات نوێژی سوننەتی لێ دەکەن، خوای گەورەش بە قەد کێوی ئوحود چاکەیان بۆ دەنووسێت.

کە عومرەکاران ئەمەیان گوێ لێ بوو، هەندێکیان پێڵاوەکانیان داکەندو چوونە هۆڵی مزگەوتەکەو دوو ڕکات نوێژیان لێی کرد، ئێمەش سەیری مزگەوتەکەمان دەکردو لە چۆنێتی دروستکردنی ڕادەماین.

شێخ ڕەئووف مامۆستای مێژوو بوو، ئەو چەند جارێکی تریشحەج و عومرەی کردبوو، لێی نزیك کەوتمەوەو پێم وت: مامۆستا ئەم مزگەوتە پێ ناچێت هێندە کۆن بێت، چۆنێتی دروستکردنەکەی لە هی ئەم سەردەمە دەچێت؟

ئەویش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەم مزگەوتە لە وەتی دروست بووە، چەند جارێك نۆژەن کراوەتەوە، لەسەردەمی حوکمڕانی مەلیك فەهدی کوڕی عەبدولعەزیزی ئالی سعود فراوانکرا، بەو شێوەیەی ئێستە نۆژەن کرایەوە.

منیش وتم: ئەوان لە ئێمە باشتری لێ دەزانن، ئەوتتا وێڕای ئەوەی شێوەی مزگەوتەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە، کەچی هەر بە مزگەوتی دوو قیبلەناوی دەبەن، کەچی لای خۆمان ناوی مزگەوتی (قیبلە خوار) یان گۆڕی، ناویان لێ نا (قیبلە ڕاست)، دواییش مزگەوتەکەیان ڕوخاندو سەر لە نوێ دروستیان کردەوەو بە ناوی خاوەنەکەی ناو زەدییان کردەوە.

کە ئەمەم وت، شێخ ڕەئووف وتی: ئێمەی کورد هەر وا بووینە، نرخی شوێنەوارە مێژووییەکانی خۆمانمان نەزانیوە، ئەگینا چۆن سیمای شاری هەولێرمان وا دەشێواند، کە یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان.

نزیکەی نیو کاتژمێر لەو شوێنە ماینەوەو دیسان سواری پاسەکان بووینەوە. حەملەدار پێی وتین: ئەو شوێنەی ئێستە بۆی دەچینن دوا وێستگەی گەشتی ئەمڕۆمانە، بۆ سەیرکردنی مزگەوتێك دەچینن پێی دەڵێن مزگەوتی (قُبَاءٍ) یەکەم مزگەوتە کە موسڵمانان لە مەدینە دروستیان کردووەو بە درێژایی مێژوو لە بەر پیرۆزییەکەی چەند جارێك نۆژەن کراوەتەوە، تاکو دواجار

لەسەردەمی مەلیك فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز ئالی سعود فراوان کراوەو بەو شێوەیەی ئێستەی لێ هاتووە. کە گەیشتینە جێ، بۆتان هەیە تاکو نیو کاتژمێر لەو شوێنە بمێننەوە.

حەملەدار لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر هەر کەسێك لەو مزگەوتە نوێژێك بکات، لە ڕۆژی قیامەت بە قەد هێنانەوەی عومرەیەك چاکەی بۆ دەنووسرێت. جا ئەو دەرفەتە لە دەستی خۆتان مەدەن، ئەگەر پێتان دەکرێ دوو ڕکات نوێژی تیا بکەن، بەڵکو لە پاداشتی ئەوە خوا بەزەیی پێمان بێتەوەو بمانباتە بەهەشت.

کە ئەمەی وت، ڕووم لە حەملەدار کردو پێم وت: هیچ بەڵگەیەکی ئایینی هەیە ئەم قسەیە پشت ڕاست بکاتەوە؟

وتی: هەروەکو لە سەحیحی بوخاریو موسلیم دا هاتووەن پێغەمبەری خوا هەموو ڕۆژانی شەممەوان هاتۆتە ئەم مزگەوتەو دوو ڕکات نوێژی لێی کردووەو فەرموویەتی: (**من أتى مسجد قباء وصلى فيه كان له كأجر عمرة**) واتە هەر کەسێك بێتە مزگەوتی قوباو نوێژی تیا بکات، پاداشتی هێنانەوەی عومرەیەکی دەبێت.

کە سەیفەدین ئەمەی گوێ لێ بوو، وتی: ئەمە شتێکی باشە، نە حەوت جار خولانەوە بە دەوری کەعبەو نە ئەو ڕاکە ڕاکەی سەفاو مەروای تیایە، دوو ڕکات نوێژی لێ دەکەم و بە قەد عومرەیەکیش چاکە وەردەگرم.

حاجی نادریش ڕووی لە ئێمە کردو پێی وتین: سەیفەدین ڕاست دەکات، هەموومان با پێکەوە بچین دوو ڕکات نوێژی تیا بکەینو ئەم دەرفەتە زێڕینە لە دەستی خۆمان نەدەین.

ئیتر ئەوە بوو، کە گەیشتینە جێ، هەموومان چووینە ناو مزگەوتەکەو دوو ڕکات نوێژمان لێی کردو دواییش گەڕاینەوە ناو پاسەکانو بەرەو هۆتێلە کەمان گەڕاینەوە.

که گەیشتینەوە هۆتێل، سەیفەدین ڕووی لە شێخ ڕەئووف کردو پێی وت: مامۆستا مادام تۆ مامۆستای مێژوویت، لەوانەیە زۆر شت لەبارەی ئەم سەلمان فارسییە بزانیت؟

شێخ ڕەئووفیش وتی: کوڕی خۆم بۆچی تۆ هەندە خۆت بەو مرۆڤە سەرقاڵ دەکەیت؟

وتی: ئاخر بیستوومە کەسێکی زۆر نزیك بووە لە پێغەمبەرو هەموو شتێکی بە قسەی کردووە، ئەوە وایە؟

ئەویش وتی: هەروەکو لەناوەکەی دیارە، ئەو کەسێکی بە ڕەگەز فارس بووەو لە شاری ئەسفەهانی وڵاتی فارس زانایەکی ئایینی زەردەشتی بووەو نازناوی (موخ) ی پێ دراوە، دوایی دەچێتە وڵاتی شامو فەڵەستینو دەچێتە سەر ئایینی مەسیحی، هەر بەوەندەش ناوەستێ، کە گوێی لەناوی محەمەد و ئایینی ئیسلام دەبێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو ئایینە نوێیە، کۆچ دەکات بۆ شاری مەدینە، بەڵام لەوێ دەگیرێتو وەکو کۆیلە دەفرۆشرێتە (**بني قريظة**) کە قەبیلەیەکی جولەکە بوون لە مەدینە. کاتێك پێغەمبەر دەچێتە مەدینە، سەلمان فارسی خۆی دەگەیەنێتێو لەسەر دەستی ئەو دەبێتە موسڵمان. دیارە پێغەمبەریش کە زانیویەتی ئەو زانایەکی ئایینییە، پێی سەرسام بووە، بۆیە ئازادی دەکاتو دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی.

سەیفەدین قسەکانی بە شێخ ڕەئووف بڕیو پێی وت: ئەی کە محەمەد پێغەمبەری خوا بێت، چ پێویستییەکی بەو هەبوو تاکو هێندە بایەخی پێ بداتو بیکاتە هاوڕێی خۆی؟

شێخ ڕەئووفیش وتی: هەروەکو وتم سەلمان فارسی زانای ئایینی زەردەشتی بوو، وێڕای ئەوەش زانیارییەکی زۆری لەبارەی ئایینی جوولەکەو مەسیحییەکانو

فەلسەفەی یۆنانەکانیش هەبوو، هەر بۆیە ئیمامی عەلیش بایەخی پێی دەداو لە خۆی نزیك دەکردەوە.

مامۆستا بەشیر یەکێك بوو لەو عومرەکارانەی کە لەگەڵ قافڵەکەی ئێمەبوو، خەڵکی شاری هەولێر بوو، کوڕە مەلا بوو، کە بینی سەیفەدین هێندە بە جۆش‌و خرۆشەوە گوێی لە شێخ ڕەئووف گرتووە، ڕووی تێ کردو پێی وت: ڕەنگە شێخ ڕەئووف لە بەر پێگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەموو شتێکت لەبارەی ئەو سەلمان فارسییە پێ نەڵێ، گوێ لە من بگرە، با چیرۆکێکی خۆشت لەو بارەیەوە بۆ بگێڕمەوە.

کە بەشیرە فەندی ئەمەی وت، سەیفەدین ڕووی تێ کرد وتی: گوێم لێتە.

بەشیرە فەندیش وتی: کە منداڵ بووم زۆر جار باوکم لەگەڵ خۆی منی دەبردە تەکییەی شێخ ...، لەگەڵ ئەوان دادەنیشتم‌و گوێم لە قسەکانیان دەبوو، لەبارەی ئایینی ئسلام‌و پێغەمبەر، باسی زۆر شتیان دەکرد.

سەیفەدین وتی: وەکو چی؟

بەشیرە فەندی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێوارەیەك تەکییەکی مۆنگەی دەهات لە پیاوی ئایینی‌و دەروێش‌و مریدەکانی، من‌و باوکیشم لەوێ دانیشتبووین، کوڕەکەی کە بەرپرسێکی گەورە بوو لە حکومەتی عێراقی، هاتە ژوورەوە، نامیلکەیەکی دەستنووسی فڕێ دایە پێش شێخ و بە توڕەییەوە پێی وت: باوکە ئەوە چییە ئەو نووسینانەچین بڵاوت کردوونەتەوە؟!

ئەویش وتی: کوڕم بۆچی توڕە دەبیت، خۆ شتی خراپم تیا نەنووسیوەتەوە.

شێخیش وتی: لەوە خراپتر دەبێت، تۆ چ کارێکت بە پێغەمبەر هەیە تا قسەی لەسەر بکەیت؟

ئەویش وتی: من ویستوومە زانایانی ئایینی کورد بزانن کە پێغەمبەر بۆ نووسینەوەی قورئان لە ڕێگەی سەلمان فارسیەوە زۆر سوودی لە ئایینی زەردەشتیو یەهودیو مەسیحی وەرگرتووە.

کە ئەمەی وت، کوڕەکەی لە توڕەییان هێندەی تر سوور هەڵگەڕاو بە توڕەییەوە وتی: مەعروف ڕەسافیو تەها حوسێن هێندەی تۆیان نەکردووە، ئەم خەڵکە جاهیلو دواکەوتووە بە بێ دینو کافر ناو زەدیان کردوون.

شێخیش وتی: من ئەو زانیاریانەم لە گیرفانی خۆم دەرنەهێناوە، لەسەرچاوە مێژووییەکانەوە وەرم گرتوون، ئەوە هەقیقەتەو بۆچی ئینکار بکرێت؟

کوڕەکەشی وتی: باوکە بە تۆچی، ئینکاری بکەن یا نەیکەن، ئەو مەلایانەی کە لە دەورو پشتت دانیشتوون، هەموویان لە تۆ باشتر ئەوە دەزانن، بەڵام لە بەر بەرژەوەندییەکانیان، خۆیانی لێ بێ ئاگا دەکەن، نەك ئەوەندەش بەڵکو مزیەدەشت لەسەر لێ دەدەنو بە وەرگەڕاو لە ئایینی ئیسلام ناوت دەبەن.

شێخ کە ئەمەی گوێ لێ بوو، سەری سوڕما، وتی: بۆچی وا دەڵێی، کەسێك لەبارەی منەوە شتێکی خراپی پێ وتوی؟

وتی: هەندێك لەو مەلایانەی کە ئێواران لە لات دادەنیشنو گوێت لێ دەگرن، هەر ئەوان ئەم نامیلکەی تۆیان بۆ هێنامە وەزارەتو پێیان وتم (فریای باوکت بکەوە، ئەم نامیلکەیەی دەرهێناوە، تیایدا بە خراپ باسی پێغەمبەری خوا دەکات، لە دین وەرگەڕاوە).

ئیتر ئەوەبوو، بە باوکی وت، بێنە ئەو نوسخانەی کە لەلات ماونو هێشتان دابەشت نەکردونە بم دەرێ با بیان دڕێنم، تاقەتی قسەو قسەلۆکی خەڵکمان نییە، هیچی تریش خۆت بەو بابەتە سەرقاڵ مەکە، تۆش وەکو ئەو مەلایانەی کە لە دەوروبەرت دانیشتوونن خوای خۆت بپەرستەو پرسیار مەکە قورئان چۆن نووسراوەتەوە.

بەشیرەفەندی، ڕووی لە سەیفەدین کردو پێی وت: ئێستە زانیت بۆچی پێغەمبەر ئەوەندە سەلمانی فارسی خۆش دەویست؟

ئەویش وتی: بەڵێ تێگەیشتم، بەڵام نەمزانی ڕای خۆتو باوکیشت لەو بارەیەوە چی بوو؟

وتی: تۆ کەسێکی زۆر بە پرسیاری، وابزانم لێمان ناگەڕێیت هەتا بە تەواوەتی قوڕی بنیمان پێ دەنەهێنیت.

سەیفەدینیش وتی: بۆچی قسەیەکی خراپم کردووە؟

بەشیرەفەندی وتی: نەخێر قسەی خراپت نەکردووە، بەڵام هەموو ڕاستییێکیش هی وتن نییە. بەڕای من دەکەی با ئەو بابەتە دابخەین‌و هەندێك پشوو بدەین، چونکە زۆری نەماوە بۆ کاتی نوێژ، دەبێ دەمێکی تر بچینە مزگەوت و نوێژی بە جەماعەت بکەین.

بە هەرحاڵ دوو ڕۆژی تریش لە مەدینەماینەوە و لەو ماوەیەدا ڕۆژانە بۆ هەر پێنج فەرزی نوێژکردن دەچووینە مزگەوتی پێغەمبەر، تەنانەت زۆرینەی کاتەکانمان لەوێ بە نوێژکردن بەسەر دەبردن، چونکە بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر هەر نوێژێکی ئەو مزگەوتە بە هەزار نوێژ هەژمار دەکرێت.

هەر چۆنێك بێت، ئەو چوار شەو و ڕۆژەی کە لە مەدینە بووین، بە چاوتروکانێك تەواو بوو، جارێکی تر حەملەدار ئێمەی کۆکردەوە و بە پاس بۆ شاری مەککەی بردین.

## (بەرەو شاری مەککە بەڕێکەوتین)

نێوان شاری مەدینە شەش تا حەوت کاتژمێر دەبێت بە پاس، دوای چەند کاتژمێرێك گەیشتینە شوێنێك، پێیان دەوت (حمامات علي) کۆمەڵێك گەرماوی لێ بوو، حەملەدار وتی: دەڵێن ئەو گەرماوانە عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەسەر ئەو ڕێگەیە دروستی کردوون بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بە نیازن حەج یان عومرە بێننەوە، لەو گەرماوانە خۆیان بشۆن.

شێخ ڕەئووف قسەی بە حەملەدار بڕی و پێی وت: ئەم زانیارییە تەواو نییە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جارێك پێغەمبەری خوا لەگەڵ موسڵمانان لەو شوێنە پشوویان داوە، لەو کاتەدا پێغەمبەر هەستی بە هێرشی جنۆکە شەڕانگێزەکان کردووە بۆ سەریان، داوای لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب کردووە، کە خۆی و سێسەد جەنگاوەر ڕووبەڕوویان بێتەوە و لەناویان ببات.

ئیتر ئەوە بوو، عەلی کوڕی ئەبو تالیب سێ سەد کەس لەگەڵ خۆی دەبات و شمشێرەکەی بە ڕاستو چەپی خۆی ڕادەوەشێنێت، دواتر دەگەڕێتەوە لای پێغەمبەر و پێی دەڵێ: گشت جنۆکە شەڕانگێزەکانم تەفروتونا کردن و لەناوم بردن.

بەڵام چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەم بیرانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتێك سوڵتان عەلی دینار، سوڵتانی دارفۆر لە ساڵی ١٨٩٨ی زاینی بۆ زیارەتی ماڵی خوا ڕوو لەوێ دەکات، ئەو شوێنە کە پێی دەڵێن (میقات) بێ خزمەتگوزاری بووە، هیچ ئاوی لێ نەبووە بۆ خۆپاککردنەوە و ئیحرام بەستن، جا ئەو سوڵتانە

لەسەر ئەركی خۆی كۆمەڵێك بیر لەو شوێنە بۆ ئەو مەبەستە لێ دەدات و لەو كاتەوە تاكو ئێستە ناوی ئەو بیرانە بە ناوی ئەوە ڕۆیشتووە.

جا لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە دیاریكراوە بۆ بەستنی ئیحرامو نییەتهێنان بۆ هێنانەوەی حەج و عومرە، بۆیە ئەو شوێنە كە كەوتووەتە دۆڵی (حليفة) ئەو شوێنەی عەلی كوڕی ئەبو تالیب لەسەر فەرمانی پێغەمبەر جنۆكە شەڕانگێزەكانی لێ كوشت، پێی دەڵێن (ميقات). بەڵام بە هۆی لێدانی ئەو بیرە ئاوانە لەلایەن سوڵتان عەلی دینارەوە، ناوە ڕەسەنەكەی خۆی لە دەست داوە و بۆتە ناوچەی بیرەكانی عەلی.

پاش ئەوەی پاسەكان لەو شوێنە ڕاوەستان، حەملەدار وتی: ژنان لێرە خۆشوشتنیان لەسەر نییە، ئەوان دەتوانن كە گەیشتینە شاری مەككە لە گەرماوی هۆتێلەكە خۆیان خاوێن بكەنەوە، بەڵام پیاوەكان دەبێ لێرە خۆیان بشۆن و میحراب ببەستن.

ئیتر ئەوە بوو بۆی ڕوون كردینەوە كە مەبەست لە میحراب بەستن ئەوەیە كە نابێ لە پەشتەماڵ بەو لاوە هیچ شتێكمان لەبەر بێت.

سەرەتا، هەستم بە شەرم دەكرد، دەمویست دەرپێ كورتەكەم دانەكەنم، لەژێر پەشتەماڵەكە هەر بە لەبەر خۆمی بێڵمەوە، بەڵام دوودڵ بووم لەوەی ئایا گوناهبار دەبم یان نا؟ زۆر بیرم لێ كردەوە، دوایی ناچار بووم چاو لەو خەڵكە بكەم، منیش وەكو ئەوان دوای خۆشوشتن تەنها پەشتەماڵێك لەخۆم بپێچم.

دووبارە سواری پاسەكانمان بووینەوە و بەرە و مەككە بەڕێ كەوتین. كە نزیك بووینەوە، گەیشتینە شوێنێك، شوێنی پاراستنی مەیموون و ئاژەڵە كێوییەكان بوو. كۆمەڵێك مەیموون هاتنە سەر ڕێگەكەمان، دەتوت مرۆڤن بە دەست و بە قاچ ئاماژەیان بۆ دەكردین و داوای خواردنیان لێ دەكردین.

پاسەکان ڕایانگرت، هاتینە خوارەوە، نزیکەی چارەکە سەعاتێك لەگەڵ ئەو مەیموونانە کاتمان بە سەر برد و نان و ئاومان دانێ.

دوایی سواری پاسەکانمان بووینەوە و بە ڕێ کەوتین. لە ڕێگە لە دوورەوە ڕووناکییەکی زۆرمان لێ دیار بوو. حەملەدار وتی: ئەم ڕووناکییەی کە دەیبینن، ئەوە ڕووناکی ماڵی خوایە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: پاش کەمێکی تر دەگەینە جێ، هەر بەم تاریك و ڕوونە زیارەتەکەمان دەکەین و عومرە دەهێنینەوە.

ئیتر ئەوە بوو، لە پڕێك ئافرەتێکی جوان و شۆخ و شەنگ، کە لەگەڵ قافڵەکەی ئێمەدا بوو، بە دەنگی بەرز وتی "لبيك اللهم لبيك .. لبيك لا شريك لك لبيك .. إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك ل" ، ئێمەش بە دەنگێکی بەرز لە دوای ئەو دەمانوتەوە.

کە ئەمەم بینی لە بیری خۆمدا وتم (ئەو ئافرەتە بەو هەموو جوانییەی کە خوا پێی داوە، لەگەڵ ئەم دەنگە خۆشەی، ئەگەر بۆ گۆرانی وتن بە کاری بێنێ، لە ئوم کەلسوم و ئەسمەهان و شادیە بەناوبانگتر دەبێت).

وەکو وتم حەملەدارەکەمان پیاوێکی قەڵەو بوو، بە درێژایی ڕێگە لەگەڵ ئێمە لە وتنەوەی ئەو سرووتە ئایینیانە بەشدار نەبوو. جا نازانم لە بەر بێ تاقەتی بوو، یان باوەڕی پێی نەبوو.

منیش هەر بۆ فشە، ناوە ناوە پێم دەوت: حاجی تۆ بۆمان بڵێ نەوەك بە هەڵە بیلێینەوە.

ئەویش دەیوت: لە من بگەڕێن، دەنگم خۆش نییە، ئەو خاتوونە بۆتان بڵێ باشترە، ئەو دەنگی خۆشە لێی بێزار نابن.

هەندێك كوڕی گەنجمان لەگەڵ بوو، ناوە ناوە لەو ژنەیان وەردەگرتەوە و دەیانوت "لبيك اللهم لبيك .. لبيك لا شريك لك لبيك..إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك"، كە ئەوان دەیانوت، کەس لە دوای نەدەوتنەوە.

بۆیە حەملەدار وتی: هەر ئەو خاتوونە بە دەنگە زوڵاڵەکەی بۆمان بڵێ، ئێوەش لە دوای بڵێنەوە باشترە.

جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو، لە بەر جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی، عومرەکاران چاویان بڕیبووە ناو چاوەکانی، ئەویش ئافرەتێکی زۆر بە زەوق بوو، ناوە ناوە لەچەکەکەی لەسەری دەکردەوە و دەستێکی بە پرچە درێژەکەی دادەهێنا، لە زەردییان وەکو زێڕ دەبریسکایەوە.

من لە ترسی هاوسەرەکەم بە تیێکی چاوەکانم سەیرم دەکرد، سرووتەکانیشم لە دڵی خۆم لە دوای دەوتەوە. هاوسەرەکەم زۆر ڕقی لێی دەبۆوە، لە بەر خۆیەوە دەیوت: ئەستەغفیروڵڵا، ئێمە تووشی چی بووین، کەسیان بە دەست نەکەوتووە، سرووتە ئاینییەکانمان بۆ بڵێ، ئەم ژنە بە با هاتییە نەبێ!

خۆی پێ نەدەگیرا و پێی دەوتم: ئەی ناڵێن بە شەریعەت حەرامە ژن دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و گۆرانی بڵێت؟

منیش وتم: بۆچی وا دەڵێیت، خۆ ئەم ژنە گۆرانی ناڵێت؟

وتی: ڕاستە ئەو گۆرانی ناڵێت، بەڵام ژنێکی زۆر جوانە و دەنگیشی خۆشە، لە بەر جوانی و دەنگە خۆشەکەی سەرنجی گشت پیاوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

منیش وتم: جا لەوە باشتر دەبێت، خۆزگە ئەوقاف ڕێگەی بە ژنیش بدابا، لە مزگەوتەکان، وەکو پیاوەکان قورئانیان بخوێندباوە، باشتر بوو، نەك وەکو هەندێك مەلا، کە بە دەنگە ناخۆشەکانیان بێزارمان دەکەن.

که ئەمەم وت، هاوسەرەکەم بە تورەییەوە وتی: تۆ ئەم فەتوایانە لە کوێ دێنیت، کووا شەریعەتی خوا وایە؟

بە هەرحاڵ، زیاتر لەگەڵی پێدا نەچووم، نەوەك نێوانمان بە هۆی ئەو ژنەوە تێك بچێت.

پاسەکەمان گەیشتە دەروازەی شاری مەککە، ڕووناکی بلاجکتۆرەکان ئەو شارەیان وەکو ڕۆژ ڕووناك کردبۆوە.

کە عومرەکاران چاویان بەو ڕووناکییە زۆرە کەوت، هەر هەموویان بە دەنگێکی بەرز وتیان (ماشەڵڵا، لەو جوانییە، شاری مەککە دەڵێی بەهەشتە، لەگەڵ پرشنگی ئەو فریشتانە زۆر جوان دەدرەوشێتەوە).

حەملەداریش وتی: جارێ ئێوە چیتان بینیوە، با بچینە ناو مزگەوتی حەرام و کەعبە ببینن، لە خۆشییان لە خۆ دەچن، بە ئێوە بێت هەر لەناوی بمێننەوە و هەرگیز نەیەنە دەرەوە.

کە گەیشتینە سەنتەری شار، پاسەکان چوونە بەردەم هۆتێلێکی بیست نهۆمی، لە نزیك مزگەوتەکە و لەوێ ڕایانگرت. پاش ئەوەی هاتینە خوارەوە، جانتاکانمان بردە سالۆنی هۆتێلەکە، حەملەدار وتی: ئاوێك بە دەموچاوتان دابکەن، ژنەکانیش، ئەوانەی خۆیان نەشوشتووە، بچنە گەرماوی هۆتێلەکە خۆیان بسمیل بکەن، پاش وچانێکی کورت، هەموومان پێکەوە بە پێ دەڕۆین بۆ مزگەوت و پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێت، بە دوو کاتژمێر ڕێوڕەسمی عومرە تەواو دەکەین، ئەوجا ئەوەی حەزی لێیە بۆ نوێژکردن بمێنێتەوە، دەتوانێ تاکو بەیانی لەوێ بمێنێتەوە و هەر نوێژ بکات و بۆ خۆی نزا بکات.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هەر بۆ زانینتان، هەر نوێژێکی مزگەوتی حەرام، بە سەد هەزار نوێژە.

سەیفەدین خۆی پێ نەگیرا بە سەر سڕمانەوە وتی: پەکو شتی وا چۆن دەبێت، جا بەو هەموو نوێژانە بێت دەبێ خوا لە پاداشتی ئەو چاکەیە، هەریەك و ڤێلایەکی گەورە و هەزاران دۆنم زەوی و دەیان پەریمان لە بەهەشت پێ بدات!

حەملەدار وتی: گوناهت دەگاتێ، قەشمەری بە ئایین مەکە، ئەوە قسەی من نییە، فەرموودەی پێغەمبەری خوایە، جابری کوڕی عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە دەڵێ پێغەمبەر فەرموویەتی(**صلاه فى المسجد الحرام مائه ألف صلاه، وصلاه فى مسجدى ألف صلاه، وفى بيت المقدس خمسمائه صلاه**) بۆیە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت.

ڕێگەی نێوان هۆتێلەکەمان و مزگەوتی حەرام زۆر دوور نەبوو، وەکو سەرباز لە دوای یەکدیی ڕیز بووین و بە پێ ڕۆیشتین، بە چاوترووکانێك گەیشتینە ئەوێ.

لە بەر دەرگە، حەملەدار پێی وتین: پێڵاوەکانتان لە پێ بکەنەوە، لەناو ئەو خانانەی دابنێن کە بۆ ئەم مەبەستە لە بەر دەرگەی مزگەوت داندراون.

ئیتر ئەوەبوون پێڵاوەکانمان لە پێ کردەوە و بە پێ خواسی چووینە ژوورەوە.

یەکەم جار بوو لە نزیکەوە کەعبە ببینم، دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەو خەڵکە، بە هەردوو ڕەگەزی جیاوازەوە تێك قژقژابوون، پیاوەکان بە پەشتەماڵی سپی و شانی ڕووتەوە و ژنەکانیش بە جلوبەرگی خۆیانەوە بە دەوری کەعبە دەخولانەوە و بە دەم ڕۆیشتنیشەوە نزایان دەکرد و لە خوا دەپاڕانەوە.

هەندێك عومرەکاری بیانی لە پێش ئێمە بوون، پیاوێکی ئایینی لە پێشیان دەڕۆیشت، پارچە کاغەزێکی بە دەستەوە گرتبوو، بە عەرەبییەکی شڕو وڕ بۆی دەخوێندنەوە، ئەوانیش وەکو تووتی لە دوای دەیانوتەوە.

وا پێ دەچوو، ئەو پیاوە ئایینییەش بە تەواوەتی بە باشی فێری زمانی عەرەبی نەبووبێت، بۆیە کە نزاکەی بۆیان دەخوێندەوە، تەنانەت ناوی ئەو چاپخانەیەشی بۆیان دەخوێندەوە کە نزاکەی لێ چاپکراوە.

کە گەیشتینە لای بەردە ڕەشەکە، زۆر هەوڵمدا خۆمی بگەینمێ و لە خوا بپاڕێمەوە، کە  ئەو کچەم بە نسیب بکات، کە نیازم وابوو بیکەمە هاوسەری دووەمم، بەڵام لە بەر پاڵدان و پاڵەپەستۆی ئەو خەڵکە، هەرچەند کردم نەمتوانی خۆم بگەیەنمە شوێنی بەردە ڕەشەکە.

ژنێکی بە تەمەن لە پێشم بوو، بە هەردوو دەستی شوێنی بەردە ڕەشەکەی گرتبوو، بە گوڕ فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە و لە خوا دەپاڕایەوە کە لە گوناهەکانی خۆش بێت.

منیش پێم وت: پووریێ شوێنی ئێمەش بکە، با دەستمان بگەێنینە بەردە ڕەشەکە، ئێمەش نزا بۆ خۆمان بکەین، بەڵکو خوا مرازی ئێمەش بێنێتە دی.

بەڵام ئەو تەقەی سەری دەهات، وەکو سیکۆتێن بەردە ڕەشەکەی گرتبوون بەری نە دەدا.

ژنێك لەگەڵ ئەو دابوو، وا پێدەچوو یەکدیی بناسن، پێی وتم: خۆت لەگەڵی ماندوو مەکە، ئەو ژنە هێندە گوناهی کردووە، دڵی بڕوا نادات ئایا خوا لێی خۆش دەبێت یان نان، بۆیە دەستی لە بەردە ڕەشەکە بەرنابێت.

بە هەر حاڵ، دەبوو حەوت جار بە دەوری کەعبە بسوڕێینەوە، بۆیە هێشتان ئومێدم هەبوو، کە دەستم بگاتە بەردە ڕەشەکە و پیرۆزی بکەم.

کەسێك بیەوێ بە ئامانجێك بگات، هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی بۆ هێنانە دی بە گەڕ دەخات. بۆیە منیش لە بنەڕەتدا هاتنم بۆماڵی خوا، بۆ دوو مەبەست بوو، یەکەمیان ڕاکێشانی سەرنجی ئەو کچەی کە خۆشم دەویست و دەمویست

هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، دووەمیشیان بۆ پیرۆزکردنی بەردە ڕەشەکە و نزاکردن بۆ هێنانەدی خەونەکەم.

بۆیە کۆڵم نەدا، تا لە سووڕانەوەی حەوتەمدا خۆم گەیاندە شوێنی بەردە ڕەشەکە و دەستم لەو شوێنە بردە ژوورەوە، کە بەردە ڕەشەکەی لەناو دانراوە. سەرم لە کونەکە نزیك کردەوە، لە بەر تاریکی شوێنەکەو بچووکی بەردە ڕەشەکە، هیچم نەبینی.

جا ئەوە بوو، منیش وەکو ئەو خەڵکە ڕووم لە ئاسمان کرد و لە خوا پاڕامەوە، کە مرازم بێنێتە دی و لەگەڵ ئەو کچەی کە خۆشم دەوێت بە یەکمان شاد بکات.

دوای نزاکردن، گەڕامە دواوە و بەرەو لای شوێنی قاچەکانی حەزرەتی ئیبراهیم ڕۆیشتم و لەوێ بەپێی نەریت، لەگەڵ عومرەکارەکان دوو ڕکات نوێژی سونەتم کرد.

دەبوو لە کاتی ڕکاتی دووەمدا، سوورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ،وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ،وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ، وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ، لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ،) بخوێنینەوە، بەڵام هەرچەندی کردم بە بیرم نەهاتەوە، بۆیە بە ناچاری سوورەتی (قل والله أحد)م خوێندەوە.

پیاوێکی عەرەبی قولە ڕەش لە پێشمان نوێژی دەکرد، لە کاتی سوجدە بردن، ئیحرامەکەی کرایەوە، کێر و گونی وەکو باینجانی ڕەش بە دیار کەوت.

هەندێك ژن لە نزیك من نوێژیان دەکرد، لە بەر کێر و گونی ئەو قولە ڕەشە ئاگایان لە سوجدە بردن نەما.

دوای ئەوەی تەوافەکەمان تەواو کرد، لە نوێژ بووینەوە، حەملەدار وتی: ئێستە دەچین بۆ شوێنی سەفا و مەروا، لەوێش حەوت جار بچن و بێن، دواییش کە تەواو بوون، دەبێ پیاوەکان سەری خۆیان بتاشن و لووسی بکەن، ئەوەی

حەزیش نەکات، دەتوانێت بە مەقاشێك هەندێك کەڵە داو لە پرچی خۆی بکاتەوە، بەمەش کۆتایی بە ڕێورەسمی عومرە هێنانەوەکەمان دێت و ئینشائەڵڵا خوا لە هەموومان قبوڵی دەکات.

## (چووینە شوێنی سەفاو مەروا)

چوینە شوێنی سەفاو مەروا، خزاینە ناو ئاپۆڕەی خەڵکی عومرەکار. ئەو ماوەیەی کە بۆ هاتن و چوون و ڕاکردن دانرابوو، کاتێکی زۆری دەویست، بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی من، بەرەو سەرەوەتردا بوون، تۆزێك زەحمەت بوو، تا دەگەیشتمە لای سەرچاوەی ئاوی زمزمەکە، هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکرد، بۆیە لەوێ هەندێك پشووم دەدا، ئینجا جارێکی دیکە دەستم بە ڕۆیشتن دەکردەوە.

لە سووڕانەوەی سێیەمدا، ئاوڕێکم لە پشت خۆم دایەوە، بینیم حەملەدارەکەمان دیار نەماوە. هەندێك چاوم بۆی گێڕا، بینیم لەژێر کۆڵەگەیەك لە کۆڵەگە کۆنکریتییەکان لێی ڕاکشاوە.

لێی نزیك بوومەوە و پێم وت: حاجی ئەوە چ خێرتە، دەڵێی نەخۆشیت؟

وتی: من باشم، بڕۆ وازم لێ بێنە، تۆ سووڕانەوەکانی خۆت تەواوبکە، هەقت لە من نەبێ.

منیش هەر وامزانی بەڕاستی ئەو نەخۆش کەوتووە، بۆیە وازم لێی نەهێنا، هەر لەگەڵی خەریك بووم، پێم وت: وا پێ دەچێت تۆ تەندروستیت تێك چووبێت، با بچین بۆ بنکەی تەندروستی؟

وتی: بۆچی لێم ناگەڕێیت، هیچم نییە، من وەکو ئێوە نیم، جارێك یان دوو جار ئەم ڕێگەیە بکوتمەوە، ئەوە ئیشی خۆمە، مانگی بە لای کەم دوو جار لەگەڵ عومرەکاران دێمە ئێرە، هێزم لەبەر نەماوە، هێندە بە دەوری کەعبە بخولێمەوە، لە سەفا و مەرواش ڕابکەم.

ئیتر ئەوە بوو، وازم لێی هێنا و دەستم بە ڕۆیشتنی خۆم کردەوە.

حەملەدارەکەمان بە جوانی تێی نەگەیاندبووین، کە بە هەردوو سەر، تەنها حەوت جار دێین و دەچین، بۆیە لێمان تێك چوو، لە جیاتی حەوت جار، چواردە جار هاتین و چووین، بە مەش زۆر ماندوو بووین، ئەو کەسانەی کە بە تەمەن بوون، لە ماندووبوونان، هێندەی نەمابوو، ببورێنەوە و بکەون.

بە درێژایی ئەو سەفا و مەروایە، هەر بیرم لای سەرچاوەی ئاوی زمزمەکە بوو، کە دەگەیشتمە ئەوێ، پشووێکم دەدا و لێی ورد دەبوومەوە، لە پارچە شاخێك بەو لاوە شوێنەواری هیچ شتێکی دیکەی لێ نەبوو.

هەر لەو کاتەدا ئەو چیرۆکەم بە بیر هاتەوە، کە داپیرم لەبارەی ئەو شوێنە بۆی گێڕابوومەوە، دەیوت (ئیبراهیم پێغەمبەر ژنێکی دەبێت ناوی سارا خاتوون دەبێت، هیچ منداڵی نابێت، حەزرەتی ئیبراهیمیش زۆری حەز لە منداڵ دەبێت، بۆیە سارا خاتوون ڕازی دەکات، کە خزمەتکارەکەی کە ناوی هاجەر بوو بهێنێ). داپیرم لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی هاجەرەوە دەیوت (هاجەر ژنێکی ڕەش ئەسمەر و بە ڕەچەڵەك کورد بوو، ئیبراهیم پێغەمبەر کە هێنای لە خوا پاڕایەوە، کە نەوەیەکی باشی بداتێ. جا ئەوە بوو دوای ماوەیەك کوڕێکیان بوو، ناوی لێ نا ئیسماعیل. منداڵێکی خڕ و پڕ، جوان بوون دوای لە دایکبوونی منداڵەکەیان، لەگەڵ هاجەر زۆر ئاسوودە و دڵخۆش بوون، بۆیە ساراخاتوونی هاوسەری یەکەمی ئیرەیی پێ دەبردن، لە ناخەوە زۆر پەشیمان بوو بۆوە، کە ڕێگەی پێ دابوو هاجەری خزمەتکاری بە سەر بهێنێ. بۆیە داوای لە حەزرەتی ئیبراهیم کرد، کە هاجەر و کوڕەکەی، یەکێکیان هەڵبژێرێت. جا ئەوە بوو ئبراهیم پێغەمبەر هاجەر و ئیسماعیلی کوڕی بردە بیابانێکی وشك، کە جگە لە جانەوەر و دڕندە و زەوییەکی ڕەق و ڕووت و وشکایی هیچی دیکە لێ نەبوو. پاش ئەوەی ئەوانی لەوێ بەجێ هێشت، هاجەر ڕووی لە ئیبراهیم پێغەمبەر کرد و پێی وت چۆن دڵت

دێت من و کوڕەکەت لەم چۆڵەوانییە بەجێ بهێڵێت و بمانکەیتە خۆراکی گورگ و چەقەڵ).

داپیرم لەو کاتەدا چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوون، فرمێسکی چاوەکانی بە ڕوومەتە سپییەکانی دەچۆڕایە خوارەوە، دەتوت زیوە، زۆر بە جوانی لەسەر ڕوومەتەکانی دەدرەوشایەوە. منیش بە داپیرمم وت (داپیرە ئەوە بۆچی دەگرییت؟) ئەویش هیچ دەنگی نەکرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە و دەیوت (ئیبراهیم پێغەمبەر ڕووی لە خوا کرد و لێی پاڕایەوە، کە بیانپارێزێت و کارێکی وا بکات ئەو شوێنەیان بۆ ببێتە کاروانسەرا و گشت ڕێبوارانی ئەو بیابانە ڕوویان تێ بکەن و خواردن و خواردنەوەیان بۆ بێنن).

داپیرم لە درێژەی قسەکانیدا دەیوت (ئیدی ئەوە بوو، ئیبراهیم پێغەمبەر ڕۆیشتو هاجەر و ئیسماعیلی کوڕیشی لەو بیابانە بە جێ هێشت. دوای چەند ڕۆژێك ئەو خواردن و خواردنەوەیەی پێیان بوون تەواو بوو. ئیسماعیل لە برسان و لە تینوێتییان دەگریا، هەرچەندی هاجەر هەوڵی لەگەڵ دەدا گیری بکاتەوە، بێ سوود بوو. بۆیە وەکو شێتی لێ هات، بە ڕاکردن ئەمسەر و ئەوسەری بیابەنەکەی دەکرد، بەو شاخە هەڵدەگەڕا، تاکو سەرچاوەی ئاوێك بدۆزێتەوە، کە نەی دەبینییەوە، بە بێ ئومێدی دەگەڕایەوە لای ئیسماعیلی کوڕی. ئیسماعیلی کوڕیشی هێندە گریا، سوور و شین هەڵگەڕابوو، بۆیە هاجەر دڵی ئۆقرەی نەدەگرت، دیسان بە ڕاکردن بە چیاکە هەڵدەگەڕایەوە، دوای بێ ئومێد بوون، جارێکی دیکە دەگەڕایەوە لای کوڕەکەی. بەم شێوەیە، حەوت جار ئەمەی دووبارە کردەوە، لە دواجار کە گەڕایەوە لای کوڕەکەی، بینی لەژێر قاچەکانی ئیسماعیلی کوڕی ئاوێکی سازگار هەڵقوڵاوە).

داپیرم كه له گێڕانەوەی چیرۆكەكە بۆوە، ڕووی تێكردم و پێی وتم (بەم شێوەیە خوا بەزەیی بە هاجەر و منداڵەكەی هاتەوە و لەو بیابانە وشك و برینگەدا، ئاوێكی سازگاری بۆ پەیداكردن، بەو هۆیەشەوە ئەو شوێنە بووە كاروانسەرا، ئەو كاروانچییانەی كە لە فەلەستین و شامەوە دەهاتنە مەككە، ڕوویان لەوێندەر دەكرد، پشوویان لەوێ دەدا، لەگەڵ دەستی خۆشیاندا، خۆراك و پۆشاكیان بۆ هاجەر و منداڵەكەی دەهێنا. دوای چەند ساڵێك، ئیبراهیم پێغەمبەر دەگەڕێتەوە ئەو شوێنە، دەبینێ ئەو شوێنە ئاوەدان بووتەوە، لە هەموو شوێنێكەوە كاروانچییەكان ڕووی تێ دەكەن. ئیسماعیلی كوڕیشی گەورە بووە، بووەتە زەلام. ماوەیەك لە لایان دەمێنێتەوە، پێكەوە كەعبە چێ دەكەن، ئینجا بەجێیان دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە لای ساراخاتوونی ژنی یەكەمی).

داپیرم هەرجارێك ئەم چیرۆكەی بۆ دەگێڕامەوە، كە دەگەیشتە كۆتاییەكەی، دەیوت (ئێستە ئەو شوێنە بووتە شوێنی سەفا و مەروا، ئەوەی بچێتە حەج، دەبێ حەوت جاران بە غاردان لەو شوێنە بێت و بچێت، ئینجا خوا حەجەكەی قبووڵ دەكات. حاجی حەمەد و حاجی حەمەد كانتینی خاڵۆوانیشت ئەو شوێنەیان بینیوە).

من لەو خەیاڵە قووڵەدا بووم، هاوسەرەكەم شانی ڕاتەكاندم و وتی: بیرت بۆ كوێ ڕۆیشتووە، ئاگات لە خۆت نەماوە، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە بوون، بەرەو شوێنی پرچ تاشینەكە ڕۆیشتن، با ئێمەش بڕۆین هەتا ونمان نەكردوونە، ئێمە هیچ شوێنێك شارەزا نین، با لەوان دانەبڕێین.

ئیتر ئەوە بوو، بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتین. حەملەدار عومرەكارەكانی لە دەوری خۆی كۆكردبووەوە، قسەی بۆ دەكردن، دەیوت: ژنەكان هیچیان لەسەر نییە، تەنیا پیاوەكان نەبێت، دەبێ پرچی خۆیان بە تەواوەتی بتاشن، هیچ تاڵەمووێك بە سەریانەوەنەمێنێت.

هەر لەو کاتەدا بینیم تۆزێك لەو لای ئێمەوە، هەندێك عومرەکار، بە مەقاشێکی بچکۆڵانە چەند تاڵەموویەکی سەری خۆیان لێ دەکردەوە و دەچوونە دەرەوە.

منیش ڕووم لە حەملەدارەکەمان کرد و پێم وت: ئەی بۆچی ئەو عومرەکارانەی تەنیشتمان پرچی خۆیان بە تەواوی نەتاشیوە، تەنها چەند تاڵەمووێکییان لێی کردووەتەوە؟

وتی: لەم سەردەمە هەموو شتێك گۆڕاوە، ئەوە دەیان ساڵە حەملەداری دەکەم، بە قەدەر نیوە مەلایەکیش لە شەریعەت دەزانم، شتی وام نەزانیوە. ئەوەی من بیزانم، پێغەمبەری خوا هەر جارێك عومرەی هێنابێتەوە پرچی خۆی بە تەواوی تاشیوە، داوای لە سەحابەکانیش کردووە، کە وەکو ئەو بکەن، هیچ کەڵە موویەك بە سەریان نەهێڵنەوە، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە ئەم بیدعەیە پەیدا بووە و حاجی و عومرەکاران بۆ ئەوەی شێوەی پرچییان تێك نەچێت، تەنیا چەند کاڵە موویەکی پرچییان دەبڕن.

منیش وتم: ئێستە ئێمە چی بکەین، بە قسەی تۆ بکەین یان چاو لەوان بکەین؟

وتی: من گوناهی کەس هەڵناگرم، ئێوە ئازادن، چی دەکەن بیکەن.

زۆر ڕقم لە سەر سفرکردن دەبۆوە، چونکە لە سەربازی ئەوەی سزایان بدابایە، سەریان سفر دەکرد، بۆیە چوومە لای ئەوان و داوام لێ کردن کە لەگەڵ دەستی خۆیان دوو سێ تاڵە موو لە پرچی منیش بکەنەوە.

دوای ئەوە وەکو سەرباز هەموومان بە دوای یەکەوە ڕیزبووین، لەگەڵ حەملەدارەکەمان لە مزگەوتی حەرام هاتینە دەرەوە و چووینە لای ئەو دەرگەیەی کە پێی چووبووینە ژوورەوە، بۆ هێنانەوەی پێڵاوەکانمان.

که سەیری شوێنەکەمان کرد، پێڵاوەکانمان لە شوێنی خۆی نەمابوو، زۆرینەی خانەکانی دیکەیش گەڕاین، بەڵام بێ سوود بوو.

حەملەدارەکەمان وتی: خۆتان ماندوو مەکەن، زۆر جاری تریش وامان لێ هاتووە، لێرە کەسانێك هەن، نەفس نزمن و لە خوا ناترسن، شوێنی پێڵاوەکانی خۆیان نادۆزنەوە، بۆیە گوێ نادەنێ، هەرچی بکەوێتە بەر چاویان لە پێی دەکەن و دەڕۆن.

ئیتر ئەوەبوو، هەموومان بە پێ خواسی ملی ڕێگەمان گرتە بەر، بۆ ئەو هۆتێلەی کە لێی دابەزی بووین.

لە بەر دەرگەی مزگەوتەکە چاوم بە ناسیاوێکی کۆنی خۆمان کەوت، ئەوان بە ڕەچەڵەك بن جوو بوون، لە سەرەتای شەڕی عێراقو ئێران بە قاچاخ گەڕابوونەوە ئیسرائیل و چووبوونەوە سەر ئایینی باب و باپیرانی خۆیان.

جا کە ئەوانم بینی حەپەسام، پێم وتن: حاجی ڕۆستەم ئەوە خۆت و هاوسەرەکەت لێرە چی دەکەن، ئەی ئێوە نەگەڕابوونەوە سەر دینی جوولەکە؟

وتی: ڕاست دەکەیت، لە شەڕی عێراق و ئێران، لە سەربازی ڕامکرد، لە ڕێگەی بن جوویەکی خەڵکی گەڕەکەی تەعجیل لە شاری هەولێر، کە ناوی سەردار بوو، خۆم و خانەوادەکەم چووینە ئیسرائیل و گەڕاینەوە سەر دینی مووسا.

منیش وتم: چۆن گەڕانەوە ئیسرائیل، ڕژێمی بەعس سنوورەکانی وەکو مافوور بە سوپا چنی بوو؟

وتی: ئەو بن جووە لە ڕێگەی هەندێك قاچاخچییەوە، هەواڵی بۆ بنجووەکانی هەولێر نارد و پێی ڕاگەیاندین، کە بتلێۆزخانەی ئیسرائیل لە تورکیا هەموو ئاسانکارییەك دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەو بن جووانە و یارمەتی داراییشییان دەدات تاکو لە ئیسرائیل نیشتەجێ بن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئیتر ئەوە بوو لە ڕێگەی ئەو قاچاخچییانە خۆمان گەیاندە تورکیا و دوای لێکۆڵینەوە لە ڕەچەڵەکمان، ئینجا بە فڕۆکەیەکی تایبەت لەگەڵ چەندین خانەوادەی دیکە کە ئەوانیش بن جوو بوون، ئێمەیان بردەوە ئیسرائیل.

منیش وتم: هەروا بە ئاسانی ئێوەیان گەڕاندەوە سەر ئایینی خۆتان؟

وتی: نەخێر، ڕێوڕەسمێکی ئایینییان بۆ کردین و ئێمەیان خستە ناو حەوزێکی گەورەی ئاوەوە، بە وتەی خۆیان تاکو لەو پیسییە پاك بینەوە، کە بە هۆی بوونە موسڵمانێتیمان تێی کەوتووین. دواتریش ئێمەیان بردە کەنیشکێ، هەندێك ئایەتی تەوراتییان پێ وتینەوە، ئینجا ئێمەیان لە دەرەوەی تەل ئەبیب لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێ بوون ئاکینجی کرد.

منیش وتم: ژمارەی ئەو خانەوادانە زۆر بوون، کە گەڕابوونەوە سەر ئایینی جوولەکە؟

وتی: پێش ئێمەش خانەوادەیەکی زۆریان بردبووە ئیسرائیل، کە ئێمە گەیشتینەجێ، بە وانیشەوە ژمارەمان لە پێنج هەزار کەس ڕەتی دابوو.

منیش وتم: ئێستە زانیمان ئێوە گەڕانەوە سەر دینی باب و باپیرانتان، بەڵام لێرە چی دەکەن و بۆچی هاتوون؟

وتی: لە ڕاستیدا، نەك هەر ئێمە، بەڵکو هەموو ئەو کوردانەی کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان گەڕابوونەوە سەر دینی جوولەکە، باوەڕمان بە ئایینەکەیان نەبوو، بۆیە دوای وەرگرتنی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتی ئیسرائیلی، کەس لە ئیسرائیل نەما و هەموو خانەوادە کوردەکان ڕوویان کردە ئەورووپا و لەوێ مانەوە.

منیش وتم: ئەی تۆ چوویتە چ وڵاتێك؟ وتی: من و خانەوادەکەم چووینە ئەڵمانیا و ئێستە لەوێ نیشتەجێ بووینە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەمان دەرهێناوە و لەو کاتیشەوە تاکو ئێستە بۆ جارێکیش نەگەڕاوینەتەوە ئیسرائیل.

منیش وتم: بەڵام پێت نەوتم بۆچی هاتوونەتە ئێرە، ئەی ئێوە دەستبەرداری ئایینی ئیسلام نەبوونە؟

وتی: ئێمە بۆ بەرژەوەندی خۆمان گەڕاینەوە سەر دینی جوولەکە، بەڵام لە ناخەوە هەر موسڵمان بووین، بۆیە ئێستەش هاتووینەتە ماڵی خوا، بەڵکو بەزەیی پێمان بێتەوە و لێمان خۆشبێت.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: خۆزگە منیش وەکو ئێوەم کردبا، ئێستە وەکو ئێوە ڕەگەزنامەی وڵاتێکی ئەورووپام لە گیرفان دەبوو، ئەو هەموو دەردەسەری و مەینەتییەشم لە سایەی سەربازی و شەڕی عێراق و ئێران نەدەهاتە ڕێ.

ئەویش وتی: بۆچی تۆش وەکو ئێمە بن جوویت؟

وتم: هاوسەرەکەم بن جووە، لە جووەکانی شاری کۆیەیە، ئەوانیش خزم و کەسوکاریان، کە بن جوو بوون وەکو ئێوە گەڕانەوە ئیسرائیل و چوونەوە سەر دینی مووسا.

وتی: چاك بوو ئێوە وەکو ئێمە ناهاتن، ئێمە گوناهێکی گەورەمان کردووە، کێ دەڵێ خوا لێمان خۆش دەبێ؟

منیش وتم: هەزار گوناه و یەك تۆبەیە، خوا بە بەزەییە و لە گوناهی هەموومان خۆش دەبێ. خۆزگە منیش وەکو ئێوە ئەم دەرفەتەم بۆ بڕەخسایە، ئەوجا چی دەبەه با ببایە، ئەی تەوڕاتیش کتێبی خوا نییە؟

وتی: تازە ڕۆیشت، ناگەڕێتەوە، ستایشی خوا بکە کە لەو شەڕە نەگریە بە سەلامەتی دەرچوویتو وەکو ئێمەت لێ نەهات، هەر ڕۆژەی لەسەر ئاییننێکبیت.

دەزانی ئێمە بەرامبەر خوا لە ناخەوە هەست بە چ شەرمەزارییێك دەکەین؟!

منیش وتم: خوا بەزەیی زۆرە، بە هاتنتان بۆ ماڵی خواو هێنانەوەی عومرە، لە گشت گوناهەکانتان پاك دەبنەوە. پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما) واتە هێنانەوەی هەر عومرەیەك کەفارەتی گوناهەکانی خاوەنەکەی دەکات، ئەگەر گوناهەکانی زۆر گەورە نەبن. هەروەها لە فەرموودەیەکی تریشیدا هاتووە: (ابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ، فَإِنَّهُمَا يَنْفِيَانِ الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ).

کە وام وت، زۆر دڵیان خۆش بوو، خاتوو خانزادی هاوسەری ڕووی تێ کردمو پێی وتم: ئێستە دڵم ئاسوودە بوو، خوا خێری تۆش بنووسێت، کە دڵی ئێمەت خۆش کرد، ئێمە ئاگاداری ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر نەبووین.

منیش وتم: بە پێی ئەم فەرموودانە بێت، مرۆڤ هەر چەند جاری عومرە بێنێتەوە، لە گوناهەکانی ڕابردووی پاك دەبێتەوە، بۆیە ئێوەش بە هێنانەوەی ئەم عومرەیە وەکو منداڵێکی بێ گوناهتان لێ هاتووە.

بە هەر حاڵ، لەبەر قسەکردن، ئاگامان لە ئێش و ئازاری قاچەکانمان نەما. کە گەیشتینە بەر دەرگەی ئەو هۆتێلەی کە لێی دابەزی بووین، حەملەدارەکەمان وتی: ستایش بۆ خوا، عومرەکەمان بە سەلامەتی تەواوکرد، ئێستەش دەچینە هۆتێل و بە سەر ژوورەکاندا دابەشتان دەکەین.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا وتی: زۆری نەماوە نوێژی بەیانی ببێت، بۆیە پێویست ناکات بخەون، تەنیا دەستنوێژ هەڵگرن و جارێکی تر بگەڕێنەوە مزگەوتی حەرام و نوێژەکانتان لەوێ بکەن. هەر نوێژێکی ئەوێ بە سەد هەزار نوێژ هەژمار دەکرێت، ئەو دەرفەتە لە دەستی خۆتان مەدەن.

که ئەمەی وت، هاوسەرەکەم وتی: کەواتە لەمەودوا من تەنها کاتی ژەم دەگەڕێمەوە هۆتێل، هەر لە مزگەوتەکە دەبم و خەریکی نوێژکردن دەبم، بەڵکو خوا بەزەیی پێم بێتەوە و بمانباتە بەهەشت.

ئیتر بەو شێوەیە، لە بەر دەرگەی هۆتێل ماڵئاواییمان لە حاجی ڕۆستەم و هاوسەرەکەی کرد و ئێمەش بە پێ خواسی چووینە ناو هۆتێلەکە.

من لە هەولێرەوە لەگەڵ کۆمپانیای حەج و عومرە ڕێك کەوتبووم، من و هاوسەرەکەم پێکەوە لە ژوورێکی دوو نەفەری دابنێت، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە بەڵێنەکەی پەشیمان بۆوە و ئێمەی لە یەکدیی جیا کردەوە. هاوسەرەکەمی لەگەڵ هەندێك ژنی دیکە دانا، منیشی لەگەڵ سێ پیاو لە ژوورێك دانا.

سەرەتا زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام دوایی لێڕاهاتم و لەگەڵیان زۆر ئاسوودە بووم.

حاجی جەماڵ و حاجی ساڵح هەردووکیان ئەفسەری خانەنشینکراو بوون، حاجی سەباحیش بەڕێوەبەری پێشووی کتێبخانەی گشتیی هەولێر بوو، ماوەیەکی کەم بوو خانەنشین کرابوو.

هەرسێکیان خاوەن ئەزموونێکی زۆر بوون، بۆیە لە قسەکانیان تێر نەدەبووم، ڕۆژانە دەمدواندن، چەند لاپەڕەیەکی مێژووم پێ هەڵ دەدانەوە.

حاجی جەماڵ پێشتر حەجی کردبوو، بۆیە لە ئێمە شارەزاتر بوو، شوێنە پیرۆزەکانی دەناسیەوە، بۆی باس دەکردین.

ئێوارەیەك لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ هۆتێل، پێم وت: زۆر حەزم لە ڕووداوە مێژووییە سەرنجڕاکێشەکانە، لە ماوەی خزمەتی سەربازیتدا هیچ شتێك هەبوو سەرنجی ڕاکێشابێت؟

وتی: ڕووداوەکان زۆرن، یەکێك لەو ڕووداوانەت بۆ دەگێڕمەوە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و هەرگیز لە بیری ناکەم.

منیش وتم: فەرموو گوێم لێتە بۆمی باس بکە.

وتی: لە شاری بەغداد لە خولی ئەفسەران دەم خوێند، ڕۆژێك مۆڵەتمان وەرگرتبوو، لەگەڵ چەند سەربازێکی خولەکە، جانتاکانمان بە شانمانەوە کردبوو، بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین، بەرەو شوێنی ڕاوەستانی پاسەکان.

لەو کاتەدا، ئۆتۆمبێلێك لە تەنیشتمان ڕاوەستا، کەسێکی لێ هاتە خوارەوە، بینیم، زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو، کەسی لەگەڵ نەبوو، خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی. هاتە لامان، خۆی پێ ناساندین و لە ئەحواڵی پرسین. دوایی دەستی خستە سەر شانم و وتی: لە قسەکردنت دیارە کە تۆ کوردیت، خەڵکی کوێی لە باکووری عێراق؟

منیش وتم: خەڵکی شاری ڕواندزم.

وتی: ڕواندز شارێکی خۆشە، من لەوێ خزمەتم کردووە، شارەزای ئەو ناوچەیەم.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بە جلوبەرگەکانتان وا دیارە قوتابی خولی ئەفسەرانن؟

منیش وتم: بەڵێ ئێمە پێشتر مفەوەزی هێزی ناوخۆ بووین، ئێستەش بەشداری خولی ئەفسەرانمان کردووە و لێرە دەخوێنین.

وتی: خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی خەوتنتان چۆنە؟

وتم: لە هیچمان کەم نییە، ئامیرەکەمان کەسێکی باشە و زۆر بایەخمان پێ دەدات.

وتی: ئێوە کەی دەگەڕێنەوە وەحدەکەتان؟

وتم: حەفتەیەکی دیکە وەکو ئەمڕۆ مۆڵەتمان تەواو دەبێت و دەگەڕێینەوە.

وتی: کە گەڕایتەوە، بە ئامیرەکەتان بڵێ: زەعیم سڵاوتان لێ دەکات و لەم ڕۆژانە سەردانتان دەکات.

منیش وتم: فەرمانتە گەورەم.

ئیتر ئەوە بوو، یەکتریمان بەجێ هێشت، ئەو سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو ڕۆیشت، ئێمەش کە پاسەکە هات، بە سواری پاس چووینە گەراج و گەڕاینەوە لای خانەوادەکانمان.

دوای حەفتەیەك کە گەڕامەوە وەحدەکەمان، چوومە لای ئامیرەکەمان و پێم وت: گەورەم، حەفتەیەك لەمەوبەر، لە ڕێگە زەعیم عەبدولکەریم قاسممان بینی، پێی وتم (کە گەڕایتەوە، بچۆ لای ئامیرەکەتان و سڵاوی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ لەو ڕۆژانە سەردانیان دەکەم).

ئامیرەکەمان وتی: هەر ئەوەندەی وت؟ ئەی باسی شتێکی تری نەکرد؟

وتم: لەبارەی گوزەران و خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوەی ئێمەش پرسیاری لێ کردم.

وتی: تۆ چیت وت؟

وتم: منیش پێم وت (ئامیرەکەمان کەسێکی باشە و زۆر بایەخمان پێ دەدات و لە هیچ شتێکمان کەم نییە.

کە ئەمەم وت، زۆر کەیفی هات، دەستی خستە سەر شانم و وتی: ئافەرین، چاکت کرد، باسی کەموکوڕییەکانی ئێرەت نەکرد، لەبری ئەوە پاداشتت دەکەمەوە.

حاجی جەماڵ لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دوای دوو ڕۆژ، لە گۆڕەپانی مەشقکردن بووم، ئامیر لە دوای ناردم. کە چوومە لای، بینیم زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە شوێنی ئامیر دانیشتووە و ئامیر و ئەفسەرەکانی دیکەیش لە بەر دەمی لەسەر قەنەفەکان دانیشتوونە.

سڵاوی سەربازیم کرد و لە بەر دەمی ڕاوەستام، بەر لەوەی ئامیرەکەمان قسە بکات، زەعیم ڕووی تێ کردم و وتی: ئافەرین بۆ تۆ کە پەیامەکەی منت گەیاند، فەرموو دانیشە.

ئیتر ئەوەبوو، لە تەنیشت ئامیرەکەمان دانیشتم، هەندێك ڕێنوێنیی و ئامۆژگاریکردن، کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ سەربازەکان بکەن، دوایی ڕووی لە ئامیرەکەمان کرد و پێی وت: هەرچەندە ئەو قوتابییە سەربازەتان زۆر ستایشی ئێوەی لا کردووەمە، دەڵێ خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوەمان باشە، بەڵام من حەزم کرد لە نزیکەوە چاوم پێتان بکەوێت، ئەگەر کەموکوڕییەکتان هەبێت، بۆتان چارەسەر بکەم، چونکە هەر یەکێك لەو سەربازانە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و هاتوونەتە ئێرە، بۆیە دەبێ زۆر بایەخیان پێ بدەیت و نابێت لە هیچیان کەم بێت، تا هەست بەوە بکەن، کە ئێرە ماڵی دووەمی خۆیانە و تیایدا ئاسوودەن.

منیش وتم: ئەی دوایی؟

وتی: سەرەتا چووە چێشتخانەکە و سەری مەنجەڵی خواردنەکانی هەڵدایەوە و بە کەوگیرەکە هەندێك برنج و فاسولیای لە دەفرێك کرد و تۆزێکی لێ خوارد و ڕووی لە چێشتلێنەرەکە کردو پێی وت: (ئافەرین خواردنەکەت خۆشە، لەگەڵ خواردنی ماڵەوە جیاوازی نییە). ئینجا ڕووی لە ئامیرەکەمان کرد و پێی وت: (هەتا پێت دەکرێ بایەخ بە خواردنەکەیان بدە، چونکە ئەوان لەگەڵ مەشقکردن، زۆر ماندوو دەبن، پێویستییان بە خواردن و خۆراکێکی باش هەیە، تا وزەی لێ وەربگرن). ئامیرەکەشمان وتی: (من و ئەفسەرانی ئەم سەربازگەیە هەموومان هەمان خواردن دەخۆین و چێشتلێنەری تایبەتیمان نییە، بۆیە ڕۆژانە چاودێری دەکەم.

منیش وتم: ڕووداوێکی خۆشە، حەزدەکەم هەموویم بۆ بگێڕیتەوە.

حاجی جەماڵ یش وتی: ئارامت هەبێ، هەمووت بۆ دەگێڕمەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دوای ئەوەی زەعیم گشت بەشەکانی یەکەکەمانی بەسەر کردەوە، سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، ئێمەی بەجێ هێشت.

ئامیرەکەشمان ڕووی تێکردم و پێی وتم: کەموکوڕیمان زۆر بوون، بەڵام لە سایەی تۆوە فریای خۆمان کەوتین و توانیمان پێش ئەوەی زەعیم سەردانمان بکات، ئەو کەموکوڕییانە نەهێڵین، بۆیە سوپاسگوزارت دەبم و سێ ڕۆژ یارمەتیت دەدەم، بگەڕێوە لای خانەوەدەکەت و سڵاو ڕێزی ئێمەیان پێ بگەێنە.

منیش وتم: بە ڕاستی ڕووداوێکی خۆش بوو، سادەیی و خاکیی ئەو سەرکردە مەزنە پیشان دەدات، کە کەسی یەکەمی دەسەڵات بووە و سەرکردەی شۆڕشی چواردەی تەمووز بووە، کەچی بە سادە و ساکاری ژیاوە، نەك وەکو بەرپرسە فشۆڵەکانی ئەمڕۆ، کە تا چاو بڕ دەکات، ئۆتۆمبێل و پاسەوان لە دوایانە و پێیان شەرمە بچنە ناو خەڵك و لە ژیانی ڕۆژانەیان بکۆڵنەوە.

کە ئەمەم وت، حاجی جەماڵ وتی: عەقید سالّحیش ماوەیەك پاسەوانی سەرۆك کۆمار عەبدولڕحمان عارف بووە، ئەویش زۆر بیرەوەری ناوازەی هەیە، با یەکێك لەو سەربردانەی خۆی بۆت بگێڕێتەوە.

منیش ڕووم لە عەقید سالّح کرد و پێم وت: بە ئاسانی لێتان ناگەڕێم، ئەو چەند ڕۆژەی لێرەین، دەبێ هەر ڕۆژەی بیرەوەرییەکم بۆ بگێڕنەوە، ئێستەش حەزدەکەم ڕووداوێکم لەوانە بۆ بگێڕیتەوە کە پێوەندیی بە عەبدولڕەحمان عارفەوە هەیە؟

وتی: ڕووداوەکان زۆرن، بەڵام هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێت، کە بە یاوەریی سەرۆك کۆمار دەچووینە بارەگەی ئیزگە و تەلەڤیزیۆن، سەرۆك کۆمار بە نیاز بوو بە بۆنەی هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمووز، وتارێك پێشکەش بکات.

که گەیشتینە نزیك بارەگەی ئیزگەو تەلەڤیزیۆن، کۆمەڵێك چەکداری بەعسی توندڕۆ لە هەردوو بەری شەقامەکە، هەڵیان کوتایە سەرمان و ئێمەیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە.

من لە ترسان شڵەژام و فریای هیچ نەکەوتم، ئەو پاسەوانانەی لەگەڵیشمان بوون، هەموویان هەڵاتن، بەڵام عەبدولڕەحمان عارف بوێرانە بەرگری لە خۆی کرد و بەرپەرچی چەکدارەکانی دایەوە.

عەقید ساڵح لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە لە بارەگەی ئیزگە و تەلەڤیزیۆن زۆر دوور نەبووین، بۆیە لەگەڵ دەنگی تەقەکان، پاسەوانەکانی ئیزگە و تەلەڤیزیۆن بە خێرایی گەیشتنە لامان و ڕووبەڕووی چەکدارە هێرش بەرەکان بوونەوە و هەموویان ڕەتاندن.

لەگەڵ گێڕانەوەی ئەم سەربردەیە، هەستم بە ڕێگەی نێوان حەرەم و هۆتێلەکەمان نەکرد. کە گەیشتینە نزیك هۆتێلەکەمان، بە حاجی جەماڵ م وت: بۆ نەچینە مینی مارکێتێك، هەندێك خۆراك بۆ ئێوارە بکڕین؟

وتی: باش بوو بیرت هێنایەوە، دەنا دوای نوێژی ئێوارێ لە بەر پاڵەپەستۆی عومرەکاران ناتوانین بچینە ژوورەوە.

مینی مارکێتێك لە نزیك هۆتێلەکەمان بوو، ویستمان بچینە ژوورەوە، پیرەژنێکی عارەب ناو دەرگەکەی گرتبوو، لە بێ هێزییان قاچەکانی پێ بەرز نەدەکرایەوە، نەی دەتوانێ بەسەر کۆسپەکەی دەرگەکە بکەوێت، هەر چەند جارێکیش قاچەکانی بەرز دەکردەوە، لە بەر خۆیەوە دەیوت: یا عەلی.

کابرای خاوەن مارکێتیش کە ئێمەی بینی لە پشت ئەو ژنە گیرمان خواردووە، هاتە پێشەوە و بە ژنەکەی وت: دایە حاجی، لە جیاتی ئەوەی هێندە بڵێیت یا عەلی، تەنیا جارێك بڵێ یا ئەڵڵا، دەبینی چۆن خوا هێزت پێ دەبەخشێت و دەتوانی بە سەر کۆسپی دەرگەکە بکەویت.

وا پێ دەچوو، ژنەکە شیعە مەزەب بێت، بۆیە بە توڕەییەوە سەیری خاوەن مارکێتەکەی کرد و هیچ گوێی بە قسەکانی نەدا و هەر بەردەوام بوو لە هەوڵەکەی بۆ ئاودیوکردنی قاچەکانی لە کۆسپەکە، بەردەوامیش بوو لە وتنەوەی دەستەواژەی یا عەلی.

کابرای خاوەن مارکێت خۆی پێ نەگیرا و بە تووڕەییەوە پێی وت: دایە حاجی پێم وتی هێندە مەڵێ یا عەلی یا عەلی، تەنیا جارێك بڵێ یا ئەڵڵا، بزانە چۆن خوا فریات دەکەوێ. ئاخر عەلیش وەکو تۆ بەندەی خودا بووە و ئێستە مردووە، چی بۆ تۆ پێ دەکرێت؟!

ژنەکە هێندەی دیکە ڕقی هەستا، ئەمجارەیان بە دەنگی بەرز وتی: یا عەلی.

کە خاوەن مارکێتەکەش ئەمەی بینی، سەری خۆی لەقاند و لە بەر خۆیدا وتی: لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا.

منیش وتم: حاجی هێندە خۆتی لەگەڵ خەریك مەکە، ئەم ژنە عارەبە شیعە مەزەبە، تاکو ئێوارە لەگەڵی بڵێیت، ئەو هەر سوور دەبێ لەسەر قسەی خۆی و هەمان قەوان لێ دەداتەوە.

کابرای خاوەن مارکێتیش وتی: ئاخر چۆن تووڕە نەبم، ئەو هاتووەتە ماڵی خوا و کەچی لە جیاتی ناوی خوا بێنێت، هەر دەڵێ یا عەلی.

منیش وتم: ئەو ژنە شیعە مەزەبە، تاکە کەسێکە، تۆ ناتوانی بەرگەی بگریت، ئەی چی بە ئێمەی عێراقی دەڵێیت، لەگەڵ زۆرینەیەکی شیعە مەزەبی وەکو ئەو دەژین.

بە هەر حاڵ، لە کۆتاییدا، ژنەکە توانی قاچەکانی بخاتە سەر کۆسپەکە و بچێتە ژوورەوە، ئێمەش لە دوای ئەو چووینە ناو مارکێتەکە و هەندێك خواردنی لە قوتووکراومان بۆ خواردنی ئێوارێ کڕی.

خاوەن مارکێتەکە کە گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو، ڕووی تێ کردین، پێی وتین: لە قسەکانتان پێ دەچێت ئێوە کورد بن؟

منیش وتم: ئێمە کوردی عێراقین، لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێین.

وتی: ساڵانە خەڵکێکی زۆر بۆ حەج و عومرە ڕوو لێرە دەکات، تاکو ئێستە هیچ نەتەوەیەکم نەبینیوە وەکو ئێوە بێ کێشەی ئایینی بێت.

منیش وتم: بۆچی وا دەڵێی، خۆ ئێمەش وەکو ئێوە موسڵمانین؟

وتی: مەبەستم خراپ نییە، ئێمەی عارەبان لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە بۆ دوو بەرە دابەش بووینە، بەرەیەك شوێنکەوتووی قورئانی پیرۆز و ڕەفتار و فەرموودەکانی پێغەمبەر، بەرەیەکی دیکەیش شوێنکەوتووی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب.

منیش وتم: ئێمەی کورد زۆر بایەخ بەم بابەتانە نادەین، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئایینمان بە قورسی وەرنەگرتووە. بۆیە تاکو ئێستەش زۆر لە ئێمە نازانن کێشەی نێوان شیعە و سوننە چییە و لەسەر چی ناکۆکن؟

وتی: ئەمە چیرۆکێکی زۆر درێژە، ناتوانم هەموویت بۆ باس بکەم، بەڵام بە کورتییەکەی، دوای مردنی پێغەمبەر، موسڵمانان لەسەر دانانی جێگرەوەیەك بۆ خیلافەتی موسڵمانان بوونە دوو بەرە. بەشێکیان دەیانوت (دەبێ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بکرێت بە خەلیفەی موسڵمانان، چونکە ئەو یەکێکە لە ئەهلی بەیت)، هەندێکی دیکەیش دەیانوت (دەبێ ئەبوبەکری سەدیق بکرێت بە خەلیفە چونکە نزیکترین هاوڕێی پێغەمبەر و شوێنکەوتوویەتی، هەروەها لەبەرئەوەی کاتێك پێغەمبەر نەخۆش دەبێت، ئەو لە مزگەوتەکەی لە شوێنی خۆی دادەنێت تاکو لە جیاتی ئەو پێشنوێژییان بۆ بکات و گوتاری هەینیش بدات).

خاوەن مارکێت لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هەر ئەوەندەش نییە، دوای شەڕی وشتر، کە لە نێوان موسڵمانان ڕوویدا، بە هەزاران کەس لەو شەڕە بوونە

قوربانی، بەمەش ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە زیاتر قووڵ بۆوە، تەنانەت ئێستەش لەو سەردەمەی کە ئێمەی تیا دەژین، لە وەتی خومێنی شۆڕشی لە ئێران کردووە، شیعەکان خۆیان بە مەرجەعی هەموو موسڵمانانی جیهان دەزانن، بەوەش جارێکی تر ئەم بابەتەیان زیندوو کردووەتەوە، جارێکی دیکە موسڵمانانیان بەسەر خۆیدا دابەش کردووەتەوە.

به هەرحاڵ، شتومەکەکانمان هەڵگرت و لە مارکێتەکە چووینە دەرەوە، گەڕاینەوە هۆتێلەکەمان، حاجی سەباح و عەقید ساڵح زۆر ماندوو بوون، بۆیە لەسەر قەروێڵەکە لێی ڕاکشان و خەوتن. حاجی جەماڵ ڕووی تێکردم وتی: ئەوە بۆچی لای خاوەن مارکێتەکە وتت (ئێمەی کورد ئاینمان بە قورسی وەرنەگرتووە) ئەی ئەگەر ئەمە بە خراپ لێك بداتەوە و هەر وا بزانێت ئێمەی کورد تاکو ئێستەش هەر زەردەشتین و بە ناو موسڵمانین؟

منیش وتم: من مەبەستم زیاتر بابەتی شیعە و سوننەکە بوو.

حاجی جەماڵ وتی: من وامزانی تۆ زۆر لە شەریعەت دەزانی، دیارە تۆش وەکو ساڵح و سەباح تەنیا نوێژ و ڕۆژی گرتنەکە دەزانیت؟

منیش وتم: بۆچی وا دەڵێی، من شتێکی خراپم وتووە؟

وتی: کورد لە هەمووان زیاتر ئایینەکەی بە قورسی وەرگرتووە، چونکە چووەتە سەر مەزەبی شافعی، کە قورسترین مەزەبە لە ئیسلامدا.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام کورد خۆشی نازانێت بۆچی بووەتە شوێنکەوتووی ئەم مەزەبە. بڕواناکەم زۆرینەی خەڵك تا ئێستەش زانیاریی تەواویان لەسەر مەزەبی شافعی هەبێت، دەنا ئەم مەزەبە قورسەی هەڵ نەدەبژارد. شێخ محەمەد بالیسانی کتێبێکی هەیە بە ناوی (هذا رأيي و هذا مذهبي) تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەم مەزەبانە هەموویان ئیجتهادی

مرۆڤن‌و بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام پەیدا بوونە، دەکرێ لە هەر مەزەبێك شتێك وەربگرین و بۆ خۆمان مەزەبێکی لێ چێ بکەین و لەسەری بڕۆین.

بەڵام ئەم خەڵکە وای تێگەیشتووە، ئەگەر لە مەزەبی شافعی بچێتە دەرەوە، گوناهبار دەبێت. ئەوان لە خۆیان ناپرسن، ئەی بۆچی لە کاتی مارەکردن دەچنە سەر مەزەبی حەنەفی، چونکە مەرجەکانی ئەو مەزەبە بۆ هاوسەرگیری و گەواهیدان ئاسانترە لە مەزەبی شافعی. هەر ئەوەندەش نییە، بگرە لە کاتی زیارەتی ماڵی خوا، گشت حاجی و عومرەکاران دەچنە سەر مەزەبی حەنەفی، چونکە بە پێی ئەو مەزەبە ئەگەر دەستیشیان بەر ئافرەت بکەوێت، دەستنوێژیان لە یەکدیی ناشکێت، بە پێچەوانەی مەزەبی شافعی، کە هیچ بوارێکی بۆ ئەمە نەهێشتووەتەوە.

کە ئەمەم وت، حاجی جەماڵ وتی: ئێستە دڵت ئاسوودە کردم، من هەر خەمی ئەوەم بوو، لەم گەشتەمدا کەسێکم لەگەڵ نەبێت، کە لێم تێبگات و لێی تێبگەم.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: ستایش بۆ خوا کە من و تۆ لە یەکتری دەگەین.

وتی: کێشەی ئەو خەڵکە لێرەدایە، مێشکیان قفڵەو نایانەوێ لێت تێبگەن.

منیش وتم: لەناو کورد زانای ئایینی زۆر تێگەیشتوو هەن، بەڵام ئەوانیش لەبەر دوا کەوتوویی ئەم خەڵکە، ناوێرن هەموو شتێك بڵێن، بۆیە نهێنییەکان لەگەڵ خۆیان دەبەنە ناو گۆڕەوە.

جارێك لە شاری بەغداد سەردانی دکتۆر مستەفا زەڵمیم کرد، بۆی گێڕامەوە وتی: (کاتێك لە شاری سلێمانی مەلای مزگەوت بووم، تەختە ڕەشێکی گەورەم لە حوجرەی مزگەوتەکەم دانابوو، خەڵکم فێری خوێندن و نووسین دەکرد، تەباشیرم دەدانێ لەسەر ئەم تەختە ڕەشە فێری نووسینم دەکردن. مەلایەکانی

شاری سلێمانی، ڕاپۆرتێکیان بۆ دایەرەی ئەمن لەسەر بەرز کردمەوە، بە تۆمەتی ئەوەی گوایە مارکسیم و حوجرەی مزگەوتم بەکار هێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری چەپڕەوی لینینی مارکسی و بە گرتنیاندام).

حاجی جەماڵ قسەکانی پێ بڕیم وتی: ئەی چۆن دوایی بەریاندا، لەو کاتی ڕژێمی پاشایەتی زۆر بە توندی دژایەتی شوعییەکانی دەکرد، ئەو کەسەی بەو تۆمەتە بگیرابوایە، ئەگەر کەسێکی دیار با، لە سێدارە دەدرا یان بۆ ماوەیەکی درێژ زیندانی دەکرا.

منیش وتم: کە دکتۆر مستەفا زەڵمی ئەو سەربردەیەی خۆی بۆ گێڕامەوە، منیش هەمان پرسیارم لێی کرد، لە وەڵامدا وتی (کە منیان گرت، دوای لێکۆڵینەوە، منیان بردە لای بەڕێوەبەری ئەمنی شاری سلێمانی، کەسێکی بە ڕەگەز عارەب بوو، پێی وتم سوپاسی خوا بکە، کە شێخ محەمەدی خاڵ کەفالەتی کردویت، دەڵێ تۆ کەسێکی خراپ نیت و پێوەندیتیش بە شوعییەکانەوە نییە، دەنا بۆ هەتا هەتایە حوکم دەدرایت).

حاجی جەماڵ وتی: چاك نییە هەر بەوەندەی لێی گەڕاینە.

منیش وتم: بەڕێوەبەری ئەمن پێی وتبوو، ئەو تەختە ڕەشە لابە و لە قورئان مەچۆ دەرەوە، دەنا ئەوجارە بتگرین بەرت نادەین.

حاجی جەماڵ وتی: دوای ئەو ڕووداوە، چۆن توانیویەتی لەگەڵ ئەو مەلا ڕاپۆرتنووسانە ئیدارە بکات؟

منیش وتم: ئیدارەکردنی چی، وتی( هەر ئەو ڕۆژە مووسێکم بە ڕیشم داهێنا و تاشیم، جبە و عەمامەکەشم لە بەر خۆم داکەند و خۆم و خانەوادەکەم شاری سلێمانیمان بەجێ هێشت).

حاجی جەماڵ وتی: کەواتە لە ڕقی ئەو مەلایانەش وازی لە حوجرەی مزگەوت هێناوە؟

منیش وتم: نەخێر وازی نەهێنا، سەردەمێك ئەو ئیمام تابووری سوپای عێراق بوو، دواتر خوێندنی زانکۆیی لە زانکۆی قاهیرە تەواو کرد، بڕوانامەی دکتۆرای لە یاساو شەریعەتدا وەرگرت، زانایەکی گەورە بوو.

حاجی جەماڵ وتی: دیارە تۆش باشی دەناسیت؟

منیش وتم: خۆزگە زووتر ئەوم بناسیبا، من لە ساڵی ٢٠٠٠ی زاینییەوە بۆ یەکەمجار لە شاری بەغداد بە خزمەتی گەیشتم و هەر لەو کاتەوە پێوەندیم لەگەڵی نە پچڕا هەتا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕایەوە کوردستان و هەتا لە ژیاندا مابوو، سەردانم دەکرد، سوودم لە ڕا و بۆچوونەکانی وەردەگرت لەبارەی ئیسلام و چەمکە ئایینییەکان.

حاجی جەماڵ وتی: بۆچوونەکانی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕا و بۆچوونی مەلاکانی خۆمان هەبوو؟

منیش وتم: ئەو بە کوێرانە سەیری ئایینی ئیسلامی نەدەکرد، زانیارییە ڕاست و دروستەکانی لە هەڵبەستراوەکان جیا دەکردەوە، دەیوت (زۆر لەو شتانەی کەوتوونەتە ناو شەریعەتی ئیسلامەوە، خورافاتن، یاخۆ داب و نەریتی کۆنی عارەبی جاهیلییەکانن).

ئێمە لەو قسانەدا بووین، عەقید ساڵح لە خەو هەستایەوەو وتی: ئێستە کاتی نوێژی ئێوارێیە، ئەگەر دەستنوێژ نوێ دەکەنەوە، دەنا با بڕۆین بۆ مزگەوت، ئەگەر دوا بکەوین شوێنی باشمان دەستناکەوێت.

هەروەکو وتم مزگەوتی حەرام لە هۆتێلەکەمان زۆر دوور نەبوو، بۆیە پێش ئەوەی نوێژ دابەستن، گەیشتینە ئەوێ. دەور و پشتی کەعبە زۆر پڕ بوو، زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دەوری کەعبە دەسووڕانەوە، ژن و پیاوی ئێرانی بوون، لە جیاتی نزاکردن و پاڕانەوە لە خوا، بە دەنگی بەرز دەیانوت (مردن بۆ ئەمریکا).

به هەرحاڵ، لە بەر چڕی و پڕی مزگەوتەکە نەمان توانی لە نهۆمی خوارەوە نوێژ بکەین، ناچاربووین چووینە سەربانی مزگەوتەکە و لەوێ نوێژمان کرد.

ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێ بووین، دەیڕوانییە سەر کەعبە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو، بەو خۆرئاوایە، شەمشەمە کوێرەکان لە لانەکانیان هاتبوونە دەرەوەو بە کۆمەڵ لەسەر کەعبە و مزگەوتەکە دەخولانەوە.

بە بینینی ئەو دیمەنە، قسەکانی ئەو حاجیانەم بیر کەوتەوە کە دەیانوت (لە بەر پیرۆزی کەعبە و بەردە ڕەشەکەی، هیچ باڵندەیەك بە سەریدا نافڕێت)، بەڵام ئەوەی من بینیم پێچەوانەی قسەکانی ئەوان بوو، شەمشەمە کوێرە، کۆتر و باڵندانی دیکە پۆل پۆل بەسەریدا دەفڕین، تەنانەت جیقنەشیان دەکرد و دەکەوتە خوارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دانەوێڵەیەکی زۆریان لە دەوروپشتی مزگەوتەکە ڕوو دەکرد، بۆیە کۆتر و باڵندەکان لەو شوێنە کۆ دەبوونەوە، هەموویان نەدەچوونە سەر مزگەوتەکە، هەروەها بوونی خزمەتکارێکی زۆر لەناو مزگەوتەکە و دەورو پشتی کەعبە، کە وەکو میلی کاتژمێر بیست و چوار سەعات لە جووڵەدان، ئەو شوێنانەیان خاوێن دەکردەوە،وای کردبوو، کە حاجی و عومرەکاران هەست بە پیسی و پاشەڕۆی ئەو باڵندانە نەکەن.

## (چوونمان بۆ کێوی عەرەفە)

ڕۆژی دواتر، حەملەدار ئێمەی کۆکردەوە و پێی وتین: ئەمڕۆ بە یەکەوە گەشتێك دەکەین بۆ شوێنە پیرۆزەکانی مەککە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: شاری مەککە گەلێك شوێنی مێژوویی پیرۆزی لێیە، بەڵام ئێمە لەم گەشتەماندا، تەنها سێ شوێن بە سەر دەکەینەوە، ئەویش چیای (ثور) و ئەشکەوتەکەیەتی، هەروەها ئەشکەوتی حەڕا، دواییش دەچینە کێوی عەرەفە. لە گەڕانەوەشماندا دەچینە بازاڕی عەزیزیە، لەوێ مۆڵێکی گەورەی لێیە، ئەوەی بیەوێ دیاری بۆ دۆست و برادەرەکانی بکڕێت، شتی جوانی لێیە و نرخەکەشی لەچاو جێگەیەکانی دیکە هەرزانە دەتوانن بیکڕن. هەروەها هەندێك چێشتخانەی لێیە، خواردنەکانیان وەکو خواردنی لای خۆمانە، نانی نیوەڕۆ لەوێندەر دەخۆین.

ئیدی ئەوە بوو، سواری پاسەکان بووین و بەڕێ کەوتین. دوای چارەکە سەعاتێك گەیشتینە شوێنێك، پاسەکان ڕایانگرت، حەملەدار هەر لەناو پاسەکەوە بە دەست ئاماژەیی بۆ چیایەك دەدا و وتی: ئەم چیایەی دەیبینن، ناوی چیای (ثور)ـە و ئەشکەوتێکی تیایە هەر بە ناوی چیایەکەوە کراوە. ئەوە ئەو ئەشکەوتەیە، کە پێغەمبەری خوا لە کۆچکردنی بۆ مەدینە، لەگەڵ ئەبوبەکری سدیق سێ ڕۆژان تیادا ماوەتەوە.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کرد و پێی وت: دیارە ئەشکەوتێکی خۆش و گەورەیە، وەکو ئەشکەوتەکانی لای خۆمان؟

حەملەدار وتی: ئەو ئەشکەوتە زۆر بچووکە، درێژییەکەی هەر مەتر و نیوێك دەبێت، هەر بە ناو ئەشکەوتە، لە ڕاستیدا بریتییە لە کونێکی بچووك.

سەیفەدین وتی: ئەی چۆن توانیان سێ ڕۆژ لەو شوێنە بچووکە بحەوێنەوە؟

حەملەدار وتی: کاتێك قورەیشە بێ باوەڕەکان ویستیان پێغەمبەر و یارانی بکوژن، خوا فەرمانی پێ کرد، کە مەککە بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتە مەدینە. جا ئەوە بوو، هەر ئەو شەوە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبی لە شوێنی خۆی دانا، خۆی و ئەبوبەکری سدیقیش مەککەیان بەجێ هێشت، بەرەو مەدینە بەڕێ کەوتن. لە ڕێگە لایاندایە ئەشکەوتی (ثور) و سێ ڕۆژان لێی مانەوە. موسڵمانەکانی دیکەیش هەریەك و لە ڕاست خۆیەوە، مەککەیان بەجێ هێشت و لەسەر فەرمانی پێغەمبەر چوونە مەدینە.

سەیفەدین وتی: ئەی چۆن بێ باوەڕەکان بە دوایان نەکەوتن؟

حەملەدار وتی: ئەم چیرۆکە درێژە، بەڵام بۆت باس دەکەم. کاتێك پێغەمبەری خوا لەگەڵ ئەبوبەکری سدیق دەچنە ئەشکەوتەکەوە، بێ بڕواکان شوێنی قاچەکانیان هەڵدەگرنەوە و دەچنە لای ئەشکەوتەکە، بەڵام بە ویستی خوای گەورە، جاڵجاڵۆکە دەرگەی ئەشکەوتەکە بە داوەکەی دەچنێت و دایدەخات. جا کە ئەوان دەرگەی ئەشکەوتەکە، بەو شێوەیە دەبینن، بڕوا ناکەن کە هیچ کەسێك لە ژوورەوە بێت، بۆیە بە بێ ئومێدی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

حاجی نادر ڕووی لە حەملەدار کرد و پێی وت: مادام چیرۆکەکەت بۆی گێڕایەوە، باسی ئەوەشی بۆ بکە، چۆن لەوێ مار بە ئەبوبەکری وەدا.

حەملەداریش وتی: حاجی نادر ڕاست دەکات، کاتێك پێغەمبەری خوا زۆر خەوی دێت، سەری دەخاتە سەر ڕانی ئەبوبەکر و چاوەکانی دەنووقێنێ، لەو کاتەدا مارێك لە ئەبوبەکر نزیك دەبێتەوە و بە قاچییەوە دەدات.

سەیفەدین وتی: ئەی بۆچی ئەبوبەکر مارەکەی نەکوشت؟

حەملەدار وتی: نەیویستووە پێغەمبەر بە ئاگا بێنێت، بۆیە لە شوێنی خۆی نەجولاوەتەوە و مارەکەش پێی وەداوە. ئینجا لە تاو ئازاری قاچی و ژانی جەستەی بەبێ دەنگی گریاوە، کاتێك چەند دلۆپێك لە فرمێسکی چاوەکانی دەڕژێنە سەر ڕوومەتی پێغەمبەر، پێغەمبەر بە ئاگا دێت و بە ئەبوبەکر دەڵێ (ئەوە بۆچی دەگرییێ، چیت بە سەر هاتووە؟). ئەویش وتی (پێی دەڵێ کە مارێك پێی وەداوە). پێغەمبەریش بە چەقۆیەك شوێنی پێوەدانەکە زامدار دەکات و بە دەمی ژەهرەکەی هەڵدەمژێت و فڕەی دەداتە دەرەوە و ساڕێژی دەکات.

حەملەدار دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، ڕووی لە شوفێری پاسەکەمان کرد و پێی وت: بەڕێ بکەوە، کە گەیشتینە لای ئەشکەوتی حەڕا لەوێ بووەستە، لەوێ پشوویێك دەدەین، ئەوەی ئارەزوو بکات ئەشکەوتەکە ببینێ، دەتوانێ بچێتە سەر چیاکە و لە نزیکەوە چاوی بە ئەشکەوتەکە بکەوێت و بچێتە ناوی، ئەوەی لە خۆشی ڕانابینێت، دەتوانێ لەلای پاسەکان ڕابووەستێت و هەر لە دوورەوە تەماشای بکات.

پاسەکەمان هەندێك ڕۆیشت، لە نزیك چیایەك ڕاوەستا، لە پاسەکە هاتینە خوارەوە، حەملەدار بە دەست ئیشارەتی بۆ چیایەکە کرد و وتی: ئەو چیایەی لێتان دیارە، پێی دەڵێن چیای (ثور) ئەگەر سەیری سەرەوەی چیاکە بکەن، زۆر بە جوانی ئەشکەوتی حەڕاتان لێ دیارە. ئەم ئەشکەوتە زۆر بچووکە، تەنیا شوێنی دانیشتنی چوار بۆ پێنج کەسی تیا دەبێتەوە، بەرزییەکەی لە نێوان شەش سەد بۆ حەوت سەد مەتر دەبێت. ئەگەر لەناو دەرگەی ئەشکەوتەکە

بوەستین، کەعبەی پیرۆز و شاری مەککەتان بە جوانی لێ دیار دەبێت. پێغەمبەر پێش ئەوەی سرووشی بۆ بێتە خوارەوە ناوە ناوە بە تەنها چووەتە ئەو ئەشکەوتە و چەند شەوێك لێی ماوەتەوە.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کرد و پێی وت: بۆچی بە تەنها هاتووەتە شوێنێکی وا؟

حەملەداریش وتی: تاکو لە ئاسمان ڕابمینێت و بیر لە خاوەنی زەوی و ئاسمان و بوونەوەران بکاتەوە. کاتێك تەمەنی دەبێتە سی ساڵ، زۆرینەی شەوان خەدیجەی هاوسەری بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ئەو ئەشکەوتە، بۆ پاڕانەوە و نزاکردن، بەبێ ئەوەی بە هیچ کەس بڵێت. تەنانەت خەدیجەی هاوسەریشی بەوەی نەدەزانی، بۆیە لەم هەڵسوکەوتەی پێغەمبەر نیگەران و خەمبار بوو، وای دەزانی دڵی لای ئەو نەماوە، بۆیە خۆی لێ دەشارێتەوە.

حەملەدار لە درێژەی قسەکانیدا وتی: نزیکەی دە ساڵ پێغەمبەر ئەم نەریتەی پێڕەوکرد، بەر لەوەی سرووشی بۆ بێت. بەم شێوەیە پێغەمبەر چەندان شەو بە تەنیا لەو ئەشکەوتە دەمایەوە، چرایەکی کزی دادەگیرساند، پێستەی خۆشەکراوی ئاژەڵی لە بەر دەمی خۆی ڕادەخست و هەندێك شتی لەسەر دەنووسییەوە، دواتریش هەر لەناو ئەشکەوتەکە ئەو پێستانەی لە شوێنێك دەشاردەوە، بە دەستی ڤاڵاوە دەگەڕایەوە مەککە، دەچووە لای هاوسەرەکەی.

سەیفەدین وتی: ئەی چۆن بووە پێغەمبەری خوا؟

حەملەدار وتی: بۆ یەکەمجار، شەوێك پێغەمبەر بە تەنیا خەریکی نزاکردن و پاڕانەوە دەبێت، بە فەرمانی خوان جوبریل دەچێتە لای و پێی دەڵێ (اقْرَأْ) واتە بخوێنەوە، ئەویش دەڵێ (چی بخوێنمەوە؟)، جوبریلیش پێی دەڵێ (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ. خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ. اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ. الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ. عَلَّمَ

*الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ*). دوایی پێی دەڵێ (ئەی محەمەد تۆ پێغەمبەری خوایت و منیش جوبریلم).

سەیفەدینیش وتی: دوایی چی بەسەرهات؟

حەملەدار بە توڕەییەوە وتی: کوڕی خۆم، خۆ من مامۆستای مێژوو یان زانای ئایینی نیم تا بزانم چی بەسەرهات، بۆچی ئەو پرسیارانە لە من دەکەیت، ئەی ئەوە نییە کوڕە مەلایەك و مامۆستایەکی مێژووتان لەگەڵ دایە، بۆچی پرسیار لەو ناکەیت، با ئەو بۆت باس کات.

شێخ ڕەئووف مامۆستای مێژوو بوو، ڕووی لە سەیفەدین کرد وتی: حەملەدار ڕاست دەکات، مەرج نییە ئەوان وەکو ئێمە هەموو شتێك لەبارەی مێژووی ئیسلام بزانن، تۆ لەمەودوا ئەو بێزار مەکە چیت نەزانی پرسیار لە من بکە.

شێخ ڕەئووف بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی: جا کە پێغەمبەر ئەمەی گوێ لێ دەبێت، لە ترسان دەشڵەژێت، ئەشکەوتەکە بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە لای خەدیجەی هاوسەری. کاتێك خەدیجە پێغەمبەر بە شڵەژاوی دەبینێت، پێی دەڵێ (ئەوە تۆ چیت بەسەر هاتووە، بۆچی شڵەژاویت؟)، ئەویش ڕووداوی ناو ئەشکەوتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەویش پێی دەڵێ (بخەوە تاکو بحەسێیتەوە). دوای تۆزێك وەرەقەی کوڕی نۆفەل کە ئامۆزای خەدیجەیە دێتەماڵیان، خەدیجەش قسەکانی محەمەدی بۆ دەگێڕێتەوە. وەرەقەی کوڕی نۆفەل بە خەدیجە دەڵێ (هاوسەرەکەت ڕاست دەکات، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە محەمەد بە فەرمانی خوا بووەتە پێغەمبەر و ئایینێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە، دەبێتە مایەی سەربەرزی و شکۆداری بۆ ئێمەی قورەیش، شەرەفی خزمەتکردنی کەعبەش هەر لە دەستی خۆمان دەمێنێتەوە).

ئەم قسانە هانیان دام، هێز و توانا بدەمە خۆم، لەگەڵ حاجی نادر و سەیفەدین بەسەر چیاکە بکەوم و بچمە ناو ئەشکەوتەکە.

هەرچەند بۆم ن ئاسان نەبوو، کە نیو سەعات بەسەر ئەو چیایە بکەوم، بەڵام گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە وای لێ کردم تامەزرۆی بینینی ئەو ئەشکەوتە بم، کە یەکەم ئایەتی قورئانی بۆ پێغەمبەر لێ هاتووەتە خوارەوە.

لە کاتی بە سەرکەوتنی چیاکە، بە حاجی نادرم وت: تۆ پێشتر حەجت کردووە، نەهاتوویتە ئێرە؟

وتی: لە وەرزی حەجکردن ئێرە زۆر قەرەباڵغ دەبێت، بۆیە سەرکەوتن ئاسان نییە، لەبەر ئاپۆڕەی حاجیان، بەڵام ئێستە ژمارەمان زۆر کەمترە، بۆیە حەزمکرد ئەو مەراقەشم نەمێنێت و ئەشکەوتەکە ببینم.

بە هەرحاڵ، نزیکەی نیو دەمژمێرێك بە چیاکە هەڵگەڕاین، تا گەیشتینە ئەشکەوتەکە. بە گەورەیی لەسەر ئەشکەوتەکە نووسرابوو ئەشکەوتی حەڕا، لە بەر بچووکی کەڵکی چوونە ژورەوەی نەبوو، بۆیە هەر لە بەر دەرگە تەماشای ژوورەوەمان کرد، لەوێش تەماشای کەعبە و شاری مەککەم کرد. دیمەنێکی زۆر جوان و دڵڕفێنی هەبوو. دوای ئەوە بە یەکەوە گەڕاینەوە خوارەوە و سواری پاسەکانمان بووین و بەرەو کێوی عەرەفە بەڕێ کەوتین.

## (کێوی عەرەفە)

کێوی عەرەفە، گردێکی گەورەبوو، کۆمەڵێك بەردی گەورەی لە دەورەدا کەڵەکە کرابوون، لە هەموو لایەکەوە عومرەکاران پێی هەڵدەگەڕان. من و هاوسەرەکەم لە دوورەوە سەیرمان دەکرد، هاوسەرەکەم پێشتر چەندجارێك نەشتەرگەری قاچی بۆکرابوو، بۆیە لە خۆی ڕانەدەدیت بەو کێوە هەڵگەڕێت، زۆریشی حەز لێ بوو بچێتە سەر لووتکەکەی، وەکو ئەو خەڵکە دوو ڕکات نوێژی لەسەر بکات. منیش لە بەر ئەو نەم دەزانی چی بکەم. هەر لەو کاتەدا، دوو ژنی عومرەکار هاتنە لامان، ئەوانیش وەکو هاوسەرەکەی من لە خۆیان ڕانەدەدیت بە کێوەکە هەڵگەڕێن.

یەکێك لەو ژنانە، ناوی ئامینە بوو، کوڕەکەی کوژرابوو، بۆ ئەوەی خەفەتەکەی لە بیر بچێتەوە، هاوسەرەکەی و کوڕەکانی ناردبوویانە ماڵی خوا.

منیش لێم پرسی دایە حاجی دەکرێ بۆمان بگێڕیتەوە چۆن ئەمە ڕوویدا؟

بە چاوی فرمێسکەوە وتی: کوڕەکەم گەنجێکی زۆر جوان بوو، هێشتە ژنی نەهێنابوو، لە شاری هەولێر ئۆتۆمبێلی دەکڕی و دەفرۆشت، زیانی بۆ کەس نەبوو، خەریکی ئیشوکاری خۆی بوو. دواجار کە بینیم، نانی بەیانی لەگەڵ ئێمە خوارد، گوژمەیەك پارەی بە دەستەوە بوو، پازدە هەزار دیناری دایە دەستم و وتی (ئەو برە پارەیەت لەلا بێت، بۆ خەرجی ئەمڕۆ، ئۆتۆمبێلێکیان بۆم دۆزیوەتەوە، دەچم دەیکڕم و بۆ چێشتی نیوەڕۆش دەگەڕێمەوە).

ژنەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، وتی: هەر ئەو ڕۆیشتنە ڕیشت و هەرگیز نەگەڕایەوە، ئێمەش لە چاوەڕوانیدا ماینەوە.

منیش وتم: ئێستەش نەگەڕاوەتەوە؟

وتی: وا بۆتان دەگێڕمەوە، کوڕەکەم هاوبەشێکی لە سەوداکاریی کڕین و فرۆشتن هەبوو، ناوە ناوە تەلەفۆنی بۆ دەکردین و دەیوت (هیچ خەفەت مەخۆن، لەم ڕۆژانە کوڕەکەتان دەگەڕێتەوە)، بەڵام چەند ڕۆژێکیش تێپەڕی هەر نەگەڕایەوە، ئێمەش لە خەفەتان شوێن نەما بە دوایدا نەگەڕێین، پێوەندیمان بە گشت هاوڕێکانی کرد، هەندێکیان دەیانوت (لە بەر تەنگژەی دارایی و خراپی بازاڕەکە، لەوانەیە لەگەڵ قاچاخچییەکان بۆ هەندەران ڕۆیشتبێ)، هەندێکی دیکەیشیان دەیانوت (لەوانەیە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل چووبێتە شارەکانی دیکە هەرێم، لەم ڕۆژانە دەگەڕێتەوە).

ژنەکە ئەمەی وت و هەناسەیەکی قووڵی دیکەیشی هەڵمژی و بە دەستەکانی فرمێسکی چاوەکانی سڕیەوە و ڕووی تێکردینەوە و وتی: دوای مانگێك تەرمەکەی لە لایەن ماسیگرەکانی دەریاچەی دوکان بە کوژراوی دۆزرایەوە.

کە ئەمەی وت، زۆر خەفەتم بۆی خوارد، پێم وت: پرسیارتان لە هاوبەشەکەی نەکرد، دواجار کەی کوڕەکەتانی بینیوە؟

وتی: کە لەماڵەوە دەرچوو، ئۆتۆمبێلێکی پێ بوو، چەند ڕۆژێك لەومەوبەر، لەگەڵ هاوبەشەکەی بۆ فرۆشتنەوە، بە هاوبەشی کڕی بوویان. کە لە هاوبەشەکەیمان پرسی وتی (ئەو ڕۆژە ئەمیری کوڕتان تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم بۆ شوێنێکی دوور دەچم، ئۆتۆمبیلەکەت بۆ لە کوێ دابنێم؟ منیش وتم لە ناوچەی پیشەسازی لە بەردەم دوکانەکەم ڕایبگرە و سویچەکەش بخە ژێر قەپەنگی دوکانەکەم).

منیش وتم: بە قسەی کردبوو؟

ژنەکە وتی: کوڕەکەم ئۆتۆمبێلەکەی بۆ لە بەر دەم دوکانەکەی دادەنێت و سویچەکەشی لەژێر دەڕابەکە بۆ دەخاتە ژوورەوە.

منیش وتم: ئەو ناوچەیە بە کامێرای چاودێری تەنیوەتەوە، سەیری ئەو کامێرانەتان نەکرد، بزانن چی بە سەر هاتووە؟

وتی: بێ بەختی ئێمەن تەنها سێ کامێرا لەو کامێرانە ئیشیان دەکرد. بۆیە دوای ئەوە هیچ شوێنەوارێکی دیار نەمابوو.

هاوسەرەکەشم وتی: نەتان زانیوە لە کەیەوە کوشتوویانە؟

وتی: بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری، ڕۆژێك دوای ونبوونی کوشتوویانە، بە دەست و قاچ بەستراوەییش فڕێیان داوەتە ناو ئاوی دەریاچەکەوە.

منیش وتم: ئەی تەرمەکەیان نە شێواندبوو؟

وتی: هەردوو چاوە جوانەکانی کوڕەکەم دەرهاتبوو، هەروەها زگیان دڕاندبوو، هەردوو گورچیلەکانیان دەرهێنابوو، بە شێواوی تەرمەکەمان درایەوە دەست.

من و هاوسەرەکەم دڵمان دایەوە و پێمان وت: خوا سەبووریتان بداتەوە و بکوژەکانی کوڕەکەت ئاشکرا بکات، هەقی ئێوەی لێ بستێنێتەوە. خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم، کوڕەکەی من کەسێکی زۆر چاك بوو، زیانی مێرووڵەیەکی نەبوو، خۆزگە پارە و پووڵەکەیان ببردبا، بەس بە ناهەق نەیانکوشتبا.

هاوسەرەکەم وتی: تاکو ئێستە کەسیان لەسەر کوشتنی کوڕەکەت نەگرتووە؟

وتی: بە گومانی کوشتنی کوڕەکەم، هاوبەشەکەی ئەویان گرت، بەڵام واسیدەی هەبوو، بۆیە هەر زوو بەریاندا.

منیش وتم: سکاڵات بدە خوای گەورە و دلۆڤان، ئەو لە هەموو کەسێك دادپەروەرترە و هەقی تۆیان لێ دەسێنێتەوە.

ئەویش وتی: منیش بۆیە هاتوومەتە ماڵی خوا، تاکو سکاڵای خۆمی بۆ بەرز بکەمەوە.

ژنێکی دیکەمان لەگەڵ بوو، هەر لەبەر خۆیەوە دەیوت (*حسبي الله ونعم الوكيل*).

هاوسەرەکەشم پێی وت: خوشکم لەوەتی هاتووی تۆ لە بەر خۆتەوە دەڵێی (*حسبي الله ونعم الوكيل*)، چیرۆکی تۆ چییە و بۆچی وا دەڵێی؟

وتی: پیاوەکەم حەزی لە بێوەژنێکی عارەبان کرد و بەسەر منی هێنا، بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوەی لێ نەکەم، خەرجییەکانی ئەم زیارەتەی بۆ دابین کردم. دەیزانی دەمێکە من چاوم لە زیارەتی مەککە و مەدینەیە، بۆیە بەوە بێدەنگی کردم.

هاوسەرەکەشم وتی: نە دەبوو، ڕازی بیت، ئەوە چ بێویژدانییەکە، بۆ زەوقی خۆی دوای ئەم تەمەنە، ژنت بە سەر بێنێت و بە زیارەتێکی ماڵی خوا چاوت بگرێت؟

ئەویش وتی: جا ئەگەر ڕازی نەبوومایە چی دەبوو، شەریعەتی ئیسلام ئەو زوڵمەی لە ئێمە کردووە و ڕێگەی بە پیاو داوە چوار ژن بێنێت، لە بەر منداڵەکانم نامەوێ لێی جیا بمەوە، کچەکانم کاتی شووکردنیانە، حەزناکەم بە هۆی منەوە پەڵەیەکی ڕەش بە نیوچەوانیان بنووسێت.

کە ئەمەی وت، منیش لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر هاوسەرەکەم بزانێت منیش حەزم لە کچێك کردووە و لە بەر بە دەستهێنانی دڵی ئەو، هاتوومەتە ماڵی خوا، فەرتەنەیەك دەنێتەوە ئەوسەری دیار نەبێت).

بە هەر حاڵ، ئەوان کەوتبوونە قسان و ئاگایان لە من نەبوو، بۆیە بەجێم هێشتن و چوومە لای کێوەکە، بە سەری هەڵگەڕام. دوای ماندووبوونێکی زۆر،

خۆم گەیاندە لووتکەی کێوەکە و دوو ڕکات نوێژم لەسەری کردو لە خوا پاڕامەوە کە ئەو کچەم بە نەسیب بکات کە خۆشم دەوێ.

لە دیوی پشتەوەی کێوەکە، ڕێگەیەکی خۆشکراوی لێ بوو، عومرەکاران بە پێبلقەکان بەسەر کێوەکە دەکەوتن. منیش دوای نزاکردن، بە پێبلقەکان هاتمە خوارەوە. لەمبەر و ئەوبەری پێبلقەکان هەندێك منداڵی دەست و قاچ بڕاوی ڕەش پێستی لێ بوو، سواڵیان دەکرد.

دیتنی ئەم دیمەنە زۆر نیگەرانیان کردم، هەرچەندی تێیان ڕادەمام، نەم دەزانی لە بەر چی ئەو منداڵە چاو گەشانە دەست و قاچیان بڕاوەتەوە.

بە هەر حاڵ، چوومە لای هاوسەرەکەم و پێم وت: لە پشت کێوەکە ڕێگەیەکی خۆشی لێیە، ئەگەر حەز بکەیت بچیتە سەر کێوەکە، دەتوانی بە پێبلقەکان بە سەر بکەویت بێ ئەوەی تووشی هیچ ڕووداوێك بیت.

کە ئەمەم پێی وت، لە خۆشیان وەخت بوو باڵ بگرێت، لەگەڵ من هات، لە بەر ئەو جارێکی تر چوومەوە سەر کێوەکە.

لە کاتی هاتنە خوارەوە، کە گەیشتینە لای منداڵە دەست و قاچ بڕاوەکان، هاوسەرەکەم پێی وتم: ئەگەر بە چاوی خۆم ئەم هەموو منداڵە دەست و قاچ بڕاوەم لێرە نەدیتبا، بڕوام نەدەکرد، ئەوە چ ویژدانێکە، بۆ سواڵکردن دەست و قاچی ئەو منداڵە بێ تاوانانەیان بڕیوەتەوە، ئەوانە لە خوا ناترسن، ئەی پاشای سعودیە لە کوێیە، بە ناو خۆی بە خزمەتکاری ماڵی خوا داناوە، کەچی لە بەر چاوی ئەو ئەم تاوانانە دەکرێت.

منیش وتم: خۆزگە هەر ئەوەندە بوایە، دەڵێن ئەو هەموو خراپییەی کە لێرە هەیە، لە هیچ وڵاتێکی تر نییە.

وتی: لەوە خراپتر چی تر هەیە؟

وتم: له میدیاکان باس لەوە دەکەن، کە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سعودیە، بۆ ڕابواردن و کات بە سەر بردن، دەچنە وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئەورووپایی.

ژنەکەشم وتی: گەشتکردن خراپ نییە، خواش حەرامی نەکردووە.

منیش وتم: ئەوان بە پارەی ئەم خەڵکە ڕادەبوێرن و دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵان و لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان شەوی سوور بە ڕێ دەکەن.

کە ئەمەم وت، چاکە خوا لە بەر خراپی ئەوان، ئەم وڵاتەیان بە سەردا ناڕوخێنێ!!

بە هەر حاڵ، گەڕاینەوە لای پاسەکان و دوای تۆزێك عومرەکارەکان گەڕانەوە و بەرەو عەزیزیە بەڕێ کەوتین.

لەناو پاسەکە، حەملەدار ڕووی تێکردین، وتی: ئێستە لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بە تەنیشت شوێنی ڕەجمکردنی شەیتان تێ دەپەڕین، دەتوانن هەر لەناو پاسەکە سەیری بکەن، دواییش دەچینە بازاڕی عەزیزیە، لەوێ سوپەرمارکێت و چێشتخانەی باشی لێیە، دەتوانن شت بکڕن و نانێکی خۆشیش بخۆن.

کە گەیشتینە شوێنی ڕەجمکردنی شەیتان، حەملەدار بە شوفێرەکەی وت هەندێك بوەستە، با لە پەنجەرەی پاسەکەوە، عومرەکاران سەیری ئەو شوێنە بکەن.

سەیفەدین ڕووی لە حەملەدار کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: بۆچی شەیتانم لێ دیار نییە؟

حەملەداریش وتی: سەیفەدین گاڵتەت پێی نەیەت، گوناهت دەگاتێ، کەس لە ئێمە شەیتانی بە چاوی خۆی نەبینیوە. هەر لە کۆنەوە ئیسلام ئەم شوێنەیان وەك هێمایەك بۆ شوێنی شەیتان داناوە و ساڵانە لە کاتی حەج، دێنە ئێرە، ئەم شوێنە بە ناوی شەیتان بەردباران دەکەن.

شێخ ڕەئوفیش وتی: لە هەمووی سەیرتر، سالانە ڕووداوی جەرگبڕ و سەیر و سەمەرە لێرە ڕوو دەدات.

منیش وتم: وەکو چی؟

وتی: سالی وا هەبووە، حاجییەکان لە کاتی ڕەجمکردنی شەیتان، پالیان بە یەکتری ناوە و سەدان کەس بەو هۆیەوە کەوتوونەتە ژێر قاچ و گیانیان لە دەست داوە. حاجی نادریش ڕووی لە شێخ ڕەئوف کرد و پێی وت: ئەو شتە سەیر و سەمەرانە چین کە لێرە ڕوویان داوە؟

حەملەدار ڕووی لە حاجی نادر کرد و پێی وت: شێخ ڕەئوف ڕاست دەکات، زۆرن ئەو ڕووداوە سەیر و سەمەرانەی کە لێرە ڕوو دەدەن، ڕووداوێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە بە چاوی خۆم بینیومە. جارێك لە کاتی ڕەجمکردنی شەیتان، حاجییەکان پالیان بە یەکدییەوە دەنا، بووە ڕۆژی حەشر، کەس ئاگای لە کەس نەما، بە سەدان کەس کەوتنە ژێر قاچ، هەندێکیان مردن و ئەوانی دیکەیش سەروگوێلاك و پەراسوویان شکا. هەر لەو کاتەدا، حاجییەکی ڕەشپێستی ئەفریقیایی لە حەژمەتان ویستی خۆی لەسەر پردەکە فڕێ بداتە خوارەوە، دشداشەکەی لە محەجەرەی پردەکە گیر بوو. دشداشەکەی دڕاو لەشی کەوتە ئەو گۆڕە، ئەویش لە سەرلێشێواویان نەیدەزانی چی بکات، بە دەستێکی خۆی بە دیوی دەرەوەی محەجەرەکەوە گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەیش هاواری دەکرد فریام بکەون.

سەیفەدین قسەکانی بە حەملەدار بڕی و پێی وت: جا فریای کەوتن؟

حەملەدار وتی: هەندێك ئارامت هەبێ، بۆت باس دەکەم، ئەوجا دەزانی هەندێك لەو کەسانەی دێنە ئێرە هێندە دواکەوتوون، لەگەڵ ئاژەڵ هیچ جیاوازییەکیان نییە.

سەیفەدینیش وتی: ناکات بەزەییان پێی نەهاتبێتەوە و بە دەنگییەوە نەچووبن؟

حەملەداریش وتی: یەکێك لە حاجییەکان بە دەنگی بەرز هاواری کرد وتی: (لێ مەگەڕێن شەیتان ڕزگاری بێت). بە دەست ئیشارەتی بۆ کابرای ئەفریقیایی گیرخواردوو کرد و وتی: (ئەوەتا لە ترسی ئێمە هەڵاتووە و دەیەوێ خۆی هەڵداتە خوارەوە). کە ئەمەی وت، حاجییەکان لە جیاتی ئەو شوێنە بەردباران بکەن، کە بۆ ڕەجمکردنی شەیتان دانراوە، ئەو ئەفریقییە داماوەیان بەردباران کرد.

حاجی جەماڵ ڕووی لە حەملەدار کرد و وتی: خەتای ئەوان نییە، خەتای حەملەدارەکانە، خۆیان ماندوو ناکەن، هەندێك زانیاریی دروست نادەنە ئەو کەسانە و بە باشی تێیان ناگەیەنن، کە شەیتان لێرە بوونی نییە. پێویستە پێیان بڵێن کە ئێرە وەك هێمایەك بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕەجمکردنی شەیتان بەکار دێت.

حاجی نادر لە درێژەی قسەکانیدا وتی: منیش کە جاری پێشوو حەجم کرد، لەگەڵ حاجییەکان بۆ ڕەجمکردنی شەیتان هاتمە ئێرە، پیاوێکی بە تەمەنی عارەبم بینی، هیچ بەردی بە دەستەوە نەبوو، تا شەیتانی پێ ڕەجم بکات، ڕووی لەو شوێنە کرد و بە دەنگێکی بەرزەوە دەیوت (شەیتان گوێ بگرە، من هیچم لەگەڵ تۆ نییە، نەهاتووم تا ڕەجمت بکەم، لێم بگەڕێ، منیش لێت دەگەڕێم) ئەمەی وت و گەڕایەوە دواوە.

بە هەرحاڵ دوای ڕاوەستانێکی کورت، جارێکی دیکە پاسەکان بەڕێ کەوتنەوە، کە گەیشتینە عەزیزییە، لەوێ ڕایانگرت، منیش لەگەڵ هاوسەرەکەم چوومە سوپەر مارکێت و هەندێك جلوبەرگم کڕی. دواییش چووینە ناو بازاڕەکە، بە دووی چێشتخانەیەك گەڕاین کە خواردنەکەی وەکو خواردنی چێشتخانەکانی لای خۆمان بێت. هەر لەوێ چاومان بە چێشتخانەیەك کەوت ناوی تارج بوو،

خواردنەکانی بە خواردنی لای خۆمان دەچوو، بۆیە لامان دایە ژوورەوە و نانێکی بە تێریمان خوارد.

بەم شێوەیە، دوای پشوودانێکی یەك سەعاتی، جارێکی تر سەرکەوتینە نێو پاسەکان و گەڕاینەوە هۆتێلەکەمان لە شاری مەککە.

کە گەیشتینە جێ، حەملەدار ئێمەی کۆکردەوە و پێی وتین: بەیانی سەعات حەوت بەڕێ دەکەوین بۆ شاری جددە، لە وێشەوە بە فڕۆکە دەگەڕێینەوە شاری هەولێر. بۆیە ئەوەی ئاوی زمزمی نەهێناوە، با بچێت بیهێنێ، دەتوانن بچنە ناو مزگەوتەکە و لەوێ جەلیکان پڕ بکەن و بیهێننەوە بۆ هۆتێل، یانیش لە دوکانەکانی نزیك هۆتێلەکەمان بیکڕن.

من و حاجی جەماڵ و کاك ساڵح جەلیکانمان بە دەستەوە گرت و چووینە مزگەوتەکە بۆ هێنانی ئاوی زمزم.

زۆر مەرەقم بوو چاوم بە سەرچاوەی ئاوەکە بکەوێت، لەوێ ئاو بێنم. لە چەند کەسێکم پرسی، ئەوانیش وەکو من هیچیان لێ نەدەزانی، بۆیە چوومە لای یەکێك لەو پۆلیسانەی کە پاسەوانی دەرگەی کەعبە بوو، پێم وت: ئێمە لە هەولێرەوە هاتووین، دەمانەوێ هەندێك ئاوی زمزم لەگەڵ خۆمان ببەینەوە، بەڵام حەز دەکەین چاومان بە سەرچاوەکەی بکەوێت و لەوێ ئاو هەڵێنجین.

پۆلیسەکە لە قسەکانی ئێمە سەری سوورما وتی: تۆ باسی چی دەکەیت، بۆچی باوك و باپیرانی ئێمەش سەرچاوەی ئەو ئاوەیان بینیوە تا ئێوە ببینن؟!

منیش وتم: ئەی نالێن ئاوەکە لە کانییەك هەڵدەقولێت کە شوێن پێی حەزرەتی ئیسماعیلە؟

بە پێکەنینەوە وتی: منیش بە منداڵی، ئەم چیرۆکەم گوێ لێ بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، حەوت بیری ئیرتوازی لە حەوت شوێنی جیا جیا لێ دراون، ئەو ئاوەی کە لێیان دەردێنن، تێکەڵی تۆڕێکی ئاو دابەشکردن دەبێت و

لەوێشەوە دەگەیەنرێتە ناو چەند عەمبارێکی گەورە، دواتر لە ڕێگەی بۆڕییەوە دابەش دەکرێت.

منیش وتم: دەتوانین ئەو بیرانە ببینین؟

وتی: تۆ وا دەزانی ئەو بیرانە چەند بەژنێك قووڵن، تاکو تەماشای ئاوەکانیان بکەیت؟

وتم: ئەی چەند قووڵە؟

وتی: هەر یەکێك لەو بیرانە سەدان مەتر قووڵە و بە ماتۆڕی غەتاس، ئاوی ناویان دەهێنرێتە دەرەوە، لە ڕێگەی بۆڕیشەوە دابەش دەکرێ.

پۆلیسەکە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە بەر دابەزینی ئاستی ئاوەکانیان، ساڵانە حکومەت چەند بۆڕییەك ڕەوانەی خوارەوە دەکات، ئەگەر ئەوە نەکات، بیرەکان وشك دەبن، چیدیکە ئاو ناگاتە سەر زەوی.

بە هەرحاڵ، چەند مەترێك لەو لای کەعبەوە، ڕیزێك بۆڕی لێ بوو، عومرەکاران ئاویان لێی دەخواردەوە، ویستمان لەوێ جەلیکانەکانمان پڕ ئاو بکەین. پیاوێکی بە تەمەن وتی: ئاوی ئەم بۆڕییانە تەنیا بۆ خواردنەوەی عومرەکارانی ئێرەیە، بڕۆن لە بەرامبەر ماڵی باوکی پێغەمبەر ڕیزێك بۆڕی لێیە، لەوێ جەلیکانەکانتان پڕ بکەن.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (خێری تێدا بوو، بە ناوی ئاوی زمزم هاتین، ماڵی باوکی پێغەمبەریش دەبینین).

ئیتر ئەوەبوو، ڕۆیشتینە دەرەوەی مزگەوتەکە و دوای پرسین، چووینە ئەو شوێنەی بۆڕییەکانی لێ بوو. خەڵکێکی زۆری وەکو ئێمە، ڕیزیان گرتبوو، ئێمەش جەلیکانەکانمان لە ڕیزەکە دانا، بە دیاریانەوە وەستاین، تا نۆرەمان گەیشتێ، ئینجا پڕ ئاومان کردن. هەر ئەو کاتیش لە عومرەکارەکانی ئەوێم پرسی دەڵێن ماڵی باوکی پێغەمبەریش هەر لەم نزیکانە بووە؟

یەکێك لە عومرەکارەکان کەسێکی بە تەمەن بوو، وتی: من چەند جارێکی تریش هاتوومەتە ماڵی خوا، بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بە دوای ماڵی باوکی پێغەمبەردا بگەڕێم، تا ئەمجارە بە ڕێکەوت بینیم.

بە دەست ئاماژەی بۆ تەلارێکدا وتی: ئەم تەلارەی، کە دەیبینی، ئەوە شوێنی ماڵی باوکی پێغەمبەر بووە، لەو شوێنە لە دایك بووە، ئێستە کراوەتە کتێبخانە و پەڕتووکە کۆنەکانی ئیسلامی لێ هەڵگیراوە.

لەگەڵ حاجی جەماڵ و کاك ساڵح چووینە ئەوێ، پیاوێکی بە تەمەن، عەگاڵی لەسەر بوو، خەڵکی شاری مەککە بوو، بەرپرسی کتێبخانەکە بوو، سڵاوم لێی کرد و پێم وت: ئێمە لە هەولێر هاتووین، حەز دەکەین هەندێك زانیاریمان لەسەر ئەم شوێنە بدەیتێ؟

وتی: مێژوونووسان و شوێنەوار ناسان دەڵێن (ئێرە شوێنی ماڵی باوکی پێغەمبەر عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشم بووە، پێغەمبەری خوا لەم شوێنە لە دایك بووە) منیش لەوەندە زیاتر هیچی لێ نازانم.

کە ئەمەی وت، حاجی جەماڵ  بە توڕەییەوە وتی: ئێمە لە کوردستانەوە بۆ ئێرە هاتووین، تەنیا پرسیارێکمان لێ کردیت، کەچی تۆ دەتەوێ لە کۆڵ خۆتمان بکەیتەوە و هیچمان پێ نەڵێیت.

ئەویش وتی: لەوە زیاتر چیتان بۆ باس بکەم، تەنانەت دیاریش نییە بە ڕاستی ئێرە ئەو شوێنەیە، کە پێغەمبەری لێ لە دایك بووە یان نا. چونکە ئەم شوێنەیان بە گریمانەکردن دەستنیشان کردووە، لەوانەیە

هەندێك لەولاتریش بێت، ئەمەیان خوا دەیزانێت.

منیش وتم: لێمان توورە مەبە، کە پرسیارت لێ دەکەین، چونکە ئێمە تەنیا مێژووی ئیسلامیمان لە قوتابخانە خوێندووە، ئەوە یەکەم جارە ئەم شوێنە ببینم، کە قورئانی پیرۆزی لێ هاتووەتە خوارەوە.

بەرپرسی کتێبخانەکە وتی: لێتان تووڕە نابم، ئێوە ئازادن هەر پرسیارێکم لێ بکەن، منیش بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەمە وەڵامتان دەدەمەوە.

ویستم پرسیارێکی تری لێ بکەم، کاک ساڵح وتی: وازی لێ بێنە، پێ دەچێ ئەم پیاوەش هەر بە هێندەی ئێمەی لێ بزانێت، شەرمەزاری مەکە.

منیش وتم: بۆچی بێزار دەبێت، ئەو خەڵکی شاری مەککەیە، هەر هیچ نەبێ، لە ئێمە زیاتر شارەزایە.

ڕووم تێی کر دو پێم وت: لە کتێبی مێژوو خوێندوومەتەوە دەڵێن ئەبو جەهلی مامی پێغەمبەریش دراوسێی ئەوان بووە.

کە ئەمەم وت، بە دەست ئیشارەتی بۆ ئاودەستخانەکانی بەرامبەرمان کرد، وتی: دەڵێن شوێنی ئەو ئاودەستخانانە شوێنی ماڵی ئەبو جەهل بووە.

منیش وتم: ئەی بۆچی ئەو شوێنەشیان وەکو ئێرە جیانەکردووەتەوە؟

وتی: ئەی ئەوە نییە کردویانەتە ئاودەستخانە، حاجی و عومرەکاران دەچنە ئەوێ و خۆیانی لێ بەتاڵ دەکەن.

زانیم کاک ساڵح ئەو هەموو پرسیارانەی منیان بە دڵ نییە، بۆیە ڕووم لە حاجی جەماڵ کرد و پێم وت: دەزانم تۆ زۆر کەیفت بە دەموچاوی ئەو پیاوە نایەت، بەڵام چی بکەم لەو زیاتر کەسی تر لێرە شك نابەم پرسیاری لێ بکەم.

ڕووم لە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە کردەوە و پێم وت: پێش ئێستە داوام لە پۆلیسە پاسەوانەکەی دەرگەی کەعبە کرد، کە شوێنی ئاوی زمزمەکەم پیشان بدات، وتی (ئاوەکە لە چەند بیرێکی ئێرتوازی دەردەهێنرێت) ئەوە وایە؟

وتی: ڕاست دەکات.

کە ئەمەی وت، خەیاڵم گەڕایەوە بۆ چەند ساڵێك بەر لە ئێستە، (کاتێك بۆ گەشتی زانستی، قوتابیانی قۆناخی سێیەمی یاسام بردە پەرستگەی لالش. لەناو پەرستگەیەکە، کانییەکی لێ بوو، ئاوێکی سازگاری لێ هەڵدەقولا، چوومە لای

سەرچاوەکەی و دەموچاوی خۆم بە ئاوەکەی شووشت. ڕائید خەلۆ قوتابییەکی ئێزدی بوو، هاتە لام، سەری هێنا ژێر گوێم و بە دەنگێکی نزم پێی وتم (مامۆستا ئەو ئاوە پیرۆزە، تەنیا بۆ خواردنەوەیە، بۆ دەموچاو شووشتن نابێت) منیش وتم بۆچی؟ وتی (ئەمە ئاوی زمزمە و بەپێی ئایینەکەمان، جگە لە خواردنەوە بۆ هیچ شتێکی دی نابێ بەکار بێت).

کاتێك چووینە سەردانی بابەشێخ، لێم پرسی بابەشێخ ڕائید خەلۆ دەڵێ ئاوی کانییەکەی لالش، ئاوی زمزمە و پیرۆزە و تەنیا بۆ خواردنەوە بەکار دێت.

بابەشێخ وتی (ڕاست دەکات، ئەمە ئاوی زمزمە و زۆر پیرۆزە نابێ لە خواردنەوەی بەو لاوە بۆ هیچ شتێکی تر بەکار بێت) منیش وتم ئەگەر ئەوە ئاوی زمزم بێت، ئەی ئاوەکەی ماڵی خوا چییە؟

وتی (ئاوی ئەوێ لقێکە لە ئاوی زمزمەکەی ئێرە). بابە شێخ لە درێژەی قسەکانیدا وتی (وڵاتی ئێمە لە چاو وڵاتانی دی وەکو بەهەشتە، خوا ئەو سروشتە جوان و ئاوە سازگارەی پێ بەخشیوین، بەڵام باب و باپیرانی ئێوە خۆڕاگر نەبوون، بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی شوێنکەوتووانی ئایینی ئیسلام، بۆیە بە زەبری شمشێر بوونە موسڵمان و دەستبەرداری ئایینی ڕاستەقینەی خۆیان بوون، بەڵام ئێمە خۆڕاگربووین، وێڕای ئەوەی چەند جارێك ڕەشەکوژیش کراین، بەڵام هەر لەسەر ئایینی خۆمانماینەوە). منیش وتم کەواتە بۆیە پێتان دەڵێن کوردی ڕەسەن؟ وتی (چونکە ئێمە خۆمان نەداوە بە دەستەوە، هەرچەند کۆمەڵکوژییان کردین، پەڕتووکە پیرۆزەکەشیان لێ سووتاندین).

لەناو گەرمەی ئەم خەیاڵانەدا بووم، حاجی جەمالٚ دەستی خستە سەر شانم و وتی: وا دیارە خەیاڵت بۆ شوێنێکی زۆر دوور ڕۆیشتووە، ئاگات لە ئێمە نەماوە؟

منیش وتم: داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، خەیاڵەکانم منیان بردەوە بۆ شوێنێکی زۆر دوور، بۆیە هیچ ئاگام لە خۆم نەمابوو.

ئیتر بەم شێوەیە، جەلیکانەکانمان هەڵگرت و بەرەو هۆتێلەکە گەڕاینەوە.

کە گەڕاینەوە هۆتێل، بیرم لای خۆشەویستە نوێیەکەم بوو، چوومە بازاڕ، دوو دەستە جلی جوان و هەندێك خەنەی جوانکاری و کل و کلدان و ملوانکەم بۆی کڕی، بە جوانی پێچامەوە و هێنامەوە هۆتێل، هەر بەو شەوە لەناو جانتاکەی خۆم شوێنم بۆی کردەوە.

بەیانی زوو، لە خەو هەستاین، لەگەڵ حاجی جەماڵ و کاك ساڵح چووینە مزگەوتی حەرام و نوێژی بەیانیمان لەوێ کرد، دواییش دوو جار بە دەوری کەعبە سووڕاینەوە، خۆم گەیاندە شوێنی بەردە ڕەشەکە و لە خوا پاڕاماوە، کە مرازم بێنێتە دی، ئەو کچەی کە خۆشم دەوێ بە نەسیبم بکات، بەبێ کێشە بە یەکدییمان شاد بکات.

تا ئێمە گەڕاینەوە هۆتێل، عومرەکاران لە بەر دەرگەی هۆتێلەکە چاوەڕێی گەیشتنی پاسەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە جددە، لە وێشەوە بە فڕۆکە بگەڕێینەوە هەولێر.

## (گەڕانەوە بۆ شاری هەولێر)

کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی جددە، ئاوێکمان بە دەموچاومان داکرد، دوای پشوویەکی کورت چووینە شوێنی پشکنینی جانتاکان، دواتریش مۆری گەڕانەوەمان لە پاسپۆرتەکانمان دا، ئینجا ڕۆیشتینە هۆڵی چاوەڕوانی.

دوای وچانێکی کورت، لە بڵندگۆیەکە، بانگیان ڕاهێشت (ئەو عومرەکارانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە شاری هەولێر، با بفەرموون، فڕۆکە ئامادەیە).

عومرەکاران کە ئەمەیان گوێ لێ بوو، لەناو هۆڵەکە کردیانە غەڵبە غەڵب و پاڵدان، کەس خوشك و برای کەس نەبوو، وەکو شێتخانەی لێهات، هەمووان بە جارێك بەرەو دەرگەی چوونە دەرەوە هێرشیان برد.

کارمەندی فڕۆکەخانە، چەند جارێك هاواری کرد، بە دەنگی بەرز پێی وتن: زۆر شوورەییە، پاڵ بە یەکترییەوە دەنێن، سیستەمی فڕۆکەخانە تێك دەدەن و پشێوی دەنێنەوە.

بەڵام ئەوان هیچ گوێیان پێی نەدا و بەردەوام بوون لە نانەوەی پشێوی.

بە هەرحاڵ، کارمەندی فڕۆکەخانە، بە ناچاری کەوتە ژێر باری ئەو دۆخە و عومرەکاران و دەرگەیەکەی بۆ خستینە سەر پشت.

عومرەکاران هەموویان بە جارێك هێرشیان بۆ ناو فڕۆکەکە برد، دەتوت مێگەلە مەڕ و ماڵاتن، لە لەوەڕگە گەڕاونەتەوە.

فڕۆکەکە بۆینگ ٧٤٧ جۆری جەمبۆی دوو نهۆمی بوو، لە بەر ئەوەی ژمارەی کورسی لەسەر پلیتەکان نە نووسرابوو، بۆیە عومرەکاران هەڕەمەکییانە دابەش بوونە سەر کورسییەکان. ئەمەش وایکرد زۆر عومرەکاران لە هاوسەرەکانیان جیابوونەوە، من و هاوسەرەکەشم لە یەکتری جیا بووینەوە، من لە نهۆمی خوارەوە شوێنم بەرکەوت، هاوسەرەکەشم لە نهۆمی سەرەوە دانیشت. کەس بە کەس نەبوو، نەمزانی بۆچی ئەو عومرەکارانە لە گەڕانەوەیان لە ماڵی خوا، ئەقڵیان لە دەست دا، بەم ڕەفتارە ناشیرینەیان وێنای کوردیان لە بەر چاوی کارمەندانی فڕۆکەخانەی جددە ناشیرین کرد.

دوای ئەوەی هەمووومان دانیشتین، فڕۆکەوانەکە وتی: پاش کەمێکی دیکە بەرەو ئاسمان بەرز دەبینەوە، تکاتان لێ دەکەم خۆتان ببەستنەوە و مۆبایلەکانیشتان خامۆش بکەن، پابەندبوونتان بەو ڕێنوێنییانە بۆ سەلامەتی ئێمەو ئێوەیە.

هەندێك لەو عومرەکارانە تەقەی سەریان دەهات، نە خۆیان بەستبۆوە، نە مۆبایلەکانیشیان خامۆش کردبوو. بۆیە کارمەندانی فڕۆکەکە، بە ناچاری بە سەرمان سووڕانەوە و یەك بە یەك ئاڕاستەیان دەکردین.

بە هەر حاڵ، کاتێك فڕۆکەکە بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە، هەندێك دەروێشمان لەگەڵ بوون، دەفەکانیان دەرهێناو دەستیانکرد بە دەف لێدان و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد (خوایە بیکەیتە خاتری گەورەیی خۆتو محەمەد مستەفا بمانپارێزیت و بە سەلامەتی بگەینەوە ناو ماڵ و منداڵەکانمان).

فڕۆکەوانەکەش ناوە ناوە لە بڵنگۆیەکە دەیوت: هەندێك مۆبایلەکانیان خامۆش نەکردووە، تکایە دای بخەن، کاری نەرێنی کردووەتە سەر تۆڕەکانمان و سەلامەتی فڕۆکەکەی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە.

حەملەداریش ڕووی تێکردین و بە دەنگی بەرز وتی: خوشکان و برایان، بۆ خاتری خوا، تکایە مۆبایلەکانتان خامۆش بکەن و بە هێمنی لە شوێنی خۆتان دانیشن، با لە سایەی هەندێکتان تووشی ڕووداوێکی خراپ نەبین.

مام نادریش لە شوێنی خۆیەوە بە دەنگێکی بەرز دەیوت: ئاخر خاوەنی ئەو ئەقڵە دواکەوتووەینە، بۆیە تاکو ئێستە نەبووینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.

سەیفەدینیش ڕووی لە مام نادر کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: ئاخر ئەمە چ پێوەندییەکی بە دەوڵەتی کوردییەوە هەیە؟

حاجی جەماڵ ، ڕووی لە سەیفەدین کرد و پێی وت: کوڕی خۆم، حاجی نادر ڕاست دەکات، تا ئێمەی کورد فێری ڕێکوپێکی نەبین نابینە هیچ. شێخ ڕەئوفیش ڕووی لە حاجی جەماڵ کرد و پێی وت: سەیفەدین ڕاست دەکات، کە وڵاتە زلهێزەکان ڕێککەوتنی سایکس پیکۆیان لە دژی کورد مۆر کرد، مۆبایل و ئەو تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەی ئێستە نەبوو، بەڵام ئەوان نەیان دەویست کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەر بۆیە بە شێوەیەکی وا بەسەر چوار دەوڵەتیان دابەش کردین، کە بۆ هەتا هەتایە نەتوانین یەك بگرینەوە و ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.

حاجی جەماڵیش وتی: ئەو کاتیش ئەگەر کورد لە ناوخۆ یەك بووایە و ڕێزی لە یاسا بگرتایە، دابەشیان نەدەکرد،نو وەکو گەلانی دیکە ئێمەشیان دەکردە خاوەن دەوڵەت، بەڵام ئەو کاتیش هەر میرێك لە میرانی کورد بۆ خۆی هەوڵی دەدا، وەکو ئێستە خۆخۆر و دوژمنی سەری یەك بوون.

***

دوای ئەوەی گەیشتینە جێ، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردین، هەر هەموویان چاویان لە دیاری و ئاوی زمزم بوو. منیش تەنها دیاریم بۆ خۆشەویستە نوێیەکەم هێنابوو، بۆیە چوومە بەرامبەر مزگەوتی سەواف، لەوێ دوکانێکی فرۆشتنی ئاوی

زمزم و دیاری حەج و عومرەی لێ بوو، هەندێك ئاوی زمزم و دیاری ترم کڕی و هێنامەماڵەوە، دەمدایە ئەو کەسانەی کە بۆ پیرۆزبایی سەردانیان دەکردم.

دوای پشوودانێکی سێ ڕۆژی، گەڕامەوە سەر کارەکەم، دیارییەکانم دایە خۆشەویستەکەم و لە ئامێزم گرت، ماچێکم لە ڕوومەتی کرد، ئەویش بە دەستە نەرم و نۆڵەکانی ناوقەدی منی گرت و ماچێکی لێ کردم و وتی( خۆزگە منیش نەمردبام سەفەرێکی ماڵی خوام لەگەڵ تۆ کردبا، ئەو هیوایەم بهاتبا دی).

منیش وتم: عومرەی ئەم جارەم لە پێناو خۆشەویستی تۆ کردووە، بۆ نزاکردن چوومە ماڵی خوا، تا هەردووکمان بە یەکدیی بگەیێنێت. بەڵێنت پێ دەدەم، عومرەی داهاتوومان بە یەکەوە دەبێت و لە شاری مەدینەی پیرۆز دەچینە شەوی هەنگوینی.

کە ئەمەم وت، زۆر دڵخۆش بوو، لەژێر لێوەکانی بە نەرمی وتی: بە تەمای خوا.

## (چوومە توركیا بۆ شاری گەشتیاری ئالانیاو ئەنتالْیا)

كە گەڕامەوە، بیرۆكەی گەشتێكی دیكەم بۆ هات، بۆ وڵاتی توركیا بۆ شاری گەشتیاری ئالانیا و ئەنتالْیا. بۆ ئەم مەبەستە، لە گەڕەكی برایەتی لەسەر شەقامی چل مەتری، سەردانی نووسینگەیەكی گەشتوگوزاریم كرد، یەكەم جار بوو ناوی ئەم نووسینگەیەم گوێ لێ بێت، كوڕێكی گەنجی لێ بوو ناوی محەمەد بوو وتی: گەشتەكەمان بە پاس دەبێت، بە پارەیەكی كەم، دەتانبەین بۆ زۆرینەی شوێنە گەشتیارییە خۆشەكانی ئەستەنبۆڵ.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو چەند ڕۆژەی لە ماڵی خوا بووم، لە بەر نوێژ و تاعەتكردن زۆر ماندوو بووم، بۆیە پێویستم بە جەو گۆڕینێكی دیكەی جیاواز هەبوو، بۆیە خۆم ناونووس كرد.

دوای چەند ڕۆژێك گەشتەكەمان دەستی پێكرد. خۆشبەختانە، لەو گەشتەمدا، بە ڕێكەوت چەند هاوڕێیەكم لەگەڵ بوو، یەكێك لەوانە زیرەك كەمال ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەت بوو، ئەوەی دیكەیان لای من مامۆستا بوو.

كاتژمێر حەوتی بەیانی بەڕێ كەوتین، تا گەیشتینە شاری دهۆك نزیكەی سێ كاتژمێرمان پێ چوو. كە گەیشتینە مەرزی ئیبراهیم خەلیل، بیرەوەرییەكانی شەڕی ناوخۆی كوردستانم بە بیرهاتەوە.

بە هەرحاڵ، دوای پشوویەكی كورت جانتاكانیان پشكنین و پاسپۆرتەكانیان بۆ مۆر كردین و بەرەو شارۆچكەی ماردین بەڕێ كەوتین.

پێشتر ناوی ماردینم گوێ لێ بوو بوو، بەڵام لە نزیکەوە نەمبینی بوو. سروشتێکی دڵڕفێنی هەبوو، جموجووڵێکی زۆری تەلارسازی تیا بوو، لە هەموو لایەکەوە باڵاخانەی لێ دروست دەکرا. ڕووم لە سەرپەرشتیاری گەشتەکەمان کرد، پێم وت: لە کەیەوە ئەم شارۆچکەیە وا گەورە بووە؟

وتی: لەوەتی تورکیا نەوتی کوردستان بە نرخێکی کەم بۆ خۆی دەبات، بەشێکی داهاتی ئەو نەوتە، لەو شار و شارۆچکانەی سەر سنوور خەرج دەکرێ.

منیش وتم: ئەی بۆچی دەیانوت حکومەتی تورکیا بایەخ بە ناوچە کوردنشینەکان نادات؟

ئەویش وتی: پیشان حکومەت بایەخی بەو ناوچانە نەدەدا، بەڵام لەوەتی پێوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ کوردستان پتەو کردووە، بەرژەوەندیی کەوتووەتە ئەو ناوچانە، بۆیە بایەخیان پێ دەدات، وا بزانم ئامانجێکی سیاسیشی لە پشتەوەیە.

وتم: وەکو چی؟

**وتی: دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێتە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، کە زۆرینەیان کوردن، کە هیچی تر دوای پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەوتن و چەکیش لە دژی حکومەت بەرز نەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی کە گوایە حکومەت بایەخیان پێ نادات، بە چاوێکی جیاوازتر لە تورکەکان سەیریان دەکات.**

بەردەوام بووین لە گەشتەکەمان، بەرەو شاری دیار بەکر بەڕێ کەوتین. شاری دیاربەکر پایتەختی باکووری کوردستانە، دوای کاتژمێرێك گەیشتینە ئەوێ. شوفێرەکە پاسەکەی لە بەردەم مۆڵێکی گەورە بە ناوی ceylan ڕاگرت وتی ئەمە گەورەترین مۆڵی دیار بەکرە، بۆ ماوەی کاتژمێرێك لێرە پشوو دەدەین، دەتوانن لەو مۆڵە شتومەك بکڕن، هەروەها چەندین خواردنگەی خۆشی تیایە، ئەوەی حەز بکات دەتوانێ نان بخوات.

له پاسەکە هاتینە خوارەوە، لەگەڵ ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت پیاسەیەکمان بەناو دوکانەکانی مۆڵەکە کرد، دواییش لە یەکێك لەو ڕیستورانتانە دانیشتین کە لەناو مۆڵەکەدا بوو، نان و کەبابێکی بە تام و بە لەزەتمان خوارد. بە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتم وت: یەکەم جارە لە نزیکەوە چاوم بە شاری دیاربەکر بکەوێت.

ئەویش وتی: منیش یەکەم جارمە سەردانی تورکیا بکەم، زۆر لە مێژە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە دەکەم.

وتم: بۆچی زووتر نەدەهاتی؟

وتی: حکومەتەکانی پێشووی تورکیا سەوداکارییان لەگەڵ کورد زۆر خراپ بوو، لەوەتی خۆم ناسیوە، پێشمەرگە بوومە و لە مەیدانی کوردایەتی کارم کردووە، بۆ من ئاسان نەبوو لە بارودۆخێکی وا خراپ سەردانی تورکیا بکەم، بەڵام ئێستە لە چاو ئەو کات، تا ڕادەیەك سیاسەتی حکومەت لەگەڵ کورد باشتر بووە، بۆیە منیش ئەم وەرچەرخانەم بە هەلزانی و بەشداری ئەم گەشتەم کرد.

دواتر سواری پاسەکان بووینەوە، بەرەو شاری مێرسین بەڕێ کەوتین. سەرپەرشتیاری گەشتەکەمان ڕووی تێکردین وتی: دوای شەش کاتژمێری تر دەگەینە شاری مێرسین. مێرسین شارێکی گەشتیارییە و لەسەر دەریایە، کەشێکی خۆشی هەیە، پێش ڕۆژئاوابوون دەگەینە جێ، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لەوێ دەمێنینەوە.ئێوەش دەتوانن، بڕۆنە سەر دەریا، ئەوەی ئارەزووی مەلەوانی هەبێت، دەتوانێ مەلەوانی بکات، ئەوانی لە ڕێستورانتەکانی ڕۆخی دەریا پشوو بدەن و خواردن و خواردنەوەی بە تامی لێیە بیخۆن.

ئیتر بەم شێوەیە، بەرەو شاری مێرسین بەڕێ کەوتین. زۆرم خەو دەهات، کورسییەکەم شکاندەوە و چاوەکانم خستنە سەر یەك، تاکو گەیشتمە جێ، لە خەو هەڵنەستامەوە.

کاتێك گەیشتینە جێ، پاسەکەمان لە شوێنێکی نزیك دەریا ڕایگرت، هەمووممان بە یەکەوە بەرەو کەناری دەریا ڕۆیشتین.

دیمەنێکی جوان بوو، لە هەموو لایەکەوە گەشتیاران ڕوویان تێی کردبوو، چوومە کەناری دەریاکە، تەماشای ئەو کچە جوانانەم دەکرد، کە خۆیان ڕووت کردبۆوە، تەنیا مایۆیان لەپێ، دەتووت فریشتەی دەریان، مەلەوانیان دەکرد.

کچێکی خەڵکی شاری سلێمانیمان لەگەڵ بوو، کە گەیشتینە کەناری دەریاکە، جلەکانی داکەند و جلی مەلەوانی لەبەر کرد، خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکە. لە جوانیان دەتوت مانگە دەدرەوشێتەوە، وەکو ماسی لەناو ئاوەکە دەهاتو دەچوو.

لەبەر جوانییەکەی لە شوێنی خۆم چەقیم و جووڵەم نەکرد. کورسییێکم لە بەرامبەری دانا و بە دیارییەوە دانیشتم. دوای تۆزێك لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، تووتییەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی بە کرێ وەرگرت، لەسەر لیمەکە لێی ڕاکشا، تووتییەکەشی خستە سەر قاچێکی، دەتوت فریشتەیە. هەندێك وێنەی لەگەڵ تووتییەکە گرت و دوایی هەستایەوە و بەرەو شوێنی خۆگۆڕین ڕۆیشت، جلەکانی پۆشییەوە.

منیش خەیاڵم هەر لای ئەو بوو، لە بیری خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی بەخت یاوەرم بێت و بتوانم هاوڕێیەتی بەدەست بێنم).

زۆرم حەز لێ بوو، منیش وەکو ئەو گەشتیارانە بچمە ناو دەریا و مەلەوانی بکەم، بەڵام مەلەوانیم نەدەزانی، دواتریش زۆر لە ئاوی دەریا دەترسام، بۆیە زۆرینەی کاتەکەم بە تەماشاکردنی ئەو دیمەنانە بە سەر برد.

دوایی سواری بەلەمێك بووم، چوومە ناو قەڵای مێرسین، کە لەناو دەریاکە بوو، هەندێك وێنەم گرت، دوایی گەڕامەوە، چوومە پارکی ئەتاتورك،

سەندویچێکی شاورمەم کڕی و لەناو پارکەکە بە دیار بینینی ئافرەتە گەشتیارەکانەوە خواردم، کە بۆ مەلەوانی هاتبوونە ئەوێ.

شنەبای سەر دەریایەکە، کەشەکەی شێدار و خۆش بوو. نزیکەی کاتژمێرێك لە پارکەکە دانیشتم، هەندێك وێنەم لەگەڵ پەیکەری ئەتاتورك گرت، دوایی هێدی هێدی بەرەو لای پاسەکان ڕۆیشتم.

ئیتر بەم شێوەیە، بەرەو ئالانیا بەڕێ کەوتین. شاری ئالانیا سێ کاتژمێر لە مێرسینەوە دوور بوو، هەر تۆزێك چاوەکانمان گەرم کرد، گەیشتینە جێ. سەرپەرشتیاری گەشتەکە، ئێمەی بە سەر دوو هۆتێل دابەش کرد. هۆتێلەکەی ئێمە چوار ئەستێرە بوو، لەسەر شەقامێکی جووت سایت بوو، دەیڕوانییە سەر دەریاکەوە. مەلەوانگەیەکی گەورەش لەناو باخچەی هۆتێلەکە بوو، بەیانیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات ئەو گەشتیارە بیانیانەی، کە لە هۆتێلەکە دابەزیبوون، مەلەوانیان تیایدا دەکرد، دواتریش هەر لە ڕۆخی مەلەوانگەکە لەسەر پشت لێی ڕادەکشان، خۆیان دەدایە بەر تیشکی خۆر. هەندێکیشیان شەراب و وێسکییان دەخواردەوە و لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکە سەمایان دەکرد.

منیش کە لە خەو هەستام، پێش ئەوەی بچمە کەناری دەریایەکە، لە ڕۆخی مەلەوانگەکە، لەسەر کورسییەك دانیشتم و سەیری ئەو کچ و ژنانەم دەکرد، کە وەکو ماسی مەلەوانیان دەکرد، ئەوانی دیکەیش، کە خۆیان دابووە بەر تیشکی خۆر، دەتوت فریشتەن لە جوانیدا دەدرەوشانەوە.

دانیشتن بە دیار ئەوانەوە تام و چێژی خۆی هەیە، مرۆڤ لێیان تێر نابێ. نەش دەکرا هیچ نەخۆمەوە، لەسەر مێزێکی ڤالا بە دیاریانەوە دانیشم. بۆیە ناچار بووم منیش وەکو ئەوان بکەم و گڵاسێك بیرە لە بەردەمی خۆم دابنێم و بە فڕی بچووك بە دیار ئەم دیمەنە دڵڕفێنە بیخۆمەوە.

کوڕە گەنجەکانی گرووپەکەمان وەکو ئێمە نەبوون، مەلەوانیان باش دەزانی، مەلەوانیان دەکرد، لەگەڵ ئافرەتە بیانییەکان، شەڕە ئاو و یاری تۆپانێی ناو ئاویان دەکرد. ئەوان لە ئێمە باشتریان لێ دەزانی، کە چۆن سەرنجی ئەو ئافرەتانە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، پێوەندییان لەگەڵ ببەستن. پیاوی بە تەمەنی وەکو منیش مەگەر تەنها تەماشایان بکەین، چونکە نە مەلەوانیمان دەزانی، نە ئەو یارییانەشمان دەزانی کە ئەوان حەزیان لێ بوو.

ڕۆژێك بە تەنیا لەسەر کورسییەك لە ڕۆخی مەلەوانگەکە دانیشتبووم، گڵاسێك بیرەشم لە بەر دەم دابوو. دوو کەسی ڕیشدار، وەکو من بە تەمەن، کە لە گرووپەکە لەگەڵمان بوون، هاتنە لام، دوای سڵاوکردن، خۆیان پێ ناساندم، یەکیان ناوی فازڵ بوو، ئەوەی دیکەیش ناوی ئەنوەر بوو، لەسەر مێزێك دانیشتن، سەیری ئافرەتە ڕووتەکانیان دەکرد، لە بەر خۆیان بە دەنگێکی نزمەوە دەیانوت (ئای خوایە لەو جوانییە، دەڵێی پەرین).

منیش خۆم پێ ناساندن و کورسییەکەی خۆم لێیان نزیك کردەوە، داوام کرد، دوو گڵاس بیرەیان بۆ بێت.

کە وام وت، بە سەر سڕمانەوە سەیری منیان کرد و سەریان خستە ژێر گوێی یەکتر و چپە چپێکیان کرد، ئینجا یەکێکیان ڕووی تێ کردم و پێی وتم: قسەی خۆمان بێت، ئێمە هەردووکمان ماوەیەکی کەمە لە حەج هاتووینەتەوە، کەسێك بە پێکی بیرەوە بمانبینێ، چیمان پێ دەڵێ؟!

منیش وتم: منیش وەکو ئێوە چەند ڕۆژێکە لە عومرە گەڕاومەتەوە، وا بیرەش دەخۆمەوە.

وتی: بە شەریعەتی ئیسلام حەرامە و نەهی لێ کراوە.

منیش وتم بە پێی فەتوای زانای ئایینی سودانی حەسەن تورابی بیرە حەرام نییە، چونکە ڕێژەی کھولی تیا کەمە و مرۆڤ سەرخۆش ناکات.

کە ئەمەم وت، ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەو بوو، وتی: ئەو ڕاست دەکات، هەر ئەو بیرەیەیە لە ئێران بە ناوی ئاوی جۆ لە جیاتی ئاو دەیخۆنەوە.

بە هەر حاڵ، دیار بوو هەردووکیان وەکو من لە ناخەوە خواردنەوەی بیرە و ئەم دانیشتنەیان پێ خۆش بێت، بۆیە بانگی گەرسۆنەکەیان کرد و دوو گڵاس بیرەیان داوا کرد.

ئێمە بە دەم ئەو ئافرەتە ڕووتانەوە بیرەمان دەخواردەوە، لەو کاتەدا دوو گەنجی کورد هاتنە لامان، لەسەر مێزەکەی پشت ئێمە دانیشتن.

حاجی فازڵ کە ئەوانی بینی، ڕووی لە من کرد و پێی وتم: ئەگەر بەدبەختی نەبێت، ئەم دراوسێیەمان لێرە چی دەکات، خۆ ناوی لەگەڵ گرووپەکەی ئێمە نەبوو؟

منیش وتم: هیچ خۆت تێك مەدە، ئەم دانیشتنە بە شتێکی ئاسایی وەربگرە، با هەست بە شتێك نەکات.

ئەویش وتی: دەکرێ بیرەکانمان بخەینە بەردەمی تۆ، هەر هیچ نەبێت، ئەم قوزەڵقورتەمان لە بەردەم نەبینێ؟

منیش وتم: خۆ منیش نەبوومەتە عومەری خەیام لە جیاتی گڵاسێك، سێ گڵاس بیرەم لە بەر دەمدا بێت؟!

ئێمە لەو قسانەدا بووین، یەکێك لەو گەنجانە کە چاوی بە ئێمە کەوت، ڕووی لە حاجی فازڵ کرد و بە سەر سوڕمانەوە بە دەنگێکی بەرز وتی: حاجی فازڵ ئەوە لێرە چی دەکەیت، ئەی نەچووبوویتە حەج؟

حاجی فازڵ ڕەنگی وەکو پەلکی پیاز سپی هەڵگەڕا، هیچ قسەی بۆ نەهات.

گەنجەکە شوێنی خۆی بەجێ هێشت و هاتە لامان، ڕووی لە حاجی فازڵ کرد و پێی وت: شەرم مەکە، ئازادیی تەواوی خۆت وەربگرە، لای کەس باسی ناکەم.

ئەویش ئاماژەی بۆ حاجی ئەنوەردا و وتی: حاجی ئەنوەریش دەزانێ ئێمە لە حەج زۆر ماندوو بووین، کە گەڕاینەوە ویستمان بچینە شوێنێکی خۆش، تاکو ماندووبوونمان بحەسێتەوە، هەندێك کەسی وەکو ئێوە وتیان بۆچی ناچن بۆ تورکیا، وڵاتێکی خۆشەو کەشێکی فێنك و خۆشی هەیە. ئێمە چ بزانین شوێنێکی وایە ! !

کوڕە گەنجەکەش بە پێکەنینەوە وتی: گریمان ئەوەتان نەزانی، ئەی بۆچی بە دیار ئەو ژنە ڕووتانە دانیشتوونە و بیرەش دەخۆنەوە؟

حاجی فازڵ ئیشارەتی بۆ من کرد و وتی: ئەو برادەرەش وەکو ئێمە تازە لە عومرە گەڕاوەتەوە، پێی وتین: بە پێی فەتوای زانای ئایینی حەسەن تورابی بیرە حەرام نییە، چونکە ڕێژەی کهولی تیا کەمە و مرۆڤ سەرخۆش ناکات.

حاجی فازڵ و حاجی ئەنوەر بیرەکانیان بە خێرایی فڕ کرد و لە شەرمان ئەوێیان بەجێ هێشت. منیش سەیری کاتژمێرەکەمم کرد، کاتی نیوەڕۆ بوو، چوومە کافتریا، بۆ چێشتخواردن. بۆفییەکە کراوە بوو، دەفرێکم هەڵگرت، هەندێك پارچە گۆشتی برژاو و لەتێك سەموون و دەفرێك زەڵاتەم تێ کرد.

چاوم لە کورسی و مێزێکی ڤاڵا دەگێڕا، تاکو لێی دابنیشم، بەڵام گشت مێزەکان گیرابوون، تەنیا مێزێك نەبێت، کچێکی جوانی چاوشین، بە تەنیا لێی دانیشتبوو. لێی نزیك بوومەوە و پێم وت: بە یارمەتیت، دەمەوێ منیش لێرە دابنیشم.

وتی: فەرموو دانیشە.

خواردنەکەم لەسەر مێزەکە دانا، لەسەر کورسییەك لە بەرامبەری دانیشتم. کراسێکی سووری نیو قۆڵی یاخە کراوەی لەبەردا بوو. ستیانی نەبەستبوو، بۆیە هەر چەند جاری بۆ خواردنەکە خۆی دەچەماندەوە، مەمکەکانی وەکو سێوە لاسووری باخان بە دیار دەکەوتن.

لەگەڵ لەرینەوەی مەمکەکانی دڵم خورپەی دەکرد، لە بەر تەماشاکردنی مەمکەکانی، نەمزانی چۆن نانم خوارد. ئەویش هەستی بەوە کردبوو، کە زۆر پێی سەرسام بوومە، بۆیە بە تیلی چاوەکانی سەیری دەکردم و بیر و هۆشی منی بۆ خۆی بردبوو.

نەمتوانی هیچی دیکە دان بە خۆمدا بگرم، ڕووم تێی کرد و پێم وت: زۆر سەرسامم بە جوانییەکەت، کاتێك کە لە مێرسین دابەزین و چووینە سەر دەریا، کە تۆ جلی مەلەوانیت لە بەر کرد و چوویتە ناو ئاوەکە، دەتوت ماسی، لەناو ئاوەکە زۆر بە جوانی مەلەوانیت دەکرد. کاتێکیش هاتیتە دەرەوە، لە ڕۆخی دەریاکە لێی ڕاکشایت، دەتوت فریشتەی دەریای، زۆر سەرسام بووم بە جوانییەکەت، لە دڵەوە حەزم دەکرد خۆمت پێ بناسێنم و بۆ یادگاری وێنەیەکت لەگەڵ بگرم.

وتی: ناوم پروشەیە، خەڵکی شاری سلێمانیم، لە پۆلیی چواری بەشی ژمێریاری لە کۆلێژی بازرگانی دەخوێنم.

ئەو پێش من هەستا، چووە هۆڵی پێشوازی، منیش دوای ئەو دەستم لە خواردن هەڵگرت و لە کورسییەکی بەرامبەر ئەو دانیشتم. داوام لێی کرد لە فێسبووك ببینە هاوڕێی یەکتری.

کە وام پێی وت مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و فێسبووکەکەی خۆی بۆ کردمەوە و وتی: وەرە سەیری لاپەڕەکەم بکە، ئادم بۆ نێرە، وەرت دەگرم. منیش فێسبووکەکەی خۆم کردەوە و ئادم بۆی نارد. دەمودەست ئادی کردم.

هەر ئەو کات پێم وت: زۆرم حەز لێیە، ئەگەر لاریت نەبێت، ئەو وێنەیەی خۆتم بۆ بنێریت کە لە مێرسین لە ڕۆخی دەریا گرتبوت.

وتی: بە چاوان، هەر ئێستە بە ماسنجەر بۆت دەنێرم.

ئیتر ئەوەبوو دەمودەست وێنەکەی بۆ ناردم و وتی: بە دەستت گەیشت؟

وتم: بەڵێ بە دەستم گەیشت، سوپاست دەکەم.

وتی: ئەگەر حەز بکەیت، ئەمشەو بە یەکەوە دەچینە یانەی دیسکۆ.

وتم: لە ژیانمدا دیسکۆم نەکردووە، بۆ من قورسە، شتێك نەزانم خۆمی لێ بدەم.

وتی: ئەگەر لەگەڵم بێیت فێرت دەکەم.

منیش وتم: با بۆ جارێکی تر بمێنێ، کە گەڕاینەوە کوردستان، دوای ماوەیەکی تر، ئەگەر لاریت نەبێت، بە یەکەوە گەشتێك بۆ میسر دەکەین، لە وێشەوە دەچینە شەرم ئەلشێخ.

وتی: ئەگەر دایکم ڕێگەم پێ بدات لەگەڵت دێم.

ئیتر ئەوە بوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ گەشتیارەکان چووینە قەڵای ئالانیا و چەند کاتژمێرێك لەوێ ماینەوە، دواییش گەڕاینەوە هۆتێلەکەمان.

دوای نانخواردنی ئێوارە، لەگەڵ حاجی فازڵ و حاجی ئەنوەر چووینە بازاڕ، تا درەنگی شەو نەگەڕاینەوە. ئەوان چوونە ژووری خۆیان، منیش چوومە هۆڵی پێشوازی و لەوێ چاوم بە پروشە کەوت. دەستی ڕاستەی بە لەفاف پێچابۆوە، لەسەر لا قەنەفەیەك بە تەنیا دانیشتبوو.

منیش چوومە لای، پێم وت: ئەوە چیت بە سەر هاتووە، دەستت پێچاوەتەوە؟

وتی: ئەمشەو لە یانەی دیسکۆ لە کاتی سەماکردن قاچم خزی و بەربوومەوە، کەوتمە سەر دەستی ڕاستەم، ئازارێکی زۆری پێ گەیشتووە.

وتم: چوویتە دکتۆر؟

وتی: چوومە نەخۆشخانەی تایبەتی، وێنەی تیشکیان بۆ گرتم و بۆیان پێچامەوە. دکتۆرەکە وتی (هەرچەند دەستت نەشکاوە، بەڵام ئازارێکی زۆری پێ گەیشتووە).

سەت دۆلارم لە گیرفانم دەرهێنا، وتم: ئەم سەد دۆلارەم لێ وەربگرە، وەك هاوكارییەكی بچووك.

ویستی وەری نەگرێت، بەڵام توانیم ڕازی بكەم.

سەت دۆلارەكەی لێ وەرگرتم و وتی: سوپاست دەكەم، ئەزیەتت كێشا.

وتم: هیچم بۆت نەكردووە، هەر شتێكم بۆ تۆ پێ بكرێ، درێخی ناكەم.

وتی: دوو ڕۆژە خۆم نە شوشتووە، ئارەقەیەكی زۆرم كردووەتەوە، ئێستەش لەم بارودۆخەدام، نازانم چۆن خۆم بشۆم؟

وتم: ئەو دەستەت كە ئازاری پێ گەیشتووە، دەتوانی بە كیسەیەكی نایلۆن بە جوانی بیپێچیتەوە، ئینجا بچیتە گەرماوەكە و بەبێ ترس خۆت بشۆیت.

كە ئەمەم وت، بە سەر سوڕمانەوە وتی: ئەها!!

دوایی لە شوێنی خۆی هەستا و گەڕایەوە ژوورەكەی خۆی، منیش بە تەنیا لە شوێنی خۆم مامەوە، هەر بیرم لە قسەكانی ئەو دەكردەوە. لە بیری خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ئەو مەبەستی ئەوە نەبووبێت كە لەگەڵی بچمە گەرماوەكە و سەری بشۆم؟)

من لەو خەیاڵانەدابووم، سەرپەرشتیاری گرووپە گەشتیارەكە هاتە لام و پێی وتم: بەیانی زوو دەچینە شاری ئەنتالیا و بە پاپۆڕ گەشتێك بەرەو شوێنی تاڤگەكانی دەریا دەكەین.

ئیتر ئەوە بوو، منیش بەرەو ژوورەكەی خۆم ڕۆیشتم، تا خەوم لێ كەوت هەر بیرم لای پروشە بوو.

بەیانی لە خەو هەستامەوە، دوشێكم وەرگرت، چوومە كافتریا، هەندێك پەنیر و مرەبا و پارچە سەموونێكم خستە ناو دەفرێكەوە، چاوم دەگێڕا بۆ مێزێكی ڤاڵا، ڕاوێژكاری سەرۆكی حكومەت، كە چاوی پێم كەوت، ئیشارەتی بۆ كردم، وتی وەرە لێرە شوێنی ڤاڵا هەیە لای ئێمە دابنیشە؟

ئیتر ئەوەبوو، چومە لای و پێی وتم: هەر بۆیە پێم خۆش بوو لە لام دابنیشی، چونکە بە جێتان دەهێڵم و دەچمە ئەستەمبۆڵ.

منیش وتم لە کوێ بیرۆکەی ئەم چوونە ئەسەمبۆڵەت بۆ هات؟

وتی: لە ڕاستیدا من بە کارێکی فەرمی هاتوومە و دەبوو ڕاستەوخۆ بچمە ئەستەمبۆڵ، بەڵام پێم باش بوو بە بەردێك دوو ئامانج بپێکم.

وتم: چۆن؟

**وتی: گەشتێك لەگەڵ ئێوەو هاوڕێکانم بۆ شارە خۆشەکانی باکووری کوردستان بکەم، چونکە پێشتر ئەم شوێنانەم نەبینیبوون، دواتریش بۆ ئەو کارەی پێم ڕاسپێردراوە بچمە ئەستەمبۆڵ.**

**منیش وتم: دەکرێ پێمان بڵێی ئەو کارە چییە کە بۆی هاتوویت؟**

**وتی: خراپ لێم تێ مەگەن من هیچ کارێکی فەرمیم بە حکومەتی تورکیا نییە، بەڵکو بە نوێنەرایەتی دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوومە و بڕێك دۆلاری ئەمریکیم وەك یارمەتی بۆ هەردوو نووسەری تورکیا یەشار کەمال و ئیسماعیل بێشکچی هێناوە** و دەبێ لە ئەستەمبۆڵ سەردانیان بکەم و بیان دەمێ و دەعوەتنامەی سەرۆکی حکومەتیشییان پێ بگەێنم، تا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

منیش وتم: زۆرم پێ خۆش بوو، لە دیدارێکی وا مێژووییدا، لەگەڵت بم، بە تایبەتی دیداری ئەدیب و نووسەری کورد یەشار کەمال، چونکە ئێمە چەندان ساڵ پێش ئێستە بە ڕۆمانەکانی (ئەفسانەی چیای ئاگرێ و ڕۆمانی کوێر ئۆغلۆ و ڕۆمانی حەمەدۆك) و شاکارەکانی تری ئەو کەڵە ڕۆماننووسە مێشکمان ئاو دراوە. خۆزگە ڕۆژێك زووتر ئەوەم بزانیبا تا لەو گەشتەتدا یاوەریم کردبایت، بەڵام لە جیاتی من دەستەکانی بگوشە و سڵاوی منیشی پێ بگەێنە.

وتی: من بە ناوی هەموو خەڵکی کوردستان سەردانیان دەکەم، ئەوەشی بە ڕاشکاوانە پێ دەڵێم، کە ئەم دەعوەتنامەیە، دەعواتنامەی **سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو دەعوەتنامەی خەڵکی بە شەرەفی هەرێمی** کوردستانە.

دوای ئەوەی نانەکەمان خوارد، یەکتریمان بەجێ هێشت. ئەو بۆ ئەستەمبۆڵ بەڕێ کەوت، منیش چوومە هۆڵی پێشوازی. سەرپەرشتیاری گرووپەکەمان هاتە لامان و پێی وتین: پاسەکان ئامادەن، ئێستە دەچینە شاری ئەنتالیای گەشتیاری و لە وێشەوە بە سواری پاپۆڕێك دەچینە قووڵایی دەریایەکە بۆ بینینی تاڤگەکانی کەناری دەریا. هەروەها لەناو پاپۆڕەکە کۆمەڵێك یاری خۆش ئەنجام دەدرێت، ئەو کەسانەش کە ئارەزووی مەلەوانیان هەیە، دەتوانن لەناو دەریایەکە مەلەوانی بکەن. هیوادارم کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەر ببەین. نانی ئێوارەش لە ڕێستورانتێکی کەناری دەریا دەخۆین. ئەوەی حەزیش بکات لە نزیکەوە بە چاوەکانی خۆی ماسییەکانی دەریا ببینێت، دەتوانێ بچێتە ناو تونێلە شووشەییەکە و ئەم خەونەی بۆ بێتە دی.

## (چوونمان بۆ شاری ئەنتاڵیای گەشتیاری)

سواری پاسەکە بووین و بەرەو  شاری ئەنتاڵیای گەشتیاری بەڕێ کەوتین. ڕێگەی نێوان شاری ئالانیا و ئەنتاڵیا زۆر دوور نەبوو، بە سەعات و نیوێك گەیشتینە جێ. سەرپەرشتیاری گەشتەکەمان ئێمەی بردە کەناری دەریایەکە و پێی وتین: ئێستە بە مەسعەدی کارەبایی دەچینە خوارەوە بۆ سەر دەریایەکە، لەوێشەوە بە سواری پاپۆڕێك دەچین بۆ بینینی تاڤگە جوانەکانی کەناری دەریا. لەسەر پشتی پاپۆڕەکە چەندین نمایشی جوان پێشکەش دەکرێت، تاکو ئێوارە لەناو پاپۆڕەکە دەمێنینەوە، دوایی دەگەڕێینەوە و گەشتێکی ئازاد بە ناو شاری ئەنتاڵیا دەکەین، ئەوجا دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.

تاڤگەکان دیمەنێکی دڵڕفێنیان هەبوو، کۆمەڵێك وێنەمان گرت. دواییش ئەوانەی حەزیان لە مەلەوانی دەکرد، خۆیان هەڵدایە ناو دەریاکە و مەلەوانیان کرد. ئێمەش بە دیار یاری (کەف)ـەوە دانیشتین. یەکەم جار بوو، ئەم یارییە ببینم، پڕ بە بۆڕییەکی چوار ئینجی کەف دەهاتە دەرەوە، ژنە گەشتیارە ڕووس و تورکەکان لەگەڵ هەندێك لە کوڕە گەنجەکانی گرووپەکەی ئێمە بە شۆرت و فانیلەوە سەمایان دەکرد، لەگەڵ دەنگی مۆسیقایەکە هەڵدەپەڕین.

حاجی فازڵ و حاجی ئەنوەریش بەرامبەر ژنە سەماکەرە ڕووتەکان دانیشتبوون، لە خۆشیان ئاو لە دەمیان ڕانەدەوەستا.

کوڕێکی گەنجی گاڵتەچیمان لەگەڵ بوو، ناوی هۆگر بوو، هاتە لایان و دەستی حاجییەکانی گرت و بە زۆری ڕایکێشانە ناو یارییەکە. هەرچەندە خۆیان پچڕپییەوە، ویستیان نەچن، بەڵام سوودی نەبوو.

حاجی فازڵ وتی: هۆگر لێم گەڕێ، من چوومەتە ماڵی خوا، حەجم کردووە، ئەو یارییە بۆ من نابێ، ژنی ڕووتی تیایە، گوناهبار دەبم.

حاجی ئەنوەریش سەری خۆی لەقاند و وتی: حاجی فازڵ ڕاست دەکات، بۆ منیش نابێت، ئاخر ئێمە تازە لە ماڵی خوا گەڕاوینەتەوە، چۆن شتی وا دەبێت؟

هۆگریش لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: ئەی چۆن دەبێ بێنە ناو دەریا و تەماشای ئەو ژنە ڕووتانە بکەن؟

حاجی فازڵیش وتی: **یەکەم جارە بێینە تورکیا، ئێمە وامانزانی وڵاتێکی ئیسلامییە و وەکو سعودیە خەڵکەکەی خۆیان داپۆشیوە. بەوە هەڵخەڵەتاین، کە حزبی (عەداله و تەنمیە)ی ئیسلامی حوکمڕانن، نەمانزانی ئەوان هەر بە ناو دروشمی ئیسلامییان بەرز کردووەتەوە**، دەنا چۆن دەهاتینە ئێرە و خۆمان گوناهبار دەکرد.

هۆگر لێیان نەگەڕا، دەستی گرتن و بە زۆری ڕایکێشانە ناو یارییەکە. ژنە ڕووس و تورکەکانیش کە ئەوانیان بینی، بە ڕیشی درێژەوە لەناو کەفەکە سەما دەکەن، دەستیان گرتن و سەمایان لەگەڵ کردن.

هۆگریش ڕووی لە ئێمە کرد و بە دەنگێکی بەرز وتی: جەماعەت حاجی فازڵ و حاجی ئەنوەرتان بینیوە چۆن دەستی ئەو ژنە تورک و ڕووسانەیان گرتووە و لە خۆشییان بەری نادەن؟ لێیان خۆش هاتووە، هەر وا دەزانن لەگەڵ پەرییەکانی بەهەشت سەما دەکەن.

گەشتێکی خۆش بوو، تاکو ئێوارە لەناو دەریا ماینەوە، دوایی پاپۆڕەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی و ئێمەش دابەزین و گەشتێکی ئازادمان بەناو بازاڕ کرد، دوایی سواری پاسەکەمان بووین و بەرەو شاری ئالانیا گەڕاینەوە. جانتاکانمان پێچایەوەو هەر بەو شەوە بەرە و هەرێمی کوردستان گەڕاینەوە.

## (خۆشەویستە نوێیەکەم لە دەست دا)

کە لە تورکیا گەڕامەوە، خۆشەویستە نوێیەکەم باوەشی پێداکردم و فرمێسکیش لە چاوەکانی دەڕژانە خوارەوە. وامزانی لە بەر ئەو چەند ڕۆژە خەمبارە، کە لێی دوور کەوتبوومەوە، لە بیری خۆمدا وتم (هەستی بە تەنیایی کردووە، بۆیە دەگرێت)، فرمێسکی چاوەکانیم سڕیەوە و پێم وت: مەگری، بەڵێنت پێ دەدەم، هیچی تر بە تەنیا بەجێت ناهێڵم، لەم ڕۆژانەش دێمە خوازبێنیت و دەبینە هاوسەری یەکتری.

کە ئەمەم وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و وتی: خۆزگە پێش ئەوەی دەچوویتە تورکیا، ئەم هاوسەرگیرییەمان بکردایە.

منیش وتم: بۆچی شتێکی خراپ ڕوویداوە، کە ئەمەم وت، بە بێ دەنگی چەند وێنەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستم.

کە سەیری وێنەکانم کرد، نامەی ئەلیکترۆنی و وێنە ڕۆمانسییەکانی تۆ بوون، کە لە ماوەی ڕابردوو بە ئیمێل بۆ منت ناردبوون.

منیش وتم: ئەو وێنە و کورتە نامانە شتێکی نوێ نین تا نیگەران بیت.

وتی: ڕاست دەکەیت، ئەگەر هەر لای خۆم و خۆت بایە، شتێکی ئاسایی دەبوو، بەڵام نازانم چی دەکات لای کەسێکی دیکە؟

وتم: مەبەستت کێیە؟

وتی: کە تۆ لێرە نەبوویت، لەناو زەرفێك، بە پۆستە، ئەم وێنانەیان بۆ ناردم و هەڕەشەیان لێ کردم، ئەگەر واز لە تۆ نەهێنم، بڵاوی دەکەنەوە و ئابڕووم دەبەن.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەمە مەکری ژنانە، لەوانەیە خۆی ئەم سیناریۆیەی ڕێکخستبێت، تاکو لە هێنانی پەلە بکەم)، بۆیە قسەکانیم بە هەند وەرنەگرت، پێم وت: مادام هیچ بوختان و شتی هەڵبەستراوی تیا نییە، بە شتێکی ئاسایی وەربگرە و خەفەتی لێ مەخۆ.

کە ئەمەم وت، لە بەر خۆم خەفەت ناخۆم، لە بەر ئەوە، دەڵێم ئەگەر هاوسەرەکەت بەم پێوەندییە بزانێت، دەبێ چی بکات؟

منیش وتم: بڕوا ناکەم ئەو ئاگاداری ئەم پێوەندییە بێت، بەڵام ناشبێت ئەم بابەتە هیچی دیکە دوا بخەین، پێویستە تۆش لەگەڵ دایك و باوکی خۆت قسە بکەیت و ڕازییان بکەیت، منیش لە لای خۆمەوە ئامادەم، هەر کاتێك وتت، دێمە خوازبێنیت.

وتی: باوکم لاری نییە، بەڵام دایکم ڕازی نابێت.

منیش وتم: چۆن دەزانیت، هیچ قسەت لەگەڵ کردووە؟

وتی: لەم ڕۆژانە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شتێکم چرپاندە ژێر گوێی، لێم تووڕە بوو، لەسەری قیژاندم و بە تووڕەییەوە وتی: دەتەوێ تۆش وەکو خوشکەکەت ئابڕوومان ببەیت؟!

وتم: ناکات خوشکەکەشت حەزی لە پیاوێکی خێزاندار کردبێت؟

وتی: خوشکەکەم لە من بچووکترە و قوتابی کۆلێژی زانستە، حەزی لە مامۆستایەکی خۆی کردبوو، خێزاندار بوو، کە دایکم پێی زانی، خوشکەکەمی بە قژ لە دوای خۆی ڕاکێشا و زۆر جوێنی پیسی پێدا و پێی وت (ئەگەر وازی لێ

نەهێنیت، بە باوك و براكانت دەڵێم، چی خراپە پێت بكەن)، جا ئەوە بوو خوشكەكەم ناچار بوو، واز لە خۆشەویستەكەی بێنێت.

منیش وتم: خوا كەریمە، مەرج نییە چارەنووسی خۆشەویستیی من و تۆ وەكو ئەو بێت.

وتی: ئەگەر تۆ ڕازی بیت، بەبێ ڕەزامەندی دایك و باوكم شووت پێ دەكەم.

منیش وتم: چۆن شتی وا دەكەم، ئەگەر لە بەر خۆشم نەبێت، لە بەر ناوبانگی خانەوادەكەت شتی وا ناكەم.

بە هەر حاڵ، ئەم بابەتەمان داخست، ئەو چووە سەر كاری خۆی، منیش لە ئۆفیسەكەم خەریكی ئیشوكاری ڕۆژانە بووم. یەكێك لە كارمەندەكان هاتە لام، پێی وتم: ڕۆژی هەینی لای مەلای مزگەوتی گەڕەكەكەمان زۆر ستایشی تۆم كردووە، پێم وت: بەڕێوەبەرەكەمان، چۆتە عومرە و كەسێكی لە خوا ترسە) ئەویش وتی: (مادام وایە پێی بڵێ با بۆ نۆژەنكردنەوەی مزگەوتەكەمان یارمەتیمان بدات.

هێشتان قسەكانی تەواو نەكردبوو، دەستم خستەوە گیرفانم و سەد هەزار دینارم دایە و پێم وت: ئەم بڕە پارەیەی بۆ ببە، منیش وەكو ئێوە مووچەخۆرم، هیچ سەرچاوەیەكی دارایی ترم نییە، دەنا زیاترم بۆی دەنارد.

دوای تۆزێك كارمەندێكی تر هاتە لام، وتی: كاتی نوێژە، دەتوانم لەسەر بەرماڵەكەی تۆ نوێژی نیوەڕۆ بكەم؟

منیش وتم: ئەو بەرماڵە هی من نییە، هی بەڕێوەبەری پێشووە و وەكو زانیومە ئەویش لە بەڕێوەبەری پێش خۆی بۆی مابۆوە. هەرچەند ئەو كەسێكی نوێژنەكەر و مەشروب خۆر بوو، بەڵام وەك ڕێزگرتنێك لە ئایین، ئەم بەرماڵەی هەڵگرتبوو، كارمەندەكانیش نوێژیان لەسەر كردووە. بۆیە ئێوە ئازادن وەكو جاران نوێژی لەسەر بكەن.

ئیتر ئەوە بوو، بەرماڵەکەی ڕاخست و نوێژی نیوەڕۆی دابەست. کە سکرتێرەکەم هاتە ژوورەوە، چاوی بەم دیمەنە کەوت زۆر کەیفی هات، پێی وتم: ئەگەر بمزانیبایە تۆ پێت ناخۆش نییە، لە ژوورەکەت نوێژ بکەن، ڕێگەم لە کارمەندەکان نەدەگرت، لەسەر بەرماڵەکەت نوێژ بکەن.

منیش وتم مەسەلە پێخۆش بوون و نەبوون نییە، لە ڕاستیدا ئەم بەرماڵە هی من نییە، منیش لێرەم دانەناوە بۆ نوێژکردن، بەڕێوەبەری پێشوو دایناوە و ئەم کارمەندانەشی بەم ژوورە فێر کردووە، منیش وەك ڕێزلێنانێك لە ئایین حەزم نەکرد بی پێچمەوە.

سکرتێرەکەم وتی: جا بۆچی بیپێچیتەوە، دیارە خوا تۆی خۆش دەوێ، بۆیە ئەم خێرەی بە تۆ بەخشیوە.

هەر ئەو ڕۆژە، کارمەندێکی تر هاتە لام، زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی ماڵی خوای لێکردم، وتی: ستایش بۆ خوا کە حکومەت بەڕێوەبەرێکی خواپەرستی وەکو تۆی بۆ ناردووین.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەمێکە بیرۆکەی دروستکردنی مزگەوتێکم لە حەوشەی دائیرەکەمان، لە مێشك دایە. ئەگەر تۆ ڕازی بیت خێرخوازێك خەرجییەکانی دروستکردنی لە ئەستۆ دەگرێت، منیش بۆ خێری دەست و چاوی خۆم بە خۆڕایی سەرپەرشتی دەکەم.

کە ئەمەی وت، زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام داواکارییەکەم ڕەت نەکردەوە، ترسام لەوەی پڕۆپاگاندەم لە دژ بڵاو بکەنەوە و بڵێن ئەویش وەکو بەڕێوەبەری پێشوو ڕقی لە ئایین دەبێتەوە.

ڕووم تێی کرد و پێم وت: مادام خۆتان هەموو خەرجییەکانی لە ئەستۆ دەگرن، لاریم نییە.

کە ئەمەم وت، سوپاسی کردم و بە دڵخۆشی چووە دەرەوە.

تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری کارگێڕی کرد، پێم وت: لەناو حەوشەی دایەرەکەمان، شوێنێکی گونجاو دیار بکات، بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە.

ئەویش وتی: هەرچەند من بۆم نییە، ئامۆژگاریت بکەم، بەڵام حەزدەکەم بەرچاوت ڕوون بێت، ئەو کارمەندەی کە پێشنیازی دروستکردنی ئەو مزگەوتەی بۆ کردوویت پیاوێکی سەلەفییە، ئیسلامییەکی توندڕۆیە. ئێستە کە دایەرەکەمان هیچ مزگەوتێکی تیا نییە، کەچی ئەو تێکەڵی تایبەتمەندییەکانی گشت کارمەندەکان دەبێت و دەیەوێ هەر هەموویان بێنێتە سەر ڕێگەی خۆی.

منیش وتم: وەکو چی؟

وتی: بە پیاوەکان دەڵێ (دەبێت سمێڵتان بتاشن، تەنیا ڕیش بەردەنەوە، لە جیاتی بۆیاخکردنیش دەبێ تەنها خەنە بەکاربێنن). هەروەها دەیەوێ هەموویان وەکو ئەو شەرواڵێکی دەلینگ کورت لە بەر بکەن. بە کچەکانیش دەڵێ (نابێ دەموچاو و هیچ شوێنێکی لەشتان دیار بێت، دەبێ نیقاب ببەستن).

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: مانگی ڕەمەزان لە ترسی ئەو، کەس ناوێرێ بە ئاشکرا جگەرە بکێشێت، یان چا بخواتەوە، لێی دەکاتە هەڵڵا و بە کافری لە قەڵەم دەدات.

کە ئەمەی وت، حەپەسام، وتم: گریمان ئەو کەسێکی سەلەفییە، بەڵام ئێمە مزگەوت بۆ ئەو دروست ناکەین، ئەگەر واز لەو ڕەفتارانەشی نەهێنێت، دەیگوازمەوە بۆ شوێنێکی تر.

وتی: **ئەو کەسانەی کە پارە بۆ دروستکردنی مزگەوت دەدەن، پارەی خۆیان نییە، ئەوان پارە لە مەملەکەتی عەرەبی سعودی وەردەگرن، دەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە بیری ئیسلامی توندڕۆی سەلەفی و هزری ئیبن تەیمییە لە هەرێمی کوردستان بڵاو بکەنەوە.**

قسەکانی بەڕێوەبەری کارگێڕیم چووە ئەقڵەوە، بۆیە دەمودەست تەلەفۆنم لەگەڵ کارمەندەکە کرد و پێم وت: سەرووی خۆم ڕازی نەبوون لەسەر دروستکردنی مزگەوت لەناو حەوشەی دائیرە. ئێوە دەتوانن پێوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە بکەن و لە شوێنێکی گشتیی گونجاوتر دروستی بکەن.

دوای دەوامی فەرمی، کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە، بیرم لای وێنە و کورتە نامەکانی خۆشەویستەکەم بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەگەر هاوسەرەکەم بەمەی زانیبێت، کێشەم بۆ دەنێتەوەو دەبێتە فرتەنە) کە تەماشای دەموچاوی هاوسەرەکەی خۆشمم دەکرد، دەتگوت نهێنییەکەی قووت داوە، بە مڕ و مووچی تەماشای دەکردم. لە دەموچاوییەوە دیار بوو، ئەویش شتێکی زانیبێت، بۆیە ئەو ڕۆژە زۆر سارد و سڕ بوو لەگەڵم.

ترسام ئەم بابەتەی لەگەڵ بکەمەوە، چاوەڕێ بووم خۆی بابەتەکەم لەگەڵ بکاتەوە، خۆم بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە کردبوو.

هەر لەو کاتەدا، کوڕە گەورەکەم هاتە لام و بە تووڕەییەوە زەرفێکی فڕێ دایە پێشم و وتی: باوکە سەیری ئەم وێنە و نامانە بکە، بزانە خۆت خستووەتە چ بارودۆخێکی خراپەوە، کەی دایکم شایەنی ئەو سووکایەتی پێکردنەیە، تۆ وەکو هەرزەکارێك لەگەڵ کچێکی وەك منداڵەکانت کەوتوویتە داوی عیشقەوە.

کە ئەمەی وت بە تووڕەییەوە پێم وت: ناکات تۆ چوویبیتە ناو ئیمێلەکەم و ئەم کارە نەشیاوەت کردبێت؟

وتی: سەیری پشتەوەی زەرفەکە بکە، ئەوجا حوکم لەسەر من بدە.

کە سەیری پشت زەرفەکەم کرد، دوو پوولی پۆستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لەسەری بینی. کە ئەمەم بینی بۆم بەدەرکەوت، کە ئەم زەرفەش لە لایەن هەمان ئەو کەسەی کە زەرفەکەی تری بۆ سکرتێرەکەم ناردبوو، بۆ کوڕەکەم هاتووە.

ویستم ئینکاری ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی لا بکەم، بەڵام پێش ئەوەی قسەبکەم، هاوسەرەکەم وتی: تەلەفۆنم لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێیەکانت کرد، کە لێم پرسی، وتی بە داخەوە ماوەی ساڵێکە هاوسەرەکەت کەوتووەتە داوی خۆشەویستی سکرتێرەکەی، هەرچەند ئێمە پێمان ناخۆش بوو، بەڵام تێکەڵی پێوەندیی نێوانیان نەبووین، چونکە ئەم بابەتە پێوەندی بە ئازادیی کەسییەوە هەیە.

کە ئەمەی وت، ئینکارم کرد، وتم: من ناحەزم زۆرە، ئەم چیرۆکەیان بۆ هەڵ بەستووم.

هاوسەرەکەم بە چاوی گریانەوە وتی: هەقتە وا بڵێی، چونکە من بێ ئەقڵ بووم، دڵی خۆم بە پاکی پێ دایت و باوەڕم پێ کردیت. هەموو کەسێك بەم پێوەندییەی ئێوەی زانیوە، تەنیا من نەبێت لە گوێی گادا خەوتووم و ئاگام لە هیچ شتێك نەبووە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەزانم تۆ لەگەڵ ئەو، بۆ مانگی هەنگوینی چووبوویتە تورکیا، منیشت بە زیارەتی ماڵی خوا هەڵخەڵەتاند، لە کوێ بزانم بە نیازی ژن بێنیت، بۆ خۆڵکردنە چاومەوە، ئەم زیارەتەم پێ دەکەیت.

کە ئەمەی وت ناچار بووم، دان بە هەموو شتێك بنێم و بەرگری لە خۆم بکەم، وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، من پێوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کچێك هەیە، بەڵام خوا شایەتە لەگەڵ گرووپێکی گەشتیاری بۆ گەشتکردن چووبوومە تورکیا نەك بۆ مانگی هەنگوینی.

وتی: ئەگەر وایە، بۆچی سکرتێرەکەشت لەو ماوەیە لە شوێنی خۆی دەوامی نەدەکرد؟

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە وتی: لە کارمەندەکانی دائیرەکەتانم پرسی، وتیان لەو ڕۆژەوەی بەڕێوەبەر دەوام ناکات، ئەویش مۆڵەتی وەرگرتووە و نانزانین بۆ کوێ ڕۆیشتووە.

کە ئەمەی وت، حەپەسام، زانیم کە کار لە کار ترازاوە، خراپ لە مەسەلەکە گەیشتوون. بەڵام خۆشبەختانە، لەو گەشتەمدا، بە ڕێکەوت هاوڕێیەکی کوڕە گەورەکەمم لەگەڵ بوو، تەنانەت بە یەکەوەش لە یەك ژوور دەخەوتین و بۆ زۆرینەی شوێنەکانیش هەر بە یەکەوە بووین و دەیان وێنەی فۆتۆمان لەگەڵ یەك گرتبوو.

ئەلبوومی وێنەکانم لە جانتاکەم دەرهێناو خستمە بەر دەمی. ئەو وێنانەم پیشاندا، کە لەگەڵ ئەو کەسەم گرتبوو، وتم: ئەو کوڕەی کە لە زۆرینەی وێنەکان لەگەڵم دایە، هاوڕێی کوڕەکەمە، لەو گەشتەدا بە یەکەوە بووین و لە یەك ژووریش بە یەکەوە دەخەوتین. دەتوانن لێی بپرسن و دڵنیا ببنەوە کە ئایا هیچ ژنێکم لەگەڵ بووە یان نا؟

کە ئەمەم وت، هەناسەیەکی هاتەوە بەر، بە زەردەخەنییەکەوە وتی: خۆ دەشزانم تۆ فێرنیت بە نهێنی شتێکی وام لەگەڵ بکەیت، بەڵام دیارنەبوونی هەردووکتان بە یەکەوە، لەم کاتوساتەدا، گومانی لا دروست کردم.

دوای ئەوە، وتی: ئەم شەریعەتەی کە چاوەکانی خۆمم لەسەری دانا ئەوەندەی قورئانی پێ بخوێنمەوە و ختمی قورئانی پێ بکەم، هەروەها شەو ڕۆژ نوێژ بکەم و سوجدە بۆ خوا ببەم، ڕێگەی بە ئێوە داوە چوار ژن بێنن، بۆیە ڕێگریت لێ ناکەم، بەڵام مەرجێکم هەیە؟

کە ئەمەی وت، زۆر دڵم خۆش بوو، لە دڵی خۆمدا وتم دیارە عومرە هێنانەوەکە خێری بۆم هەبوو، نزا و لە خوا پاڕانەوە و گرتنی بەردە ڕەشەکە، کاری هاوسەرگیرییەکەی بۆ ئاسان کردوومە).

من لەو خەیاڵەدابووم، هاوسەرەکەم وتی: خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە، لێم ناپرسیت ئەو مەرجە چییە؟

منیش وتم: هەرچی بێت جێبەجێی دەکەم. وتی: کەواتە هەر ئێستە دەستی خۆتم لێ بکەوە.

چاوەڕێی ئەمەم لێی نەدەکرد، وتم: دوای بیست و حەوت ساڵ خۆشەویستی و پێکەوە ژیان، چۆن داوایەکی وام لێ دەکەیت؟

وتی: بۆچی تۆ لە مانای خۆشەویستی دەگەیت، ئەگەر ئەوەت بزانیبایە، دوای هەوەسی خۆت نەدەکەوتیت و بەو تەمەنە لەگەڵ کچێکی هەرزەکار دڵداریت نەدەکرد.

کە ئەمەی وت، هیچ قسەیەکم بۆ نەهات، لە بیری خۆمدا وتم (هاوسەرەکەم ڕاست دەکات، ئەوە منم دەمەوێ ئەو پێوەندییە خۆشەویستییە بپچڕێنم، لەگەڵ ئافرەتێکی تر سەر لە نوێ دەست پێ دەکەوە)، ڕووم تێی کرد و پێم وت: تۆ ڕاست دەکەیت، تۆ کەسێکی خواپەرستیت و زیارەتی ماڵی خواشت کردووە، وەکو خۆشت دەزانیت، شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی بە پیاو داوە چوار ژن بێنێت. بۆچی ڕێگەم پێ نادەیت، تۆ نازانیت گوناهبار دەبیت و خوا لێت ڕازی نابێت؟

وتی: ئەگەر بمزانیبایە تۆ بۆ نزاکردن و لە خوا پاڕانەوەی خۆت، دێیتە ماڵی خوا، چۆن لەگەڵت دەهاتم. قسە هەزارە و یەکی بە کارە، لێت دووبارە دەکەمەوە، دەبێ هەر ئێستە خۆت یەك لا بکەیتەوە، لە نێوان من و ئەو کچە یەکێکمان هەڵبژێریت.

منیش وتم: ئەی تۆ هەموو جارێك پێت نەدەوتم (چاو لە پێغەمبەری خوا بکەن وەکو ئەو ڕەفتاری باش بکە) وا منیش بە پێی شەریعەتی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر، بیرم لە ژنهێنانی دووەم کردووەتەوە. پێغەمبەر دوای مردنی خەدیجەی کچی خوێلدی هاوسەری، سۆدەی کچی زمعە و عائیشەی کچی ئەبو

بەکری سەدیق و حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب و زەینەبی کچی خەزیمە و جوێڕییەی کچی حارس و ڕەملەی کچی ئەبو سوفیان و مەیموونەی کچی حارس و ڕەیحانەی کچی زەید و ماریای قبتی، یەك لە دوای یەك هێناوە.

وتی: ئێوەی پیاوان وان، چونکە دەتەویٚ ژنم بە سەر بهێنیت وەکو گۆرانی وتن، ناوی گشت هاوسەرەکانی پێغەمبەرت لەبەر کردووە.

کە ئەمەم وت، بە توڕەییەوە وتی: خۆت مەهێنە ڕیزی پێغەمبەری خوا، تۆ چ شتێکت کردووە وەکو ئەو بێت، تا لەمەش چاو لەو بکەیت؟

منیش وتم: ئەو نۆ ژن و دوو کەنیزەکی ڕاگرتبوو، من تەنیا بیرم لە ژنهێنانی دووەم کردووەتەوە، ئەمە چ گوناهێکی تیایە؟

وتی: ئەو پێغەمبەری خوا بوو، بۆ ئەو دەبێت.

وتم: ئەی چی بە هەر چوار خەلیفەکانی ڕاشیدەین دەڵێیت، هیچ یەکێکیان لە چوار ژن کەمتری نەبوو.

وتی: ئەوانیش وەکو تۆ بە دوای هەوەسی خۆیان کەوتوون، بۆیە ئەوەندە ژنەیان ڕیز کردووە.

منیش وتم: ئەبوبەکری سەدیق پێنج ژنی هەبووە، عوسمانی کوڕی عەفانیش هەشت ژنی هەبووە، عومەری کوڕی خەتابیش چوار ژنی هەبووە، عەلی کوڕی ئەبو تاڵبیش نۆ ژنی هەبووە.

کە ئەمەم وت، چووە لای جامخانەکە و قورئانەکەی دەرهێنا، بۆ ئاسمان بەرزی کردەوە و بە تووڕەییەوە وتی: کەسانی وەکو تۆ بۆ مەرام و زەوقی خۆیان هەندە ئاماژەیان بە ئایەتەکانی ئەم قورئانە کردووە، لە ترسی خوا نەبیٚ، هیچی تر نایخوێنمەوە و وازیش لە نوێژ و ڕۆژیگرتن دەهێنم.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: سەدام حوسێن بۆ کۆمەڵکوژی کوردان و زیندەبەچاڵکردنی سەد و هەشتا و یەك هەزار کەسی بیٚ تاوان پشتی بە

سوورەتی ئەنفال بەست، ڕەجەب تەیب ئۆردوغانی سەرۆکی تورکیاش بۆ داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و قڕکردنی کوردان، پشتی بەست بە سوورەتی فەتح و هێرشەکانیشی ناو نا (چڵە زەیتوونی سەوز). ئەبوبەکر بەغدادیی سەرۆکی ڕێکخراوی داعشیش پشتی بەستووە بە سوورەتی (نساء) و ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر کە بوخاری و موسلیم لەبارەی جیهادی نیکاحەوە تۆماریان کردووە و تیایدا ئاماژەیان پێداوە، کە پێغەمبەر لە کاتی هێرشەکانیدا، ڕێگەی بەمجۆرە هاوسەرگیرییە زۆرەملێیە کردووە. بەم شێوەیە نزیکەی شەش هەزار و پێنج سەد کچ و ژنانی ئێزدی بێ تاوان لە لایەن داعشەوە بە ناوی جیهادی نیکاحەوە، بە زۆری دەستدرێژی سێکسییان کرایە سەر و تاکو ئێستەش هەندێکیان بێ سۆراخن، کەس نازانێ لە کوێن و چیان لێ هاتووە.

کە زانیم، هاوسەرەکەم زۆر تووڕەیە، شەریعەتی ئیسلامیش دادم نادات، لە مەرجەکەی ئەو بەو لاوە، هیچ بژاردەیەکی ترم لە بەر دەم نەماوە، بۆیە وتم: سەعاتێك دەرفەتم پێ بدەن تۆزێك بیر بکەمەوە، ئەوجا بڕیار بدەم، نەوەك لە پەلەییان بڕیارێکی وا بدەم، کە دواتر لێی پەشیمان ببمەوە.

وتی: باشە، لە بەر خاتری منداڵەکانمان، ئەم دەرفەتەت پێ دەدەم.

ئیتر ئەوەبوو، چوومە ژوورەکەی خۆم، تەلەفۆنم بۆ خۆشەویستە نوێیەکەم کرد، پێم وت: تۆ دەزانیت من تۆم خۆشدەوێت، کە پێم وتی (دەمەوێ هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم) لەگەڵت ڕاستگۆ بووم، بەڵام زۆر جار ئەو هەوایەی کە هەڵدەکات، مەرج نییە بە دڵی کەشتییەوان بێت. بۆیە هەرچەند لە پێناو خۆشەویستی نێوانمان، چوومەماڵی خوا و لێی پاڕامەوە کە بە یەکتریمان شاد بکات، بەڵام هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە و لە جیاتی ئەوەی بەیەك شاد بین، خەریکە ژیانی ماڵەوەمان تێك بچێت و ئەو پێوەندییە هاوسەرگیرییەی کە پتر لە چارەکە سەدەیەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەم هەمە، بپچڕێت.

ئەویش وتی: ناکات ئەویش بەو پێوەندییەی نێوانمانی زانیبێت؟

منیش وتم: ڕێك وایە، نوسخەیەکی هەمان ئەو وێنە و نامانەی کە بۆ تۆیان ناردبوو، لە زەرفێکدا بۆ کوڕە گەورەکەی منیان ناردبوو، ئەویش پیشانی دایکی دابوو.

کە ئەمەم وت، وتی: جا دەتەوێ چی بکەیت؟

وتم: خۆت دەزانیت، لەسەر قسەی تۆ، ماوەیەك پێش ئێستە چوومە ماڵتان و داوای دەستی تۆم لە باوکت کرد، وتی (کچەکەم شەرتە، قسەی لەگەڵ دەکەم و وەڵامت دەدەمەوە)، کەچی هەر بۆ ڕۆژی دوایی، وەڵامی دامەوە و پێی وتم (ئەم بابەتە دابخە، ئێمە کچی بە شوودانمان نییە، تۆ کەسێکی خێزانداریت و لە کچەکەی من بەتەمەنتری).

وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام چی دەبێت ئەگەر هەندێکی دیکە چاوەڕێ بکەین، بەڵکو دڵیان نەرم دەبێت و ڕازی دەبن؟

وتم: ئەگەر هاوسەرەکەم بە پێوەندییەکەمانی نەزانیبایە دەمانتوانی وا بکەین، بەڵام ئەو لە دوێنێوە کە بەم پێوەندییەی زانیوە ئۆقرەی لێ بڕاوە، منی سەرپشك کردووە لە نێوان دوو بژاردەدا، بژاردەیەکی تری بۆ نییە، یان دەبێ ئەو هەڵبژێرم و واز لە تۆ بێنم، یانیش دەسبەرداری ئەو بم.

کە ئەمەم وت، وتی: من پێم باشە هەندێکی تریش چاوەڕوان بین، بەڵکو خوا کارمان ئاسان بکات، هاوسەرەکەشت لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە؟

منیش وتم: خۆزگە لە لامان دەبوویت و دەتبینی چۆن لێم تووڕە بووە و منداڵەکانیشم هەر هەموویان لای دایکیان گرتووە و هیچ بژاردەیەکی تریان بۆن نەهێشتووەتەوە.

که ئەمەم وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: هەر زوو دەمزانی تۆ ئەم پێوەندییە دەپچڕێنیت و پەشیمان دەبیتەوە، چونکە هاوسەرەکەی خۆتت لە من زیاتر خۆشدەویست.

منیش وتم: چۆن دەزانی؟

وتی: لە بیرتە لە ڕۆژی ڤاڵەنتاین، بە بۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی، شووشە بۆنێکت بۆ من هێنا. منیش پێم وتی (بەو مەرجە لێت وەردەگرم، کە لە هەمان بۆن شووشەیەکیش بۆ هاوسەرەکەت بکڕیت و پێشکەشی بکەیت)، تۆش جانتایەکەت کردەوە و شووشە بۆنێکت لەناو دەرهێنا، پێت وتم (ئەوەتا شووشە بۆنێکیشم بۆ ئەو کڕیوە، من و ئەو بە خۆشەویستی هاوسەرگیریمان کردووە، چۆن لە بیری دەکەم).

منیش وتم: باوەڕم پێ بکە، من تۆشم لە دڵەوە خۆشویستووە، بەڵام دوای ئەوەی باوکت ڕەتی کردمەوە و ڕازی نەبوو هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، هیچ ئومێدێکم نەماوە، بۆیە بە باشی دەزانم بە خۆماندا بچینەوە، تۆ بە ڕێی خۆتدا بڕۆ، منیش بە ڕێی خۆم، ئەو خۆشەویستییەش کە لە نێوانماندا هەیە، وەکو نهێنییەك لەناو دڵمان گەورە بکەین.

که ئەمەم وت، لە پڕمەی گریانی دا و تەلەفۆنەکەی لە سەرم داخست.

**ئەو کتێبانەی کە چاپیکردوون لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا:**

- شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید.
- ونبوون – کۆمەڵە چیرۆک.
- دەرگە – کۆمەڵە چیرۆک.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان.
- ترحێو – کۆمەڵە چیرۆک.
- فەنتازیا – کۆمەڵە چیرۆک.
- هونەری نیگارکێشانی منداڵان.
- چەند وێستگەیەك.....ژیان و بیرەوەری.
- هاوسەرگیری و جیابوونەوە.
- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان – ڕۆمان

بیرەوەریی جەنگاوەرێك – ڕۆمان

خانمباز – رۆمان